

ئاسۆی حەسەن زادە

# فیدرالیزم بۆ کورد،
# فیدرالیزم بە کوردی

پێشکەش بە یادی 60 ساڵەی دامەزرانی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

ناوی کتێب:
فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی
نووسەر:
ئاسۆی حەسەن زادە
شوێن و رێکەوتی چاپ:
هەولێر، جولای 2005

رۆژی 16ی ئۆکتۆبری 2004، سیمینارێک لەسەر بزوتنەوەی کورد و ستراتیژیی فیدراڵی لە مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن بۆ بەرێز دوکتور مەحمود عوسمان و نووسەری ئەم دێرانە پێک هات. ئەم باسە کە هەر لەو سەروبەندەدا نووسراوە شیکردنەوە و هێنانە سەر کاغەزی ئەو قسانەیە کە نووسەری ئەم دێرانە لەو سیمینارەدا کردوونی.

سەبارەت بە سەردێری ئەم باسە پێویستە بگووترێ کە لەلایەک مەبەست لە برگەی یەکەمی ئەو سەردێرە، فیدرالیزم وەک ویستی سیاسیی ئەمرۆی کوردە، ئەگینا دەزانین کە لەباری حقووقی‌یەوە فیدراڵیی وەدیهاتوو فیدرالیزمی کورد نابێ، بەڵکوو کورد یەکێک لە پێکهاتەکانی ئەو فیدرالیزمە دەبێ کە دەکرێ لە هەرکام لەو وڵاتانەدا دابمەزرێ کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لەلایەکی دیکەوە و سەبارەت بە برگەی دووهەم، ئەوە بە هیچ جۆر بە مانای نەبوونی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر فیدرالیزم بە زمانی کوردی نیە. مەبەست لەو تیترە زیاتر پوخت کردنەوەی نێوەرۆکی باسەکەیە.

## پلان

سەرەتا

**بەشی یەکەم: مێکانیزمە حقووقی‌یەکانی فیدرالیزم**

1- فیدرالیزم لە دووتوێی تیئۆری را تا مەیدانی کردەوە

ئەلف. فەلسەفەی فیدرالی

ب. فیدرالیزم وەک سیستمی حکوومەتی

- کاراکتێرە نیهادی‌یە گشتی‌یەکانی فیدرالیزم

- فیدرالیزم و سیستمە بەڕێوەبەری‌یەکانی دیکە

. لە چوارچێوەی دەوڵەتدا

. لەدەرەوەی دەوڵەت

ج. چاوخشاندنێک بەسەر ئەزموونە فیدرالی‌یەکانی دنیادا

- کورتە مێژووی فیدرالی‌یەکان

- مەبەست لە فیدرالیزم

- رەوتی ئەزموونەکان

2- پرۆسەی فیدرالیزاسیۆن

ئەلف. رێوشوێنی دامەزراندنی سیستمی فیدرالی

ب. فیدرالیزم و مافی چارەی خۆنووسین

- مافی جیابوونەوە

- لە فیدرالزمدا کێ سەروەرە؟

ج. سروشت و ژمارەی هەرێمەکان

- چوارچێوەی جوغرافیایی دەوڵەتی ناوەندی

- فیدرالیزمی سیاسی و فیدرالیزمی ئیداری

- مەسەلەی نەتەوەیی بوونی فیدرالیزم

- گرینگیی ژمارەی هەرێمەکان

د. گۆڕانکاری لە هەرێمەکاندا و چۆنیەتیی دیاریکردنی سنوورەکانیان

3- دابەشکردنی دەسەڵات

ئەلف. تیپۆلۆژی و پرەنسیپە گشتی‌یەکانی بەشینەوەی دەسەلات لە سیستمی فیدرالیدا

– بەرابەری یا نابەرابەریی هەرێمەکان لە سەلاحییەتەکانیاندا
– دەسەلاتی دیاریکراو و دەسەلاتی بەجێماو
– چەشنایەتیی دەسەلاتەکان بەپێی دەخالەتی دەوڵەتی فیدرال
– دەسەلاتی هەرێمەکان، پێوەری پلەی سانترالیزم لە فیدرالیزمدا

ب. روونکردنەوەی دەسەلاتەکان لە هێندێک بواری تایبەتی‌دا

– جێگای هەرێمەکان لە پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی دەوڵەتی فیدرالدا
– سەلاحییەتی خۆسازدانی نیهادیی هەرێمەکان
. ئۆرگانە سیاسی‌یەکان
. ئۆرگانە قەزایی‌یەکان
– سەلاحییەتی دارایی و سەروەتی
. مالییات
. کانزا و سەرچاوە سروشتی‌یەکان

<u>4– بەشداریی هەرێمەکان لە ناوەندا</u>

ئەلف. بەشداریی راستەوخۆ و پێداچوونەوەی دەستوور

ب. بەشداریی ناراستەوخۆ

– لە نیهادەکانی یاساداناندا
. رادەی دەسەلاتی ژووری بالا
. واقعییەتی نوێنەرایەتیی هەرێمەکان لە سەنادا و شێوەی دیاریکردنی
– لە حکوومەت و نیهادە بەرێوەبەری‌یەکاندا
– لە دەسەلاتی قەزاییدا

<u>5– مێکانیزمە دەستەبەری‌یەکانی پەسند کردنی یاسا</u>

<u>6– مێکانیزمەکانی بەجێگەیاندن و هاوکاری</u>

<u>7– مێکانیزمەکانی کۆنترۆڵی یەکتر</u>

ئەلف. کۆنترۆڵی ناوەند لەسەر هەرێمەکان

ب. کۆنترۆلی هەرێمەکان لەسەر ناوەند

<u>8– چارەسەری کێشەکان</u>

<u>9– لایەنە زمانی– فەرهەنگی‌یەکان و مافی کەمایەتی‌یەکان</u>

ئەلف. سیاسەتی زمانەوانی
ب. پارێزگاریی کەمایەتی‌یەکان
10- ستراتیژیی هەرێم و پرۆسەی سیاسیی سەراسەری
ئەلف. چوارچێوەی پرۆسەی ئەحزاب
ب. سیستمی هەڵبژاردن
11- باری تاکەکەسی و مافی هاووڵاتی

**بەشی دووهەم: پارامێترە سیاسی‌یەکانی فیدرالیزم**

1- فاکتۆرەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزم
ئەلف. ڕەزامەندیی گەلانی وڵات و پابەندی بە ئوسووڵی فیدرالیزم
ب. دێموکڕاسی
ج. کێشەی نەتەوایەتی
د. فاکتۆری نێونەتەوەیی
- گەرەنتیی نێودەوڵەتی
- دەوروبەری ناوچەیی
ە. پێشینەی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن
و. لایەنی ئابووری
- فیدرالیزم و گەشەکردن
- وێکچوونی باری ئابووریی هەرێمەکان وەک پێشمەرجی فیدرالیزم؟
ی. هەڵوێستی نوخبەکان
2- فیدرالیزم لە کۆنتێکستی ئێراندا
ئەلف. پێویستی، گونجاوی و دەرەتانی فیدرالیزاسیۆنی ئێران
ب. دوێنێ و ئەمڕۆی سیاسەت و هەڵوێستەکان
3- فیدرالیزم بۆ کورد
ئەلف. بزووتنەوەی کورد و فیدرالیزم
ب. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و فیدرالیزم
ئەنجام

## سەرەتا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەتای مانگی ژووئیەی 2004ی زایینی، پاش 59 ساڵ خەبات بۆ دێموکراتیزاسیۆنی ئێران و خودموختاریی کوردستان، دروشمی ستراتژیکی خۆی کرد بە "دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا".[1] پەسند کرانی داخوازیی فیدرالیزم لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وەک گەورەترین هێزی سیاسیی کورد لە ئێران بە خاڵێکی زۆر گرینگ و سەرەتای فەسڵێکی نوێ لە مێژووی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و خەباتی ئەو حیزبە بەتایبەتی لە قەڵەم دەدرێ. ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵێک ئاکام و دەرەنجامی هەمەچەشنی هەیە کە هەرکامەیان هەر لە ئێستاوە و لە شوێنی خۆیدا شایانی تێڕوانین و هەڵسەنگاندن و ساغکردنەوەن.

ئاکامەکانی ستراتژیی نوێ دەکرێ لە روانگەی جۆربەجۆرەوە هەڵبسەنگێندرێن. لەو روانگەیەوە کە ئێمە لێرەدا بۆی دەچین، دەکرێ تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەمان بەشێوەی خوارەوە دابەش بکەین :

دانانی فیدرالیزم لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەجێی خودموختاری، لەباری حقووقی و نێوەرۆکی ویست و داخوازەکانی گەلەکەمانەوە شوێنی راستەوخۆ لەسەر وتاری سیاسیی ئەم حیزبە دادەنێ و بە شێوەیەکی بنچینەیی دەیگۆڕێ. هەربۆیە لە یەکەمین هەنگاوەکانی ژێرخان سازکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجە پێویستە بە شێوەیەکی روون و دیاریکراو نێوەرۆکی فیدرالیزمی داواکراو روون بکرێتەوە. بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە بە پشت بەستن بە ئەزموونی دوێنێ و ئەمڕۆی گەلان و دەوڵەتانی دیکەی دنیا سەرنج بدرێتە دوو کۆمەڵە مەسەلە کە بریتیین لە لایەنە یاساییەکانی فیدرالیزم (بەشی یەکەم) و لایەنە سیاسییەکانی فیدرالیزم (بەشی دووهەم).

کەوابوو لەپێشدا دەبێ هەوڵ بدەین بناخە تیئۆری و مێکانیزمە حقووقییەکانی فیدرالیزم بناسین بۆ ئەوەی لە مانا و جۆرەکانی فیدرالیزم و لە رێوشوێنەکانی و

---

[1] بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەسند کراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، فەسڵی یەکەم، بەندی 3.

لەو دەرەتانانە و هەروەها لەو کێشانە کە پێکیان دێنێ تێبگەین. بەڵام وەدیهێنانی ئامانجی فیدرالیزم وەک هەر ویست و داخوازێکی دیکەی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە لایەنە سیاسی و عەمەلی‌یەکانیشی هەڵبسەنگێندرێن بۆ ئەوەی روون بێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو فاکتۆرانە چین کە لە سەرکەوتن یا شکستی فیدرالیزمدا نەخشیان هەیە. هەر لەو کاتەدا دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتی چاو بگێڕین داخوا بە کردەوە و لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ واقعییاتی مەیدانیی ئەو وڵات یا ناوچەیەی لە نەزەرماندایە دەرەتان و پێویستی‌یەکانی کامانەن. بۆ ئەمەش دەبێ هەم سەبارەت بە رادەی گونجان و چۆنیەتیی دابەزاندنی ئەو سیستمە لەو ناوچە یا وڵاتە دیاریکراوەدا لەخۆمان بپرسین و هەم ئەو ئامانجە بخەینە چوارچێوەی دیالێکتیکی نێوان هێز و ئەکتەرەکانی مەیدانی سیاسی وڵات و ناوچەکە، بۆ ئەوەی بە قامک دانان لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانیان کاناڵ و شێوازەکانی بەرنامەرێژی بۆ فیدرالیخوازی دیاری بکرێن.

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەسڵی باسەکە رەنگە فۆرموولە کردنی تێبینیەکیش سەبارەت بە زەروورەت و مەوزووعییەتی روانینی تەکنیکی و وردەکاری‌یانەی ئەو باسانە بێسوود نەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ستراتژیی فیدرالیدا دوو بۆچوونی بەرگێڕەوە (بازدارندە) هەن کە لێر و لەوێ دەیان بیسین و نووسەری ئەم دێرانە لەگەڵ هیچیان نیە: یەکیان ئەوە کە سیاسەتوانان پاش هەڵبژاردنی ئەو سیستمە وەک دروشمی ستراتژیک دەبێ بە دیاریکردنی خەتە گشتی‌یەکانی قەناعەت بکەن و وردەکاری و لایەنە تەکنیکی‌یەکانی بۆ مافناسان و بۆ کارناسانی شارەزای ئەو بوارە بێڵنەوە. راستە فیدرالیزم سیستمێکی نیهادیی ئاڵۆزە کە دەکرێ لق و پۆپ و وردەکاریی زۆریی لێ ببنەوە. بەڵام لەمەولا فەلسەفەی وجوودیی خەباتەکەمان بە فیدرالیزمەوە گرێ دەدرێ و ئەو سیستمە دەبێ بە قەلبی مەسەلەکەمان. هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەو ئامانجە هەیە و بۆ وەدیهاتنی تێدەکۆشن ئەوەیە کە لە روانگە جۆربەجۆرەکانەوە فیدرالیزم باشتر بناسن و باشتریش بیناسێنن، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کە (وەک دواتر لە بەشی پێوەندیدار بە هەڵوێستی نوخبەکاندا باسی دەکەین) سەرکەوتنی ئەو سیستمە بە رادەیەکی زۆر بە هەبوونی کادری پسپۆڕەوە بەندە. کادری پسپۆر بۆ هەر سیستمێکی حکوومەتی بواری تایبەتیی شارەزایەتیی هەرچی بێ، لانی کەمی شتێک

کە لێی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە کە مێکانیزمە نیهادی و حقووقییەکانی ئەو سیستمەی کاری تێدا دەکا بەباشی بناسێ. ئەوە جیا لەوە کە بۆ ئەندامانی حیزبێکی سیاسی ئەو ئەرکەش زیاد دەبێ کە موبەللیغێکی باشی هەر سیاسەتێک دەبێ بۆخۆی نێوەرۆکی ئەو سیاسەتە بە باشی بناسێ.

بۆچوونێکی دیکە کە ئەویش وا باشە نەهێڵین لە ژووری قەناعەتماندا پاڵ بداتەوە ئەوەیە کە بڵێین کورد بەتەنێ ناتوانێ بڕیار بدا چ سیستمێک یا چ جۆرە فیدرالیزمێک بۆ وڵاتەکەی هەڵدەبژێرێ، هەربۆیە مادام جارێ کاتی ئەو پرس و بڕیارانە نەهاتوە، نابێ بە وەکیلایەتیی خەڵکانی دیکە هەر لە ئێستاوە قسەی لێ بکەین. مرۆڤ بۆوەی لە فکری بنیاتنانی خانووبەرەیەکی باش بۆخۆیدا بێ پێویست ناکا راوەستێ ماڵەکەی ئێستای بەسەریدا بڕووخێ ئینجا..! راستە ساغبوونەوە و پەسند کردنی سیستمی یەکجاریی بەڕێوەبردنی وڵات ئەرکی هاوبەشی هەموو خەڵک بە هەموو پێکهاتەکانیەوەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ سیستمی هەڵبژێراو جێگای پەسند و دڵخوازمان بێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە بزانین چیمان دەوێ هەتا لە هەوڵی زەمینە سازی و زێهنیەتسازی‌یەکەیدا کاریگەرتر و سەرکەوتووتر بین.

## بەشی یەکەم:

# میکانیزمە حقووقییەکانی فیدرالیزم

مەبەستمان لە میکانیزمە حقووقی‌یەکانی فیدرالیزم کۆمەڵێک پرس و پرەنسیپ، چوارچێوە و رێوشوێنی یاسایی و نیهادی‌یە کە یان کاکڵ و نێوەرۆکی ئەو سیستمە بە گشتی پێک دێنن یان لە هێندێک لەو فیدرالی‌یانەدا مەوزووعییەتیان هەیە. ئەو بەشە لە باسەکەمان زۆرتر تیئۆریک دەبێ (بەڵام تیئۆریک بەو مانایە نا کە سیرفەن موجەررەد بێ) و تێ‌دەکۆشین هێندێک لایەنی پێوەندیدار بە تیئۆری و کردەوەی فیدرالیزم، پرۆسەی فیدرالیزاسیۆن، دابەشکردنی دەسەڵات، پیادەکردنی ئەسڵەکانی بەشداری و سەربەستی، میکانیزمەکانی بەجێگەیاندن وکۆنترۆڵ و چارەسەری کێشە، مەسەلەی زمان، پرۆسەی سیاسی، باری تاکەکەسی، و... هتد روون بکەینەوە .

## 1– فیدرالیزم لە دووتوێی تیئۆری ڕا تا مەیدانی کردەوە

فیدرالیزم هەم فەلسەفەیەکی سیاسی‌یە هەم سیستمێکی حکوومەتی. سەرەڕای بوونی کاکڵێکی هاوبەش لە فیدرالیزمدا، روانین و بەجێگەیاندنی زۆر جۆراوجۆر لە فیدرالیزم کراوە و رەنگە ئەگەر لەجیاتی فیدرالیزم بڵێین "فیدرالی‌یەکان" دروستتر بێ. پاش خستنە رووی خێرای ئەو دوو شێوە دیتنە لە فیدرالیزم، هەوڵ دەدەین چاوێک بەسەر ئەزموونە فیدراڵی‌یەکانی دنیادا بخشێنین بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە هەڵسەنگاندنێکی گشتیمان لەبارەیاندا بێتە دەست .

### ئەلف. فەلسەفەی فیدرالی

زۆربەی بیرمەندەکانی زانستی سیاسی کە سەرنجیان داوەتە فیدرالیزم (کانت، رووسۆ، مۆنتێسکیۆ، تۆکڤیل، ئارۆن، پرۆدۆن، سێل، ... هتد) و تەنانەت ئەوانە کە داهێنەری چەمکە مەترسیدارەکانی وەک ئێتاناسیۆن (دەوڵەتی میللەتی) بوون، بە ستایش و هۆگری‌یەوە بۆ ئەو سیستمە چوون و فیدرالیزمیان وەک بناخەیەک بۆ ئاشتی، نوێنگەی رێککەوتنی هاوولاتییان، و ئامرازی ئاشت کردنەوەی بوونی دەوڵەت لەگەڵ ئازادیی ئینسان چاو لێ کردوە .

بەڵام بیرمەندەکانی زانستی سیاسی و حقووقی سیاسی فیدرالیزمیان تەنیا بە سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دانەناوە و لەو باوەڕەدا بوون کە پرەنسیپە فیدرالی‌یەکان بەو هۆیە کە هاوکێشەیەک لەنێوان یەکێتی و هەمەرەنگیدا پێک دێنن، دەکرێ و پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی هەرچەشنە لەشێکی کۆمەڵایەتی لە هەر ئاست و بوارێکدا بەکار ببرێن. بۆ وێنە بەپێی تیئۆریی فیدرالیزمی ئینتێگرال (هەمەلاگیر) فیدرالیزم ئیدئالی پشکووتن و گەشەکردنی کۆمەڵە جۆر بە جۆرە ئینسانی‌یەکان لە هەر جێیەک و دیاردەیەکی خۆڕسک و رەوتێکی سروشتی‌یە کە بوونی هاوپێوەندی (همبستگی) لە ئاستە جۆربەجۆرە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکانی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەردەبڕێ.[2]

سەبارەت بە فەلسەفەی فیدرالی، روانینەکانی هزرڤانی فەڕانسەیی، ئالێکسی دو تۆکڤیل شایانی سەرنجپێدانی تایبەتین. تۆکڤیل کە زۆر هۆگری سیستمی سیاسیی ئەمریکا بوە وساڵی 1835 کتێبێکی بەناوی "لەبارەی دێموکراسی لە ئەمریکادا" نووسیوە، بەشێوەیەکی سروشتی فیدرالیزمیشی کەوتۆتە بەر دڵ و فیدرالیزمی وەک داهێنان(اختراع) ی گەورەی زانستە سیاسی‌یەکان وەسف کردوە. ئەو پاش قبووڵ کردن و پێشبینی کردنی ئەو راستی‌یە کە ئاڵۆزی‌یەکانی جیهانی مۆدێرن پێویستیی وەسەریەکخستن و هاوبەش کردنی حوکمڕانیی سیاسی دەسەپێنێ، مەترسیی سانترالیزم لە حوکمڕانیدا بە یەکێک لە ئاکامە بەد و نەخوازراوەکانی دێموکڕاسی دادەنێ و پێی وایە بە دژی ئەو دیاردەیە فیدرالیزم دەتوانێ بە باشترین شێوە هەم دەسەڵات لە رادەی خوازراودا رابگرێ و هەم پلورالیزم دەستەبەر بکا.[3]

بەڵام وەک بۆ زۆر دیاردە و چەمکی دیکە دژایەتیی فیکریی جۆراوجۆریش لەنێوان بیرمەندەکاندا لەپێوەندی لەگەڵ فەلسەفەی فیدرالیزمدا هەبووە، و بەتایبەتی جێگای دەوڵەت لە فیدرالیزمدا مەسەلەیەکە کە فەیلەسوفە سیاسی‌یەکانی لە دژی یەکتر قووت کردۆتەوە. لە سەدەی نۆزدەدا تیئۆریسیەنە ئاڵمانی‌یەکانی حقووقی سیاسی وەک یەلینێک و گێربێر هەوڵ دەدەن دەوڵەتسازی و بەهێزکردنی

---

[2] ROEMHELD, Lutz, *Integral Federalism : Model for Europe?,* P. Long, Frankfurt 1990.

[3] TOCQUEVILLE, Alexis de, *De la démocratie en Amériaque*, Paguerre, Paris 1948.

دەسەڵاتی سیاسیی ناوەند بکەنە ئامانجی چەمکە تیئۆریکەکانیان و تێدەکۆشن ئامرازە فیکرییە تازەکانی دەستەبەر کردنی سەروەریی دەسەڵات بخوڵقێنن. بۆوان سیستمی سیاسی هەرچییەک بێ، پێویستە دەسەڵاتی دەوڵەت بەهێز بێ و نەزمی حقووقیی نێوخۆییش لە بەرامبەر نەزمی نێونەتەوەییدا جودا و سەربەخۆ بێ. لە سەدەی بیست و لە بەرامبەر واندا بیرمەندە ئوتریشی و فەرانسەیی‌یەکانی وەک هانس کێلسێن و ژۆرژ سێل هەر لەو کاتەدا کە فیدرالیزم وەک ئامرازێکی هزری بەدژی قودسییەتی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار دەبەن، خەونیش بەوەوە دەبینن کە هەموو کۆمەڵە سیاسی‌یە ئینسانی‌یەکانی جیهان بە جۆرێک فیدرالیزە بکرێن کە بتوانین باسی فیدرالیزمی جیهانی بکەین و پێیان وایە کە نەزمی حقووقیی نێوخۆیی دەبێ بەشێک بێ لە نەزمی نێونەتەوەیی و پەیڕەویی لێ بکا.[4]

ئەو کێشەیە کە دیارە فراوانتر لە بازنەی فیدرالیزمە و فیدرالیزم دەکێشێتە نێو پرسی پێوەندیی نێوان نەزمی نێوخۆیی و نەزمی نێونەتەوەیی بە کێشەی نێوان مۆنیستەکان و دووالیستەکان بەناوبانگە: ئەوانەی پێیان وایە کە دەبێ نەزمی حقووقیی نێوخۆیی بەشێکی تابع و موتیع لە نەزمی حقووقیی نێونەتەوەیی بێ بە مۆنیست یا یەکانەخواز بەناوبانگن و ئەوانەش کە لەپێناو پاراستنی سەروەریی دەوڵەتدا ئەو دوو نەزمە لێک جیا دەکەنەوە دووالیست یا دووانەییخوازن.[5] وەک دواتر دەیبینین ئەو مەسەلەیە لە فیدرالیزمدا و لە پێوەندی لەگەڵ سەروەری و بەشێک لە دەسەڵاتەکاندا مانایەکی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێ .

## ب. فیدرالیزم وەک سیستمی حکوومەتی

فیدرالیزم وەک سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش بەشێوەی جۆراوجۆر کێشراوەتەوە و جێبەجێکردنی ڕەنگاورەنگی لێ کراوە. بەو حاڵەش هەموو سیستمە

---

[4] FRIEDRICH, Carl J., *Tendances du fédéralisme en théorie et en pratique*, Institut belge de sciences politiques, Bruxelles 1971.

[5] لە کردەوەدا جیاوازیی ئەو دوو سیستمە بۆ نموونە لەوەدایە کە لە سیستمە دووالیستەکاندا کاتێک دەوڵەت ڕێککەوتنێکی نێونەتەوەیی ئیمزا دەکا، بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە بچێتە نێو نەزمی حقووقی نێوخۆیی ئەو وڵاتە، دەبێ لەپێشدا یاسایەکی نێوخۆیی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە لە خۆیدا جێ بکاتەوە، لەحاڵێکدا لە سیستمە مۆنیستەکاندا بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە لە ئاستی نێوخۆییدا ئیعتباری حقووقیی هەبێ پێویستی بە یاسایەکی لەو بابەتە نیە.

فیدراڵی‌یەکان لانیکەم کاکڵێکی نیهادیی هاوبەشیان هەیە، بەچەشنێک کە پێویستە فیدرالیزم لە سیستمە بەڕێوەبەری‌یەکانی دیکە (دێکۆنسانتراسیۆن، دێسانترالیزاسیۆن، ناوچەگەرایی، پێوەندیی فیدراڵی، یەکیەتیی دەوڵەتان، کۆنفیدرالیزم، ئینتگراسیۆنی سوپراناسیۆنال، ... هتد) جیا بکرێتەوە:

## – کاراکتێرە گشتی‌یە نیهادی‌یەکانی فیدرالیزم

موتالای فیدرالیزم وەک سیستمی حکوومەتی دەکەوێتە چوارچێوەی فۆرمی حقووقیی دەوڵەتەوە. بەبێ سەرنجدان بە سیستمی سیاسیی دەوڵەت، فۆرمی دەوڵەت لە بناخەوە بەسەر دوو جۆری سادە و ناسادەدا دابەش دەبێ. بۆ سادەکردنەوە دەتوانین بڵێین کە جیاوازیی سەرەکیی فۆرمی سادە و ناسادەی دەوڵەت لە سروشتی دابەشکردنی دەسەڵاتدایە. بەو مانایە کە ئەگەر لە دەوڵەتی سادەدا دابەشکردنی ئاسۆیی دەسەڵات پرەنسیپی نیهادیی ئەسڵیی قەوارەی حکوومەتی‌یە، لە دەوڵەتی ناسادەدا ئەو پرەنسیپە نیهادی‌یە بنچینەیی‌یە دابەشکردنی ستوونیی دەسەڵاتەکانە. واتە لە دەوڵەتی ناسادەدا ئەگەر لەلایەک لە ناوەندا دەکرێ دەسەڵاتە ئەسڵی‌یەکانی یاسادانان و بەجێگەیاندن و دادوەری لێک جیا بکرێنەوە و پێوەندیی نێوانیان بە جۆرێک رێک بخرێ کە سیستمی هاوسەنگیی و چاوەدێریی نێوان دەسەڵاتەکان (چێکن بالانس) وەدی بێ، لەلایەکی دیکەوە جوغرافیای وڵاتیش دەکرێتە بناخە و چوارچێوە بۆ سپاردنی توانای خۆبەڕێوەبردن بە ناوچەکان و بەشداریش لە دەسەڵاتی ناوەندیدا .

دیارە هەروەک لە خوارەوە دەیبینین لە دەوڵەتانی سادەشدا دەکرێ شایەتی سپاردنی رادەیەکی کەم یا زۆر لە دەسەڵاتەکان بە یەکە جوغرافیایی‌یەکان بین کە جاری وایە دەکرێ سروشتێکی سیاسییشیان هەبێ، بەڵام کاراکتێرێک کە دەوڵەتێکی ناسادە لە دەوڵەتێکی سادە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە دەوڵەتی سادەدا تەنیا یەک نەزمی حقووقیمان هەیە، لە حاڵێکدا لە دەوڵەتی ناسادەدا لەبەر ئەوەی یاسا و دەسەڵات دوو سەرچاوە و دوو چوارچێوەیان هەیە، دوو نەزمی حقووقی هەن کە بریتیین لە دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکان. ئەو دوو ئاستەی نەزمی حقووقی وەک دوو چینی تەنێک دەچن کە یەکیان لەسەر ئەوی دیکە دانرابێ (ئەسڵی ترانسپۆزیسیۆن)، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو دوو چین یا دوو ئاستە

حقووقی‌یە دوو ئاستی رەق و تەواو لێک جیا بن.بەڵکوو چ بەشێوەی ستوونی (لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵدا) و چ بە شێوەی ئاسۆیی (لەنێوان هەرێمەکاندا) نیهادە جۆربەجۆرەکان دەکرێ یان پێکهێنەر و تەواوکەری یەکتر بن یان هاوکاریی یەکتر بن و بە زۆر پلە و شێوە تێک بهاڵێن .

دوو ئەسڵی هەرە ناسراو و بناخەیی لە فیدرالیزمدا ئەسڵی بەشداری و ئەسلی سەربەستیین. ئەسڵی یەکەم بەو مانایەیە کە یەکە جوغرافی‌یەکانی وڵات (هەرێمەکان) بە شێوەی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی سەرجەم وڵاتدا شەریکن. ئەسڵی دووهەمیش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر ئەو هەرێمانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا سەربەست و خودموختارن. وەک دواتر نیشانی دەدەین، نێوەرۆک و وردەکاری‌یەکانی بەجێگەیاندنی هەردووکی ئەو ئەسڵانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەکرێ زۆر جیاواز بێ.

ئەسڵێکی ناسراوی دیکەی فیدرالیزم ئەسڵی "سوبسیداریتی"یە کە لە راستیدا وەک پرەنسیپێکی ئەڵقە لەنێوان ئەسڵی بەشداری و ئەسڵی سەربەستیدا خۆ دەنوێنێ. مانای ئەو ئەسڵە ئەوەیە کە سەڵاحییەتی یاسادانان و راپەراندنی کاروبار بۆ هەر بوار و بابەتێک دەبێ بەو ئاستە بسپێردرێ کە بوار و بابەتەکەی لێ هەڵکەوتووە و هەتا ئەو کاتەی ئۆرگانی هەرە نزیک بە کاروبار و کێشەکە توانای ئەنجامدان و چارەسەری هەیە، ئۆرگانێکی سەرووتر نابێ خۆی تێهەڵقورتێنێ .

با هەر لێرەدا ئەوەش زیاد بکەین کە فیدرالیزم بەو مانایە نیە کە لە وڵاتێکدا تەنیا دوو ئاستی ستوونیی دابەشکردنی ستروکتووری بەڕێوەبەریمان هەبێ و هیچی دیکە. لەلایەک دەکرێ هێندێک ناوچەی وڵات لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا خودموختاری‌یان هەبێ. لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتی فیدرالیش وەک هەر دەوڵەتێکی دیکە دەتوانێ لە دیزاین (کێشانەوە)ی دابەشکردنی ئیداریی وڵاتدا چەندین ئاست و قەوارەی وەک ئوستان، بەخش و کۆمۆن و ...ی هەبێ کە بەپێی ئوسوولی دیموکراتیک ئەوانیش لە پرەنیسپی خۆبەڕێوەبەری سوود وەردەگرن.

### – فیدرالیزم و سیستمە بەڕێوەبەری‌یەکانی دیکە

هێندێک سیستمی بەڕێوەبەریی سیاسی هەن کە هێندێک عونسوری وێکچوویان لەگەڵ فیدرالیزم تێدایە، بە چەشنێک کە جاری وایە بە جۆرێک لە پرەنسیپە فیدرالی‌یەکان نزیک دەبنەوە کە دەکرێ بڵێین جیاوازی‌یان لەگەڵ فیدرالیزم زۆرتر

لە پلە و رادەدایە نەک لە جۆر و چەشندا. با ئەو سیستمە بەڕێوەبەرییانەی پێویستە لە فیدرالیزم جیا بکرێنەوە بەسەر دوو دەستەدا دابەش بکەین:

. دەستەی یەکەم ئەو سیستم یان باشترە بڵێین ئەو تێکنیکە نیهادییانەن کە لە ژێرەوەی دەسەلاتی دەوڵەت و لە چوارچێوەی دەوڵەتانی سادەدا ڕێک دەخرێن بۆ ئەوەی ئۆرگانە بەڕێوەبەرییەکان لە خەڵک و لە شوێنی پێوەندیدار بە کاروبارەکان نزیکتر بکرێنەوە. ئەنگیزەی ئەو کارە دەکرێ هەر ئەو شتانە بن کە لە فیدرالیزم دا تووشیان دەبین واتە هۆکاری وەک دێموکراتیزاسیۆنی زیاتر، مەسەلەی کولتوری و ئێتنیکی، یان تەنیا ئامانجی کاریگەرتر کردنی بەڕێوەبەری، ... هتد. ئەگەر بە تەرتیبی دانی کەمترین رادەی دەسەلات بۆ زۆرترین رادەی دەسەلات تێکنیکە نیهادییەکانی ئەم دەستەیە ریز بکەین، قاتبەندییەکی لەو بابەتەمان دێتە دەست:

## "دێکۆنسانتراسیۆن"

دێکۆنسانتراسیۆن مانای کەڵەکە نەکردن، بڵاو کردنەوە و لە ناوەندا نەهێشتنەوە دەدا و تێکنیکێکە کە لە دەوڵەتێکی سانترالیزەدا کە سەرچاوەی هەموو دەسەلاتێک ناوەندە بەکار دەبرێ. لە دێکۆنسانتراسیۆندا هیچ دەسەلاتێک لە دەوڵەتەوە حەواڵەی نیهاد یا قەوارەیەکی ناوچەیی ناکرێ کە هی دەوڵەت نەبێ، بەڵکوو تەنیا هەوڵ دەدرێ کە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان هەموویان لە پێتەختی وڵات کۆ نەبنەوە و دەوڵەت کۆمەڵێک نیهاد و لێپرسراوی خۆی وەک فەرماندار، ئوستاندار، سرویسی ناوچەیی دەوڵەتی و هی دیکە لە تەواوی ناوچەکانی وڵاتدا بڵاو دەکا. وەک شارەزایەکی حقووقی سیاسی زۆر جوان تاریفی کردوە لە سیستمی دێکۆنسانتراسیۆندا کوتکەکە هەمان کوتکە، ئەوەندە نەبێ کە دەسکەکەی کورتترە.[6]

دەکرێ بڵێین کە هیچ سیستمێکی حکوومەتی لە دنیادا نابینین کە تێکنیکی دێکۆنسانتراسیۆن کەم یا زۆر بەکار نەبا و دێکۆنسانتراسیۆن لانی کەمی ورد و خاش کردنێکی دەسەلاتە کە دەوڵەت دەبێ بیکا.

[6] TURPIN, Dominique, *Droit constitutionnel*, 1er Cycle, 1993, pp. 50-70.

## "دێسانترالیزاسیۆن"

دێسانترالیزاسیۆن یانی نەهێشتنی دەسەڵات لە ناوەنددا. وشەی دێسانترالیزاسیۆن دەکرێ بۆ هەموو ئەو مێکانیزم و سیستمە بەڕێوەبەرییانە بەکار ببرێ کە ئامانجیان کەمکردنەوە و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ناوەندە و تەنانەت خودی فیدرالیزمیش جۆرێکە لە جۆرەکانی دێسانترالیزاسیۆن. بەکارهێنانی ئەو چەمکە بەو مەبەستە هەڵە نیە، بەڵام ئەگەر وەک تێکنیکی نیهادی بۆ مەسەلەکە بچین، دێسانترالیزاسیۆن شێوەیەکی دیاریکراو لە ناناوەندی کردنە. ئەگەر ئامانجی دەوڵەت لە دێکۆنسانتراسیۆندا تەنیا ئامانجێکی ئیدارییە و بەس، لە دێسانترالیزاسیۆندا ئامانجەکە ئامانجێکی سیاسییە کە بریتییە لەوەی رادەیەک توانای بەڕێوەبردن و هەروەها هێندێک دەسەڵاتی وردکردنەوەی یاسا(نەک یاسادانان) لە هێندێک بواردا بدرێ بە کۆمەڵێک ئۆرگان و نیهادی هەڵبژێراوی ناوچەکانی وڵات کە بۆ نموونە لە دەستووری فەرانسەدا بریتین لە ناوچەکان، ئوستانەکان، بەخشەکان و کۆمۆنەکان (مادەی 72 ی دەستووری 1958 و یاسای مارسی 1982). ئەو کۆمەڵە نیهادە ناوچەییانە بەشێک نین لە ئیدارەی دەوڵەت، کەسایەتیی حقووقیی خۆیان هەیە و مەعموولەن دەوڵەت کۆنترۆڵی ئیداریی بەسەریاندا نیە و زۆرتر لەسەر بناخەی یاسا و لە کاناڵی قەزاییەوە چاوەدێریی هەڵسوکەوتیان دەکا. لە دێسانترالیزاسیۆندا تەواوی جوغرافیایی وڵات وەک یەک بەسەر چەندین یەکەی بەڕێوەبەریدا دابەش دەبێ و سەڵاحییەتە ئیدارییەکانیشیان وەک یەک و بەقەرا یەکن.

هەڵبەت ئەوە کە دەڵێین مەبەستی دەوڵەت لە دێسانترالیزاسیۆن مەبەستێکی سیاسییە بەو مانایە نیە کە دەسەڵاتی بەخشراو بە ئۆرگانە ناوچەییەکان سروشتێکی مسۆگەر سیاسیی هەبێ. ئەوە لە نیهادەکانی تەکنیکێکی سێهەمدایە کە ئەو سروشتە سیاسییە بەدی دەکرێ:

## "رێژیۆنالیسم"

"رێژیۆنالیسم" واتە هەرێمگەرایی. لە رێژیۆنالیسیمدا رادەی دەسەڵاتەکان زۆر فراوانتر و سروشتیشیان سیاسییە، توانای وردکردنەوەی یاسا جاری وایە لە یاسادانان نزیک دەبێتەوە. بە پێچەوانەی دێسانترالیزاسۆن کە لەودا بنەمای

مەوجوودییەتی ئوستانەکان لەرزۆک و زۆرتر یاسایی‌یە، لە ریژیۆنالیزمدا بوون و مانەوەی هەرێمەکان بناخە و دەستەبەری دەستووری‌یان هەیە .

نموونەی ناسراوی ئەو تێکنیکە ئینگلستانە کە لەوێ لە کۆتایی ساڵەکانی 1970 بەدواوە پارلمانی وێستمینیستێر کۆمەڵێک دەسەلاتی بەربلاوی بەپێی ئەسڵی "دیڤۆلووشن" (وەکالەت) رەوانەی پارلمانە ناوچەیی‌یەکانی وێلز و ئیسکاتلەند و هەروەها ئیرلەند کرد. خودموختاری‌یەکانی ئیسپانیا و ئیتالیاش هەر دەبێ وەک بەجێگەیاندنی ریژیۆنالیزاسیۆن چاو لێ بکرێن. لە ئیسپانیا هەموو ناوچەکانی وڵات لەسەر بناخەی دەستوور خودموختاری‌یەکی بەربلاویان هەیە کە دیارە رادەکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. بە پێچەوانەی وڵاتێکی وەک بۆ نموونە فینلەند کە هەموو ناوچەکانی خودموختار نین، لە وڵاتێکی وەک ئیسپانیادا کە ریژیۆنالیسمێکی سەرتاسەری کرابێ، ناوچە خودموختارەکان بە جۆرێک لە دەسەلاتی ناوەندیشدا شەریکن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەشداری‌یە کەمرەنگترە و هەروەها لەبەرئەوەی ناوچەکان دەسەڵاتی دەستووری و قەزایی تایبەت بە خۆیانیان نیە، ناکرێ بە فیدرالییان لە قەڵەم بدەین.

## پێوەندیی فیدرالی

پێوەندیی فیدرالی یان "فێدێراسی" ش یەکێک لەو سیستمە بەڕێوەبەری‌یانەیە کە نابێ لەگەڵ خودی فیدرالیزم تێکەڵ بکرێن. لە پێوەندیی فیدرالیدا هەموو وڵات فیدرالیزە ناکرێ، بەڵکوو ناوچەیەکی وڵات ستاتوویەکی تایبەتیی بۆ لە نەزەر دەگیرێ، پێناسەی ئەو ستاتوویەش بۆیە لە خودموختاریدا جێی نابێتەوە کە پێوەندیی نێوان ئەو هەرێمە و دەوڵەتی ناوەندی بەجۆرێکە کە لە مێکانیزمەکانی فیدرالیزم هەڵدێنجێ. دەکرێ بڵێین نموونەی نەزۆکی ئێریترە لە چوارچێوەی ئێتیۆپی‌دا پێوەندیی فیدرالی بوو. یان تەنانەت ئەگەر چاو لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق بکەین، دەبینین کە لە برگەی ئەلفی بەندی 53دا ئەو ئیعترافە کە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەرەسمی ناسینی تایبەتمەندی‌یەکە کە لە داهاتوودا دەتوانێ ببێتە بناخەی هێندێک تەمەییوزاتی قانوونی و نیهادی کە سروشتی پێوەندیی فێدرالییان هەبێ. (دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە بڵێین ستاتووی کوردستان لەو یاسایەدا فێدراسی‌یە) .

. لە دەستەی دووهەمدا پێویستە ئەو سیستمە بەڕێوەبەری‌یانە جێ بکەینەوە کە لە سەرەوەی دەسەلاتی دەولەت یان باشترە بلێین لە دەرەوەی چوارچێوەی دەولەتدا ساز دەدرێن. کە دەلێین لە سەرەوە یا لە دەرەوەی دەسەلاتی دەولەت، ئەمە بەو مانایە نیە کە سیستمی پێکهاتوو سەروەری لە دەولەت بستێنێتەوە، بەلکوو ئەوە کە سروشتێکی نێونەتەوەیی، نیوە نێونەتەوەیی یا تەنانەت سوپراناسیۆنال (فەرامیللەتی) ی هەیە. ئەو سیستمە بەڕێوەبەری‌یانەش چەندین جۆریان هەیە:

## یەکێتیی دوو یا چەند دەولەت

جۆری یەکەم و هەرە کۆن کە ئەمڕۆ نموونەی ئەوتۆی نەماوە یەکێتیی دوو دەولەتە. ئەو یەکێتی‌یە دەکرێ لە ئاکامی یاساکانی میراتگریی نێوان بنەمالە پاشایەتی‌یەکاندا دروست بێ ( بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەدا یەکێتی‌یەکی سروشتی بەم جۆرە لەنێوان هولەند و لوگزامبورگ یا لە نێوان بێلژیک و کۆنگۆدا ساز بوو). دەشکرێ دوو دەولەتی عادەتەن دراوسێ بە دلخواز و لەسەر بناخەی رێککەوتنێکی حقووقی خۆیان بخەنە ژێر چەتری سەروەریی، یەک پاشا و هێندێک کاروبار بەتایبەتی پێوەندیی نێونەتەوەیی بەشێوەی هاوبەش بەڕێوە ببەن. (بۆ نموونە یەکێتیی نێوان ئوتریش و مەجار لە 1867 تا 1906، یەکێتیی نێوان سوئێد و نۆرویژ لە 1815 تا 1905). لە مەوریدی ئوتریش- مەجارستاندا سەرۆکی دەولەت، وەزیرانی دەرەوە، شەڕ و دارایی هاوبەش بوون و نیمچە پارلمانێکیش هەبوو کە وەفدی هەردوو دەولەتی تێدا بوون .

## کۆنفێدرالیزم

کۆنفێدراسیۆنی دوو یا چەند دەولەت لە رێگای پەیمانێکی نێونەتەوەیی‌یەوە پێک دێ و دەبێتە هۆی سازبوونی نیهادێکی بەڕێوەبەریی هاوبەش کە لەوێدا دەولەتەکان (کە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەیان پارێزراوە) بە شێوەی یەکسان نوێنەریان هەیە و بڕیارەکانیش بە یەکدەنگی (اتفاق ارا) دەدرێن. کۆنفێدراسیۆن لە ئاستی نێونەتەوەییدا خاوەنی کەسایەتیی یاسایی نیە و لەولایەنەوە دەکرێ بلێین وەک کۆنفرانسێکی دیپلۆماتیک دەچێ. کۆنفێدرالیزم نموونەی لە مێژوودا زۆرن. بۆ وێنە کۆنفێدراسیۆنی سویس ( 1291 تا 1481)، سێزدە کۆلۆنی‌یەکانی ئەمریکای باکوور( 1775- 1787)، کۆنفێدراسیۆنی ئالمانی( 1815 تا 1866 .)

## کۆمەڵەی دەوڵەتان

لەو قاتبەندی‌یەدا کە لێرەدا کردوومانە رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان ناگونجێنین. چونکە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەو سیستەمە بەرێوەبەری‌یانەن کە لە روانگەی حقووقی سیاسی‌یەوە دەبێ لە فیدرالیزم جیا بکرێنەوە. رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانیش ناکەونە چوارچێوەی یاسای سیاسی و شامیلی سووژەکانی مافی نێونەتەوەیین. بەو حاڵەش سیستمێکی بەرێوەبەری هەیە کە دەکەوێتە نێوان حقووقی سیاسی و یاسای نێونەتەوەیی کە بریتی‌یە لە کۆمۆنۆتەی دەوڵەتان یان کۆمۆنوێلس.

کۆمۆنوێلس لە زۆر رووەوە لە کۆنفێدرالی نزیکە، بەو جیاوازی‌یەوە کە لە کۆمۆنوێلسدا پێوەندی‌یەکە زۆر شلترە. کۆمۆنوێلس لە رابردوودا یەکگرتنی نیهادیی دەوڵەتێکی ئیستعمار لەگەڵ کۆنە موستەعمەرەکانی بووە (بۆ نموونە کۆمۆنۆتەی فەرانسە و موستەعمەرەکانی کە دیارە ئەمرۆ نەماوە، و کۆمۆنوێلسی نێوان بریتانیا و کۆنە موستەعمەرەکانی کە ئەمرۆ زیاتر شتێکی فۆرمی‌یە). پێویستە بگوترێ لە کاتی لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤییەتیشدا پاش هەوڵێکی نەزۆک بۆ پێکهێنانی کۆنفێدراسیۆن، کۆمارەکان بە سازدانی کۆمەڵەیەکی دەوڵەتانی سەربەخۆ قەناعەتیان کرد .

## ئینتگراسیۆن(همگرایی)ی ناوچەیی یا قاڕڕەیی

ئەمە لە ئاکامی لێک نزیک بوونەوەی دەوڵەتانی ناوچەیەکی جوغرافیایی (قاڕڕەیەک یا کۆمەڵە دوورگەیەک) لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نێونەتەوەیی دا دێتە دی. مەبەستی ئەسڵیی ئەو لێکنزیکبوونەوەیە ئابووری و گومرکی‌یە، (نموونە: ناوچەی ئازادی بازرگانی لە ئەمریکای باکوور، یەکیەتیی هاریکاریی ناوچەیی لە ئاسیای باشوور، یەکێتیی ئەفریقا). سەرکەوتووترین ئەزموونی ئینتێگراسیۆن بێگومان کۆمەڵەی ئورووپایە کە دواتر بوو بە یەکێتیی ئورووپا. وەک لەو ئەزموونەدا بەرچاوە ئینتگراسیۆنی ناوچەیی دەتوانێ زۆر دوورتر لە بازارێکی هاوبەشی بازرگانی بڕوا و زۆر بواری گرینگی وەک پووڵ و دارایی، کشت و کاڵ، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، قەزایی، تێکنیکی و تەنانەت موهاجرەتی و سیاسی و

دیفاعی و زۆری دیکەش بگرێتەوە. ئەمڕۆ ڕەوتی هاوگەرایی ئورووپا بە چەشنێک چۆتە پێش کە ئێستا سروشتی راستەقینەی یەکێتیی ئورووپا زۆر پرسیار خولقێنە. چونکە دیزاینە نیهادی و میکانیزمە بڕیاردەری‌یەکانی (بەتایبەتی پاش پەیمانی "نیس" و پەسند کرانی پرۆژەی دەستوور) ئورووپا دەخەنە جۆرێک ڕەوتی فیدرالیزاسیۆن. بەو حاڵەش نابێ هەروا سووک و هاسان بڵێن ئینتێگراسیۆنی ئورووپا لە خانەی ئەم یا ئەو سیستمی بەڕێوەبەریدا جێی دەبێتەوە، چونکە پرۆسەی ئورووپا ئەزموونێکی تایبەتی‌یە و وەک شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن پرۆسەیەکی "سووی ژێنێریس" واتە خۆڕسک و تاقانەیە.

## ج. فڕینێک بەسەر ئەزموونە فیدراڵی‌یەکانی دنیادا

لێرەدا تێ دەکۆشین کورتە مێژووی بەشێک لە فێدرالی‌یەکان، مەبەست لە سازکردنیان و ڕەوتی سیستمەکان بخەینە ڕوو.

### – کورتە مێژووی فیدرالییەکان

هێندێک جار ریشەی مێژوویی ئەزموونە فیدرالی‌یەکان دەگەڕێندرێتەوە یوونان و ڕۆمی باستان، یان ئیمپراتۆری‌یە ئورووپایی و سیستمە ویلایەتی‌یە ئیسلامی‌یەکانی سەدەکانی نێوەڕاست. بەبێ شک هێندێک پرەنسیپی فیدرالی وەک خۆبەڕێوەبردن و پێکەوە گرێدران لە هەمووی ئەو ئەزموونانەدا بەدی دەکرێ. بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای تیئۆریی مۆدێرنی فیدرالیزمەوە چاویان لێ بکەین، ناتوانین بە فیدرالی‌یەکی راستیەقینەیان لە قەڵەم بدەین، چونکە یەکێک لە پایە ئەسڵی‌یەکانی سیستمی فیدرالی کە بریتی‌یە لە ڕێککەوتنێکی هاوبەشی دەستووری لەو ئەزموونانەدا غایبە. لەراستیدا لەبەر ئەوەی جەواری ئەو ئیمپراتۆری و فەرمانڕەوایی‌یانە زۆرتر بەرهەمی شەڕ و داگیرکاری بوون، ئەو پرەنسیپە فیدرالی‌یانە وەک شتێکی سروشتی و بە ناچاری بۆ وڵامدانەوەی پێویستی‌یەکانی بەڕێوەبردن خۆیان سەپاندوە، نەک ئەوەی ئامانجێکی هەمەلایەنەی فیدرالیزاسیۆن و عەقلانی کردنی سیستمی حکوومەتی لەپشت نەخشەی ئەو ساختارانەوە بووبێ.

لە دنیای ئەمڕۆدا نزیک بە سی دەوڵەت (= نیوەی خاکی دنیا و یەک لە سێی حەشیمەتی رووی زەوی) هەن کە بە شێوەی فەرمی و نیهادی بە سیستمی فیدراڵی

بەڕێوە دەچن و ژمارەیەکی زۆری دیکەش هەن کە بەبێ ئەوەی فیدراڵی بن یەک یا چەند عونسوری فیدرالییان تێدا بەدی دەکرێ .

لە قاررەی ئەمریکا نموونە هەرە بەرچاوەکان ئەوانەی ئەمریکا و کانادان. لە ئەمریکا لە سەرەتادا کۆلۆنیی‌یە بریتانیی‌یەکان بەپێی ماددەکانی ڕێککەتنی ساڵی 1775 کۆنفیدراسیۆنێک پێک دێنن کە دواتر بەهۆی سازبوونی کێشەی نێوانیان لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە شەڕ و داراییی‌یەوە بەپێی دەستووری 1787 یەکێتیی‌یەکەیان دەکەنە فیدرالی. هەرچی کاناداشە، پێویستە بگوترێ هەتا کۆتاییی‌یەکانی سەدەی هەژدە سەرزەمینەکانی ئەو دەڤەرە بە دەست فەرانسەوە بوون، بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بریتانیا دەستیان بەسەر دادەگرێ و هەر بەپێی یاسایەکی پارلمانی بریتانیاش لە ساڵی 1867دایە کە بناخەی فیدرالیزم کە لەودا هەر ئەوکاتیش ستاتووی کێبێکی فەرانسەیی زمان پارێزرابوو دادەڕێژرێ. هەر لە قارڕەی ئەمریکا دەتوانین ئیشارە بە برزیل و ئارژانتین و مێکسیک و ڤێنێزووێلاش بکەین.

لە ئورووپا نموونەکانی سویس و ئاڵمان و ئوتریش و بێلژیک زۆر بەرچاون. سویس کۆنترین ئەزموونی فیدرالیی مێژوویە. هاوپەیمانەتیی نێوان میرنشینی و شارەکانی ئەو مەڵبەندە دەگەڕێتەوە سەدەی سێزدە. کاتێک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ناپلیۆن سویس داگیر دەکا سیستمێکی فیدرالیی تێدا جێگیر دەکا. میساقی فیدراڵیی ساڵی 1848 بەرەسمی سویس لە کۆنفێدراسیۆنەوە دەکا بە فێدراسیۆن.[7]

پێشینەی ئەزموونی فیدراڵیی ئاڵمان دەگەڕێتەوە ساڵی 1792 کاتێک فەڕانسە رۆژئاوای ئەو وڵاتە داگیر دەکا و کۆنفێدراسیۆنی راین دادەمەزرێنێ کە هەتا ساڵی 1813 خۆی دەگرێ. لە 1871 دوای ئەوەی بیزمارکی ئیمپراتۆر هەموو سەرزەمینە ئاڵمانیی‌یەکان وەسەر یەک دەخاتەوە یەکێتیی‌یەکی فیدرالی‌یان لەنێواندا ساز دەکا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ (جگە لە دەورانی هیتلێر) ئاڵمان بەشێوەی فیدرالی بەڕێوە چوە. فیدرالیزمی ئوتریش پاشماوەی دەوڵەتی دووانەی ئوتریش-مەجارستانە کە ساڵی 1920 بە یەکگرتنی هەرێمە ئوتریشیی‌یەکانی پێشوو دێتە دی. هەرچی بێلژیکیشە، مێژووەکەی زۆر کۆنە، بەڵام فیدرالیزمەکەی هێشتا گەنجە. فەرمانڕەوایی سەرزەمینەکانی بێلژیکی ئەمڕۆ هەتا کۆنگرەی ڤییەن (1815) بابەتی

---

[7] بەڵام هەروەک دەزانین ئێستاش سویس خۆی هەر بە کۆنفێدراسیۆن (ی هێلڤێسی) ناوزەد دەکا.

رکەبەریی پاشایەتیی هابسبورگ و هولەند دەبن. لە ساڵی 1830 بێلژیک وەک دەوڵەتێکی سادە و فەرانسەیی زمان سەربەخۆیی وەدەست دێنێ. تەنەووعی فەرهەنگی و تەشەننوجی قەومیی نێوان هولەندی زمان و فەرانسەیی زمانەکان دەبنە هۆی ئەوەی ساڵی 1960 ئەو وڵاتە بەسەر سێ ناوچەی والۆن (فەرانسەیی)، فلامان (هولەندی) و بروکسێل (هاوبەش)دا دابەش بکرێ. بەڵام کێشەکان بەوە چارەیان نایەت و رێککەوتنەکانی سەنت میشێل لە ساڵی 1993 بە رەسمی بێلژیک دەکەنە دەوڵەتێکی فیدراڵ .

هەر لە ئوورووپا یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی یووگۆسلاڤیی پێشوو (1919)، چیکوسلۆواکیی پێشوو (1968)، و بۆسنی هێرزێگۆڤین (1996) شایانی ناوهێنانن. یەکێتیی سۆڤییەتیش لە 1924 ەوە فیدرالی بووە کە رووسیە یەکێک لە کۆمارەکانی بوو. لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤییەتیشدا رووسیە چەندین کۆمار و ناوچە و ناحیەی خودموختاری تێدا بوون، بەڵام فیدرالیزمی رووسی لە راستیدا لە مانگی مای 1992 دا لەگەڵ پەیمانی فێدراسیۆنی نێوان رووسیە و سووژەکانی دەست پێ دەکا. (مەبەستمان لە سووژە کەسایەتیی حقووقی‌یە کە لێرەدا هەرێمەکان دەگرێتەوە .)

لە ئاسیا نموونەی وەک مالێزی (1948) کە بۆ ماوەیەکی کەم (1963 تا 1965) سینگاپووریشی گرتە خۆی، و پاکستان (1956) مان هەن. بەڵام لە هەمووان بەرچاوتر ئەزموونی هیندوستانە. ئەو سەرزەمینە لە رابردوودا تیئاتری هێرش و داگیرکاریی‌یەکانی وەک مەغوول و ئێرانی‌یەکان بووە، بەڵام وەک زۆربەی موستەعمەرەکانی دیکە ئەوە ئینگلیستانە کە مێژووی سیاسیی نوێی ئەو وڵاتە دادەڕێژێ دوای ئەوەی لە 1861دا داگیری دەکا. ئەزموونی فیدرالیی ئەو وڵاتەش هەر بە پشتیوانیی ئینگلیستان لە ساڵی 1947 دا بناخەی دادەڕێژرێ بەڵام دواتر گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هات .

لە ئەفریقاش نموونەی فیدرالیزم زۆرن یان زۆر بوون. فیدراسیۆنی نیجێر ساڵی 1914 بەهۆی یەکگرتنی سەرزەمینەکانی باکوور، رۆژهەلات و رۆژئاوای کە هەرسێکیان ژمارەیەکی زۆر کەمایەتیی قەومی و مەزهەبیشیان تێدا بوو دامەزرا. بەناو فێدراسیۆنی ئێتیۆپی یەکێتی‌یەکی بەزۆر بوو کە لەنێوان ئێریترە و ئێتیۆپیدا ساز کرابوو. ئێریترەی مەسیحی نشین و بە زمان جیاواز لە ئێتیۆپی کۆلۆنی‌یەکی ئیتالیایی بوو کە ساڵی 1941 بریتانیا داگیری کرد، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی

ئێتیۆپی داگیری دەکاتەوە و سەرەنجام لە ساڵی 1952دا فێدراسیۆنی ئەو دوو دەڤەرە دادەمەزرێ کە تەنیا دە ساڵ خۆ دەگرێ. هەر لە ئەفریقا ئەزموونی کامروون و ئەفریقای باشووریش شایانی ناوهێنانن.(8)

**– مەبەست لە فیدرالیزم**

فیدرالیزم وەک سیستمی حکوومەتی بەمەبەستی جۆراوجۆر و زۆر جار بۆ زیاتر لە مەبەستێک بەکار براوە:

فیدرالیزم زۆر جار ریشەی مێژوویی هەبوە، مێژوویی بەومانایە کە هەرێمە فیدرالییەکانی ئەمرۆ هەر لە کۆنەوە هەم بۆخۆیان خۆیان بەرێوە بردوە و هەم هاوپەیمانەتییان لەنێواندا هەبووە (نموونە: سویس، ئاڵمان، ئوتریش)؛

هێندێک جار هۆکاری یەکگرتنی فیدرالی خۆپاراستن لە مەترسییەکی سیاسیی و ئەمنییەتیی دەرەوە و خۆ بەهێز کردنی ئابووریی نێوخۆیی بوە (نموونە: موستەعمەرە ئینگلیسییەکانی ئەمریکا و کانادا)؛

لەنێو ئامانجەکانی دیکەی سازدانی سیستمی فیدرالیدا دەتوانین باسی بەربڵاویی جۆغرافیای وڵات بکەین (نموونە: هیند، رووسیە)؛ و هەروەها چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی (وەک لە بێلژیک و هیندوستان و لەو وڵاتانەی جیهانی سێهەم کە فیدرالیزم بە پێشنیار و هێندێک جار لەژێر تەوژمی دەسەڵاتە بێگانەکان و بۆ پێشگیری لە جیابوونەوە دامەزراوە.)

مەسەلەیەکی کە دەبێ لێرەدا لەبەرچاومان بێ ئەوەیە کە لە دامەزراندن یان قووڵکردنەوەی سیستمی فیدرالیدا زۆر جار مەبەستی سیاسییش کە زۆرتر پێوەندییان بە ئیدئۆلۆژیی رێژیمەکانەوە بوە نەک بە فۆرم و شێوەی بەرێوەبردنی وڵات لە نەزەر گیراون. بەم چەشنە هەردوو سیستمی فیکری و سیاسیی سەرەکیی

---

(8) لەو نموونانەی سەرەوەدا هێندێکیان ئەورۆ یا نەماون یا گۆرانیان بەسەردا هاتوە. بێجگە لەوانەش ژمارەیەکی زۆر هەوڵی فیدرالیزە کردن یا کۆنفێدرالیسم لە رابردوودا بەتایبەتی لە جیهانی سێهەمدا لە ئارادا بوون کە سەریان نەگرتووە. بۆ نموونە یەکگرتنی ئێکواتور و ڤێنزووێلا و پاناما (1815)، یەکگرتنی گواتیمالا، هێندوراس، ئێلسالڤادۆر، کۆستا ریکا و نیکاراگوا (1823)، پێروو و پۆلیڤی (1836)، هەردوو رۆدێزی و نیاماسا (1953)، یەکگرتنی موستەعمەرە بریتانیاییەکانی کارائیب (1958)، ...هتد.

دوو سەدەی رابردوو واتە مارکسیزم و لیبرالیزم هەر کامەیان بە نۆرەی خۆی و بە مەبەستی تایبەتیی خۆی ئەو سیستمەیان دابەزاند، یەکەمیان بەمەبەستی چارەسەری رواڵەتیی مەسەلەی پێکەوە بوونی گەلان و لەراستیدا بۆ فرەوان راگرتنی جەواری سۆسیالیزم و دووهەمیان بە مەبەستی پاراستن و قووڵکردنەوەی پرەنسیپەکانی لیبرالیزم و چاککردنی دێموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵات .

## – رەوت و چارەنووسی ئەزموونەکان

لێرەدا دەرفەتی ئەوەی بە رەوتی یەک یەکی ئەزموونە فیدراڵی‌یەکاندا بچینەوە نیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر ئەوە پێ دابگرین کە فیدرالیزم دەبێ وەک رەوت و وەک پرۆسە چاوی لێ بکرێ نەک وەک شتێکی ستاتیک (نەجووڵ) و فیکس و نەگۆڕ. لەلایەک وەک لە خوارەوە دەیبینین لە زۆربەی دەستوورە فیدرالی‌یەکاندا ئەگەری پێداچوونەوە و گۆڕانکاریی نیهادی یا جوغرافیایی لە نەزەر دەگیرێ. لەلایەکی دیکەوە لە حقووقی سیاسیدا چ لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا (نموونەی رووسیە) و چ لە چوارچێوەی سیستمە بەرێوەبەری‌یەکانی دیکەدا (بۆ نموونە بەتایبەتی لە خودموختاری‌یەکانی ئسپانیادا) دەکرێ پێشبینیی ئەوە بکرێ کە هەموو هەرێمەکان لە ماف و دەسەڵاتدا وەک یەک نەچنە پێش و رەوتی لامەرکەزی رەوتێکی تەدریجی بێ.

فیدرالیزم دەکرێ بۆ مەبەست و ئامانجی زۆر جیاواز و تەنانەت جاری وایە دژبەیەک دابمە زرێ، هەر لەوکاتەدا رەوتێک کە هەرکام لە ئەزموونە فیدرالی‌یەکان گرتوویانەتە بەر زۆر جۆراوجۆر و شایانی لێ وردبوونەوە و دەرس لێوەرگرتنە. لەو لیستەیەی سەرەوەی ئەزموونە فیدرالی‌یەکاندا ئیشارەمان بە شکستی هێندێکیان کرد. شکستی زۆر لەو ئەزموونانە پێوەندیی بە نەبوونی ئەو فاکتۆرانەوە بووە کە لە بەشی دووهەمی باسەکەماندا روونیان دەکەینەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین سەرکەوتووترین نموونەکانی فیدرالیزم ئەزموونە کۆنە رۆژئاوایی‌یەکانن. بەڵام لە هەرکام لەو ئەزموونە سەرکەوتوانەشدا رەوتێک کە فیدرالیزم تێپەڕی کردوە دەکرێ زۆر جیاواز لەوە بووبێ کە ئێمە وەک کورد دەتوانین چاوەڕوانیمان لە فیدرالیزم هەبێ. هەربۆیە سەرەڕای هەموو لایەنە باشەکانی فیدرالیزم، نابێ پێمان وابێ کە فیدرالیزم وەک خۆی بەشێوەی مسۆگەر و ئۆتۆماتیک هەموو ئەو ماف و ئازادی و دەرفەتانە کە رەنگە میللەتێک خوێنی بۆ دابێ لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

مەسەلە ئەوەیە نێوەرۆکی ئەو فیدرالیزمە چیە، کام جۆر لە جۆرەکانییەتی و پارامێترە هانابەخشەکانی چەندە حازرن.

زۆر جار فیدرالیزم بە مەبەستی دەوڵەتسازی و تەنانەت سانترالیزاسیۆن (بە ناوەندی کردن) دامەزراوە. ئەگەر نموونەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاو لێ بکەین سەرنج دەدەین کە ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتەی هێنایەسەر گۆڕینی سیستمی کۆنفێدرال بۆ فیدرالی ویستی وەسەریەک خستنەوەی دەقەری دەسەڵات و سازدانی ئامرازە نیهادیەکانی دەوڵەتێک بوو کە بتوانێ وڵامدەری کێشەکان بێ. لە سەروبەندی فیدرالیزاسیۆنی ئەمریکادا دوو بەرە بەدژی یەکتر راوەستابوون. بەرەی یەکەم خوازیاری ئەو وەسەریەکخستن و دەوڵەتسازیە بوو و لە فیدرالیستەکان پێک هاتبوو کە رێبەرەکەی جۆرج واشنگتۆن بوو و بیرمەند و سیاسەتوانانی وەک هامیلتۆن و مادیسۆنی لەپشت بوو. بەرەی بەرامبەریش لایەنگری پاراستنی ماف و سەروەریی ئەیالەتەکان بوو بە رێبەریی جێفرسۆن. رێککەوتنی ساڵی 1786 و رەوتی تا ئەمڕۆی فیدرالیزمی ئەمریکا بریتی بوە لە سەرکەوتنی روانینەکانی بەرەی یەکەم و لەسەر یەک دەبێ بڵێین سیستمی ئەمریکا بەرەو بەهێزبوونی دەوڵەتی ناوەندی چوە، ئەگەرچی لە رابردوودا لە هێندێک بواردا هاوسەنگییەکە بەلای هەرێمەکاندا شکاوەتەوە. ئەو بەرەورووبوونەوەیەی دوو بەرەی باسکراو لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ باڵی بەسەر کەشی سیاسیی ئەمریکاشدا کێشاوە، چونکە هەروەک دەزانین فیدرالیستەکان واتە لایەنگرانی دەوڵەتێکی بەهێز و کارای ناوەندی حیزبی دێموکراتیان لێکەوتۆتەوە و بەرەی بەرامبەریش بووە بە پارتی کۆماریخواز.[9]

هێندێک جار کاتێک گەلێک ستراتیژیی فیدرالی هەڵدەبژێرێ عەناسوری رادیکاڵی ئەو گەلە زۆر مەشرووعانە دەتوانن بە هۆ یا بیانووی ئەوە کە فیدرالیزم ئەسارەت یا هەر نەبێ بەسترانەوەی گەلەگەیان نەهادینە بکا ئەو ستراتیژیە رەد دەکەنەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە رەوتی ئەزموونە فیدرالییەکان دەبێ هەرکام بە جیا و زۆر بە پارێزەوە چاویان لێ بکرێ و هەرچەشنە ئاکامگیرییەکی گشتی و خێرا لە

---

(9) مێژووی نوێی ئەمریکا پڕە لە نموونەی وەک سەردەمی کاربەدەستیی رۆناڵد ریگان کە لەواندا کۆماریخوازان بە بیانووی داکۆکی لە مافی ئەیالەتەکان، هێرشیان کردۆتە سەر بەرنامە ریفاهییەکانی دێموکراتەکان و سیاسەتی زۆر لیبرالتریان گرتۆتە بەر.

پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزمدا هەر لەوکاتەدا کە دەتوانێ لەباری زانستی‌یەوە هەڵە بێ، دەتوانێ بۆ بەرژەوەندی و قازانجی داهاتووی سیاسیی ئەو خەڵک یا وڵاتەی لە نەزەری دەگرین زیانبەخش بێ. بۆ نموونە ئەگەر سانترالیزاسیۆن بکەینە تاکە مۆرکی هەموو فیدرالییە رۆژئاوایی‌یەکان هەڵسەنگاندنێکی نیوەچڵ و ناعادڵانەمان کردوە. چونکە هەر ئەو رەوتی سانترالیزاسیۆنە مەرج نیە لە هەموو ئەزموونەکاندا رووبدا و ئەزموونی سویس و بێلژیک نموونەی باش بۆ ئەم وتەیەن. لە راستیدا لە هەر مەوریدێکدا دەبێ چاو لێ بکەین داخوا ئەو رەوتە سانترالیستی‌یە رووی داوە و ئەگەر رووی داوە چۆن، چەندە و بۆچی رووی داوە. بۆ وێنە تێکەڵ کردنی رەوتی سانترالیزاسیۆنی فێدراسیۆنی ئێتیۆپی لەگەڵ هی ئاڵمان زۆر هەڵەیە. لە ئێتیۆپی هەر لە بناخەوە فیدرالیزم وەک ئامرازی مەشرووعییەت بەخشین و پایەدارکردنی داگیرکردنی ئێریترە بەکار هات. لە حاڵێکدا لە ئاڵمان پاش ساڵی 1969 ئەوە هەرێمەکان (لاندەکان) بۆخۆیان بوون کە داوایان کرد کە دەسەڵاتی زیاتر بەتایبەتی لەبواری داراییدا بدرێ بە دەوڵەتی فیدرال .

بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دیاردە یا رەوتێکی سیاسی دوو شت گرینگن. یەکەم مەشرووعییەت، دووهەم مەسڵەحەت. ئەگەر هەرێمەکانی وڵاتێکی فیدرال پێشکەوتن و بەختیاریی خۆیان لە هەمگەرایی و ئینتگراسیۆنی زیاتر و لە ئاکامدا دان یا دانەوەی دەسەڵاتی زیاتر بە حکوومەتی ناوەندیدا ببینن، ئەو کاتە دەکرێ هێندێک گۆڕانکاریی نیهادی روو بدا کە هەم مەشرووعە و هەم لە قازانجی ئەو گەلانەشدایە. گرینگ ئەوەیە داخوا گەلان یا ناوچەکانی وڵات چیان دەوێ و قازانجی هاوبەش یا تاک تاکەی خۆیان لە چیدا دەبینن .

ئەگەر لە نوختەیەکی جیهان فیدرالیزم هێشتا بەتاقی نەکراوەتەوە بەڵام ویستی دابەزاندنی ئەو سیستمە بەهێزە، پێویستە خوازیارانی فیدرالیزم بزانن کە فیدرالیزم مەرج نیە بێ‌ئەملاوئەولا بە مانای ئازادی بێ. بۆ ئەوەش دەبێ چاو لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە بکەن و رەوتی گۆڕانکاری‌یەکانی فیدرالیزمەکانی دیکە لێک بدەنەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا نابێ پێیان وابێ کە هەمگەرایی‌یەکی کە لە شوێنێک وەدی هاتوە بەرهەمی رەوتێکی سانترالیستی‌یە کە بمانەوێ و نەمانەوێ لە فیدرالیزمدا روو دەدا .

### 2– پرۆسەی فیدرالیزاسیۆن

مەبەستمان لە فیدرالیزاسیۆن لێرەدا خودی ئەو رووداوە سیاسی و حقووقی‌یەیە کە سیستمی فیدرالی لە وڵاتێکدا دادەمەزرێنێ. ئەگەر بەشێوەی تێکنیکی لە پرۆسەی فیدرالیزاسیۆن بڕوانین، سێ مەسەلەمان بۆ دێتە پێش کە بریتین لە رێوشوێنی دامەزراندنی فیدرالیزم، مافی چارەی خۆنووسین، و سروشت و ژمارەی هەرێمەکان .

### ئەلف. رێوشوێنی دەستووریی دامەزراندنی سیستمی فیدرالی

عادەتەن ئەزموونەکانی جیهان لەپێوەندی لەگەڵ شێوەی بەفیدرالی کرانیاندا بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن. شێوەی یەکەم بریتی‌یە لەوەی دوو یا چەند یەکەی پێشتر سەروەر بێن دەوڵەتێک پێک بێنن کە فیدرالی بێ و بەو شێوەیە لە فیدرالیزم دەڵێن فیدرالیزم بە ئاسۆسیاسیۆن واتە لەرێگای بەرەو یەکچوون و رێککەوتن. جۆری دووهەم بریتی‌یە لەوەی لە سەرەتادا یەک دەوڵەتمان هەیە و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدایە کە هەرێمەکان فیدرالیزە دەکرێن و بەمە دەڵێن فیدرالیزم بە دیسۆسیاسیۆن واتە لێک ترازان کە مەبەست لامەرکەزی کردن و دانی ئازادی و دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتەوە بە هەرێمەکانە .

جێگیر کردنی سیستمی فیدرالی دەبێ هەر بەو قۆناغانەدا تێپەڕێ کە بۆ جێگیر کردنی هەر سیستمێکی دیموکراتیک پێویستە. چەند و چۆنیی رێوشوێنەکە دەتوانێ بەپێی مەوریدەکان جیاوازیی هەبێ، بەڵام مەعموولەن هەمیشە ئامادەکردن و بەپەسند گەیاندنی یەکجاریی سیستمی سیاسیی وڵاتێک دەبێ بە دوو قۆناغدا تێپەڕێ. لە قۆناغی یەکەمدا ئەنجوومەنێکی دەستووردانان بە شێوەی راستەخۆ یا ناراستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ کە دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەوڵ بدا قەوارەی سیاسیی تازە لە دووتوێی دەستووری بناخەیی دا دابڕێژێ. چ لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەدا و چ لە رێوشوێنی نێوخۆیی ئەنجوومەنەکەدا دەکرێ لایەنەکان یان ناوچەکان هەر کامەیان وەک خۆیان بەشدار بن. قۆناغی دووهەم بریتی‌یە لەوەی دەستووری داڕێژراو لە رێگای ریفراندۆمەوە بە پەسندی خەڵکی وڵات بگا. لێرەدا بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەم عادەتەن لایەن و هەرێمەکان بە جیا

لە نەزەر ناگیرێن و هەموو هاونیشتمانان پێکەوە و تێکەڵ بە یەک، دەنگ دەدەن و لە ژماردنیشدا زۆرایەتیی دەنگی تاکەکان چاو لێ دەکرێ.

گرینگیی ئەو مەسەلەیە لەوەدایە کە گەل یا هەرێمێک کە لە حاڵەتی کەمایەتیدایە دەتوانێ نیگەرانیی زۆر مەشرووعی لەوە هەبێ کە زۆرینەی خەڵکی وڵات داخوازییەکانی رەت کاتەوە. (نموونەی لەو بابەتە دواتر لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی کێبێکی کانادا دەبینین). هەربۆیە دەبێ لەسەر ئەوە پێ دابگرین کە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیزمدا قەزیەکە لەپێشدا دەبێ لەنێوان نوخبەکان چارەسەر بکرێ و پاشان لایەنە سیاسییەکان دەبێ خەڵکی وڵات بە جۆرێک لە سیستمی تازە حاڵی بکەن یان لە راپرسیدا پرسیارەکان بەجۆرێک گەڵاڵە بکرێن کە ئاکامی ریفراندۆم نەکەوێتە بەر قەزا و قەدەری دەنگی تاکەکەسەکان.

ئەوە کە بناخەی دامەزراندنی فیدرالیزم دەبێ لەپێشدا رێککەوتنی نێوان هەرێمەکان بێ و نەک بەرهەمی دەنگدانی تاکەکانی وڵات لە فیدالییەکانی ئاسۆسیاسۆندا بە روونی خۆی دەنوێنێ، چونکە لە رووی حقووقییەوە وا دادەنرێ کە هەرێمەکان پێش ئەوەی بچنە نێو دەوڵەتێکی یەکگرتوو، سەروەر بوون. بەڵام لە زۆر نموونەی فیدراڵیی دیسۆسیاسیۆنیشدا دەبینین کە رێککەوتنی نێوان هەرێمەکان بە شکڵێک بەرگی یاسایی بەخۆوە دەگرێ کە نێوەرۆکەکەی لە هەڵبژاردنی یەکجاری دا نەچێتەوە ژێر پرسیار. بۆ نموونە پاش لەبەریەک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت، فیدرالیزمی رووسی بەرهەمی پەیمانێک بوو کە بە رەسمی لەنێوان فێدراسیۆن و سووژەکانی فیدراسیۆن واتە سەرجەم واحیدە پێکهێنەرەکانیدا بەسترا.

لە زۆر شوێن بۆ پتەو کردنی دەستەبەری دەستووریی مەوجوودییەتی هەرێمەکان، ناوی هەرکامیان لە دەستووردا جێ دەکرێتەوە. بۆ نموونە دەستووری بێلژیک بە روونی رادەگەیەنێ کە بێلژیک لە سێ کۆمەڵەی فەرانسەیی، فلامان و ئاڵمانی و لە سێ ناوچەی والۆن و فلاندر و بروکسێل پێک هاتوە. لە دەستووری بۆسنی هێرزەگۆڤیندا باسی فێدراسیۆنی بۆسنی و کۆماری سێربسکا کراوە. لە سویسیش هەر بەم جۆرەیە. زۆر نموونەشمان هەیە کە لەواندا ناوی تایبەتیی هەرێمەکان ناهێنرێ بەڵام سروشتی نیهادییان بەرەسمی دەناسرێ. بۆ نموونە لە دەستووری رووسیەدا گوتراوە کە سووژەکانی فێدراسیۆن بریتیین لە کۆمارەکان، سەرزەمینەکان، ناوچەکان، ئەو شارانەی سروشتی فێدراتیڤیان هەیە، ناوچە

خودموختارەکان و قەزا خودموختارەکان. لە دەستووری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا هەر بەم چەشنە کراوە. هەرچی دەستووری کاناداشە تەنیا ناوی چوار هەرێمەکەی سەرەتا هاتووە، بەلام مەوجوودییەتی ئەو هەرێمانەی دوایە چوونە گەڵ ئەو فێدراسیۆنە لە هێندێک یاسای تایبەتیدا بە رەسمی ناسراوە کە ئیعتباری دەستووریی‌یان هەیە .

## ب. فیدرالیزم و مافی چارەی خۆنووسین

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوە کە گەلێک چارەنووسی سیاسیی خۆی بۆخۆی دیاری کردوە ئەوەی لەپێشدا گرینگە خودی رێگاچارەی هەڵبژێراو نیە بەڵکوو ئەوە کە رێگاچارەکە هەرچی بێ بەرهەمی ویستی راستەقینەی گەلەکە بێ.[10] فیدرالیزمیش ئەگەر رەزامەندی گەلێکی لەسەر بێ وەدیهێنەری مافی چارەی خۆ نووسینە. لە زۆر پرۆژە و پەسندکراوی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە مافی گەلان و مافی کەمایەتی‌یەکاندا گوتراوە کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەسڵە پارێزەرەکانی مەوجوودییەتی دەوڵەتان لەلایەک و پێویستیی پاراستنی هوویەتی کەمایەتی‌یەکان لەلایەکی دیکەوە، ساختارە لامەرکەزی‌یەکانی وەک خودموختاری و فیدرالیزم شکڵە گونجاوەکانی بەجێگەیاندنی مافی چارەنووس بۆ کەمە نەتەوەکانن.[11] دیارە لە بەراورد لەگەڵ خودموختاریدا فیدرالیزم بەبێ شک بە هۆی نێوەرۆکی پێشکەوتووتری، سیستمێکە کە ئەگەر کاکڵێکی پتەو و راستەقینەی هەبێ، هەر گەلێک لە بەدەستەوە گرتنی تەواوی چارەنووسی سیاسیی خۆی هەرچی نزیکتر دەکاتەوە.

فیدرالیزم وەک وەدیهێنەری مافی چارەنووس بنەمای لە حقووقی سیاسییشدا هەیە. هێندێک لە دەستوورە فیدرالی‌یەکان راستەوخۆ باسی ئەوە دەکەن کە مەبەست لە دامەزراندنی سیستمی فیدراڵی بەجێگەیاندنی مافی چارەی خۆ نووسینە.

---

[10] ئەم ئەسڵە بناخەی لە مافی نێونەتەوەییشدا هەیە و بۆ نموونە دیوانی نێونەتەوەیی عەداڵەت لە ساڵی 1975 لە پێوەندی لەگەڵ سەحرای رۆژئاوادا ئەمەی راگەیاند. بەلام دیارە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی رزگاریی موستەعمەرەکاندا هەمیشە بۆ بە سەربەخۆیی گەیاندنی ئەو گەلانە کاری کردوە و کەمتر رێگاچارە میانەیی‌یەکانی وەک ویستی راستەقینەی وان قبووڵ کردوە.

[11] *Possible ways and means of facilitating the peaceful and constructive solution of problems involving minorities*, Report submitted by Special Rapporteur Asbjorn Eide, UN Doc. E/CN.4/Sub.2/1993/34/Add. 1-4, August 1993.

بۆ نموونە پرەنسیپی ژمارە 34 ی دەستووری ساڵی 1996ی ئەفریقای باشوور مافی چارەنووسی کۆمۆنۆتەکانی وڵات بە رەسمی دەناسێ.

مەسەلەی مافی چارەنووس دوو شتی دیکەش دێنێتە پێش کە بریتیین لە مافی جیابوونەوە و کێشەی سەروەری.

## – مافی جیابوونەوە

یاسای نێونەتەوەیی مافی جیابوونەوە تەنیا بۆ گەلانی ئیستعمارکراو و گەلانی قوربانیی جیاوازیدانانی رەگەزی یا ئیشغاڵی بێگانە بەرەسمی دەناسێ. بەڵام ئەو یاسایە هەر لەو کاتەدا کە لە مەوجوودییەتی دەوڵەتانی حازر پارێزگاری دەکا، بەسەریشیاندا دەسەپێنی کە حکوومەتەکانیان نوێنەری راستەقینەی سەرجەم خەڵکی وڵات بن و کەمەنەتەوەکانیش لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی وڵاتدا بەشدار بکرێن. لە غەیری ئەوەدا و بەتایبەتی ئەگەر لە پەراوێزهاویشتنی کەمەنەتەوەیەک بگاتە ئاستی سەرکوت و قەڵاچۆ، لەو حاڵەتەدا دەکرێ ئەگەری جیابوونەوە بۆ ئەو گەلە ئاوەڵا بێ.[12]

---

[12] بڕوانە ئاسۆی حەسەن زادە، "مافی نێونەتەوەیی و مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەیییەکان"، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کوردستان 2001، بەشی چوارەم.

بناخەکانی مافی بەشداریی کەمەنەتەوەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی وڵات و ناوچەی خۆیاندا هەم لەنێو مافە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤ و هەم لە مافی کەمایەتییەکاندا بەدی دەکرێ، بۆ نموونە ماددەی 21 ی راگەیاندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی 25 ی مەنشووری مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی 3-2 ی راگەیاندراوی 18 ی دێسامبری 1992 ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی کەمایەتییەکان، کۆنڤانسیۆنەکانی رێکخراوی نێونەتەوەیی کار و پرۆژەی راگەیاندراوی پێوەندیدار بە مافی گەلانی بوومی، مەنشووری ئوورووپایی خودموختاریی محەللی، پاراگرافی 35 ی دۆکۆمێنتی کۆبوونەوەی کۆپێنهاگی رێکخراوی هاوکاری و ئاسایشی ئوورووپا، راگەیاندراوی "لووند"ی هەمان رێکخراو سەبارەت بە بەشداریی بەکردەوەی کەمە نەتەوەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی وڵاتدا، بڕیاری 1201 ی ئەنجوومەنی پارلمانیی شوورای ئوورووپا، ماددەی 15 ی پەیمانی چوارچێوەیی بۆ پارێزگاری لە کەمە نەتەوەکان، ئەدەبیاتی قەزاییی دیوانی دایمیی عەداڵەتی نێونەتەوەیی، دادگاکانی ئوورووپایی و ئەمریکایی مافی مرۆڤ، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیتەی بنەبڕکردنی هەڵاواردنی رەگەزی، ... و زۆر هەڵوێست و بڕیاری رێکخراوە نێونەتەوەیییەکان.

ئەگەر لە روانگەی حقووقی سیاسی‌یەوە بۆ مەسەلەکە بچین، دەبێ بڵێین کە بنەمای جیابوونەوەی هەرێمی فیدرال لە مافی دەستووریدا زۆر کزە. دیارە هێندێک دەستوورمان هەن کە دەکرێ تەفسیری ئەوەیان لێ بکرێ کە ئاکامەکانی یەکێتیی دڵخوازانەی نێوان هەرێمەکان دەتوانێ تا جیابوونەوەش بچێ. بۆ وێنە ئەو مافە لە ماددەی 5 برگەی 2 ی دەستووری فێدراسیۆنی کۆمارە سۆسیالیستەکانی یووگۆسلاڤییدا بەرەسمی ناسرابوو کە دیارە تەنیا لەسەر کاغەز بوو و بەهۆی سانترالیزم و نەبوونی دیموکراسی نەک هەر ئەو مافە بەڵکوو زۆربەی زۆری پۆتانسیەلەکانی فیدرالیزمیش بێکەڵک کرابوونەوە. نموونەی ئەوتۆ هەروەها لە دەستووری سۆڤییەت و ئێتیۆپیدا هەبوو. راستە کە لە هەرسێکی ئەو نموونانەدا شایەتی سەربەخۆیی کۆمارەکانیان بووین، بەڵام ئەو جیابوونەوەیە نە لەسەر بناخەی دەستووری هەر کام لەو وڵاتانە و نە لەسەر بناخەی مافی گەلان و کەمایەتی‌یەکان، بەڵکوو لە ئاکامی رەوتی هەمەلاگیری لەبەریەکهەڵوەشان و بە نێونەتەوەیی کرانی قەیرانەکانیاندا و جێگیربوونی واقعیعێکی نوێی قابیلی قبووڵ لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بوو .

ئەگەر هەرێمک بیهەوێ لە دەوڵەتێکی فیدراڵ جیا بێتەوە، ئەو جیابوونەوەیە ناتوانێ بناخەیەکی دەستووریی پتەوی هەبێ و تەنیا بەپشت بەستن بە ئەمری واقیعە کە گەل یا هەرێمەکە دەتوانێ لەرووی حقووقی‌یەوە جیابوونەوەکەی پاساو بدا و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بیقەبووڵێنێ. بەم جۆرە دادگای باڵای ئەمریکا لە قەزیەی "تێکزاس دژی وایت"دا لە ساڵی 1869 رایگەیاند کە یەکێتیی نێوان هەرێمەکانی وڵات قابیلی تێکدان نیە. کێشەی کێبێکی فەرانسەیی زمان لە چوارچێوەی کاناداشدا نموونەیەکی باشی ئەو بارە دەستووری‌یەیە. تا ئێستا لەو مەڵبەندەدا دوو جار بۆ سەربەخۆیی رێفراندۆم کراوە کە هیچ جاران سەرنەکەوتوە. بەو حاڵەش بایەخی یاسایی ئەو ریفراندۆمە بردرایە بەردەم دادگای بەرزی کانادا کە لە بڕیاری مانگی ئووتی 1998یدا بە پشت بەشتن بە هەڵوێستی ساڵی 1921 ی کۆمیسیۆنی مافناسانی کۆمەڵی نەتەوەکان لە بارەی کێشەی دوورگەکانی ئالاندا رایگەیاند کە کێبێک بەپێی دەستوور مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەی نیە و بەپێی مافی نێودەوڵەتییش تەنیا کاتێک کێبێک دەتوانێ بە سەربەخۆیی بگا کە خەڵکی ئەو هەرێمە گەلێک بن کە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە سەرکوت بکرێن و بچەوسێنەوە .

هەر بەم چەشنە، لە مادەی 235 ی دەستووری ئەفریقای باشووردا هاتوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتدا بەرێوە بچێ، واتە بەرەسمی ناسرانی ئەو مافە لە دەستووردا بەو مانایە نیە کە هەرێمێک مافی جیابوونەوەی هەبێ. لە سێپتامبری 1996 یشدا دادگای دەستوویی ئەفریقای باشوور رایگەیاند کە ئەو مافی چارەنووسەی لە دەستووردا بەرەسمی ناسراوە بە مانای سەربەخۆیی نیە، بەڵکوو بەمانای خۆ بەرێوەبردن و ئۆتۆنۆمییە کە لە پرەنسیپی 12 و ماددەی 34 دا دانی پێدا نراوە.

## -لە فیدرالیزم دا کێ سەروەرە؟

هەروەک دەزانین هەرێمەکانی نێو دەوڵەتی فیدرال دەتوانن زۆر لەو سەمبولانەیان هەبن کە لە دەوڵەتێکی سادەی سەربەخۆدا بە نیشانەکانی سەروەری دادەنرێن، وەک سرود و ئاڵا و نیهادی سیاسی و سەلاحییەتی ئینتیزامی و ... هتد. بەڵام ئایا سەروەری وەک مۆرکی حاکمییەتی موتڵەقی سیاسی لە دەوڵەتێکی فیدرالدا لە کوێ جێگیرە و کێ بە خاوەنی ئەو سەروەرییە لە قەڵەم دەدرێ؟

لەنێو ئەو بیرمەندانەدا کە سەرنجیان داوەتە فیدرالیزم، ئەوانە کە ئیدەی فیدرالییان بەدژی دەسەلاتی دەوڵەت بەکار هێناوە یان باوەڕیان بە ئازادیی هەرێمەکان بووە لەو باوەڕەدابوون کە فیدرالیزم لە خوارەوەڕا بۆ سەرێ ساز دەکرێ و ئەوە هەرێمەکانن کە بەشێک لە دەسەلاتیان حەواڵەی دەوڵەتی ناوەندی دەکەن، هەربۆیە وەکالەتێک کە بەمجۆرە بە دەوڵەتی ناوەندی دەسپێردرێ نابێتە هۆی بێبەشکردنی یەکجاریی هەرێمەکان لەو سەروەرییەی پێشتر بوویانە. لە بەرامبەردا ئەوانەی لایەنگری دەسەلاتی بەهێزی دەوڵەتی ناوەندی بوون پێیان وابووە کە سەروەری ملکی بێئەملاو ئەولای دەوڵەتی ناوەندییە.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە بۆچوونی یەکەم واتە سەروەریی پارێزراوی هەرێمەکان لەو حاڵەتانەدا قووەتی زۆرترە کە فیدرالیزمی ئاسۆسیاسیۆنن، چونکە هەرێمەکان پێش لە دامەزرانی دەوڵەتەکە هەبوون. بەڵام ئایا لە کردەوەدا شتەکە چۆنە؟ ئەگەر چاوێک بە دەستووری دەوڵەتانی فیدراڵدا بخشێنین تووشی شتی جۆربەجۆر دەبین. لەراستیدا وەڵامی دەستوورەکان بەو پرسیارە کە ئایا سەروەری لە کوێی دەوڵەتی فیدرالدا کەڵەکە بوە بە فیدرال بوون یان فیدرال نەبوونی

دەوڵەتەکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو بەو فەلسەفە سیاسییەوە بەستراوەتەوە کە بناخەکانی دەوڵەتەکەی پێ دارێژراوە. بۆ نموونە لە حاڵێکدا سویس و ئەمریکا هەردووکیان فیدرالیزمی ئاسۆسیاتیڤن، لەو بارەوە شتی تەواو پێچەوانەی یەکتر لە دەستوورەکانیاندا هاتووە: مادەی 3 ی دەستووری سویس دەڵێ کانتۆنەکان(=هەرێمەکان) سەروەرن مەگەر ئەوە کە سەروەرییەکەیان بەهۆی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵەوە سنووردار کرابێ. کەچی راگەیاندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا کە بناخەی سیستمی فیدرالیی ئەو وڵاتەیە باسی سەروەری گەل دەکا، شتێک کە زۆر وەک سەروەریی نەتەوەیی نێو دەستووری ساڵی 1790 ی فەڕانسە دەچێ. کاتێک باسی سەروەریی گەلی یا سەروەریی نەتەوەیی دەکرێ، ئەمە بە مانای سەروەریی دەوڵەتی ناوەندی و تێکەڵکردنی هەموو پێکهاتە ئینسانییەکانی وڵات لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی تاقانەدا و قووتکردنەوەی چەمکی مافی هاووڵاتییە. دیارە هەر لەپێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا دەبێ ئەوەش بڵێین کە دامەزرێنەرانی ئەو سیستمە هەروەک دیوانی باڵای وڵات رایانگەیاندوە کە هەرێمەکانیش لە سەروەریدا هاوبەشن.

ئەگەر بمانەوێ لە رووی سەلاحییەتەکانیشەوە بۆ مەسەلەکە بچین، رەنگە باشترین لێکدانەوە ئەوە بێ کە بڵێین ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییدا سەروەری دەکرێ بەشێوەیەکی هاوبەش، بەشکراو یا پلورالیست چاوی لێ بکرێ و هەرێمەکانیش بە سەروەر یان بە یەکێک لە هەڵگرانی سەروەریی دەوڵەت دابنرێن، لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئاکامگیرییەکە روونترە و دەبێ بڵێین کە ئەگەرچی هەروەک دواتر دەیبینین هەرێمەکانیش دەتوانن پێوەندیی نێونەتەوەییان هەبێ، بەڵام ئەوە هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێ کە تەنیا دەوڵەتی ناوەندی سەروەرە و مافی نێونەتەوەییش تەنیا دەوڵەتی ناوەندی بە لێپرسراوی هەڵسوکەوتی خۆی و سەرجەم نیهادەکانی دەزانێ. بەڵگەی ئەو قسەیەش لە سەمبولە نێونەتەوەیییەکانی سەروەریدا خۆی دەنوێنێ. یەکێک لەو سەمبوولانە میللییەتە. مەعموولەن لە دەوڵەتانی فیدراڵ دا هەموو هاونیشتمانان هەر یەک میللیەتیان هەیە و نموونەی وەک بۆسنی هێرزەگۆڤین کە لەوێ دوو میللیەت هەیە زۆر ئیستسناییە و پێوەندیی بە ویستی پێکەوەراگرتنی بەهەموو قیمەتی هەرێمەکانەوە هەیە. بەڵگەیەکی دیکەی یەکانەیی بوونی سەروەریی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە بۆ نموونە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

تەنیا دەوڵەتی ناوەندی کە دیارە دەکرێ نوێنەری هەرێمەکانیش لە وەڤدەکاندا هەبن بەڵام تەنیا دەوڵەتی ناوەندی ئەندامە.[13]

## ج . سروشت و ژمارەی هەرێمەکان

سروشتی هەرێمەکان و پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ (=دەوڵەتی ناوەندی) سروشتی سەرجەم قەوارەی فیدراڵیش پێناسە دەکا. ئەوەش بە شێوە و رادەی دابەشکردنی سەلاحییەتەکانەوە بەستراوەتەوە. هەروەها مەسەلەی سیاسی بوون و نەتەوەیی بوونی هەرێمەکان و ژمارەیان دەتوانێ مانابەخش و سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشە یا ئاکام بێ. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر هەر کام لەو لایەنانە با هەڵەیەکی زێهنی لە پێوەندی لەگەڵ بناخەی سەرزەمینیی دەوڵەتی فیدراڵدا راست بکەینەوە.

### – چوارچێوەی جوغرافیایی دەوڵەتی فیدراڵ (= دەوڵەتی ناوەندی)

مۆرکی هەرە بەرچاو و سەرەتایی فیدرالیزم دابەشکردنی دەسەلات بەسەر کۆمەڵێک نیهاد و قەوارەدایە کە بناخەیەکی جوغرافییان هەیە، واتە چوارچێوەی ئەو نیهاد و قەوارانە بەشێک لە سەرزەمینی ولاتە. هەڵەیەکی کە لەو پێوەندییەدا دەبێ خۆی لێ ببوێرین ئەوەیە کە پێمان وابێ وەک چۆن هەرکام لە هەرێمەکان ناوچەیەک لە ناوچەکانی ولاتیان وەبەر دەکەوێ، لەسەر نەخشەی ئیداریی ولاتیش بەشێکی وەبەر دەوڵەتی ناوەندی یا دەوڵەتی فیدرال دەکەوێ. لە فیدرالیزمدا هیچ بەشێکی ولات هی دەوڵەتی فیدرال نیە و هەر لەو کاتەدا هەموو خاکی ولات مەیدانی سەلاحییەتی دەوڵەتی فیدراله (دیارە بەو مەرجە کە دابەشکردنی دەسەلات رێگای پێ بدا). هیچ هەرێمێک مافی ئەوەی نیە کە لەسەر خاکی هەرێمێکی دیکەدا ئیعمالی سەلاحییەت بکا، بەلام بۆ دەوڵەتی فیدرال ئەو سنوورە جوغرافییە وجوودی نیە .

---

[13] ئیستسنایەکی ناسراوی ئەو مەسەلەیە ئەندامەتیی ئۆکراین و گورجستان لە سەردەمی شەڕی سارد لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو لە حاڵێکدا ئەوان دوو کۆماری وەک هەموو کۆمارەکانی نێو فێدراسیۆنی شووڕەوی بوون. لە راستیدا ئەو مەسەلەیە زۆرتر سیاسی و بەمەبەستی سەنگ بەخشین بە حزووری نێونەتەوەیی سۆڤییەت بوو، نەک ئەوەی بناخەیەکی حقووقیی راستەقنیەی هەبێ.

کەوابوو دەسەڵات و سەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی دەتوانێ سنووری ماتریالی هەبێ (واتە بەپێی بوار سنووری بۆ دابنرێ)، بەڵام سنووری جوغرافیایی نیە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو شتمان دەبێ لەبیر بێ :

یەکەم ئەوە کە لە هێندێک لە ئەزموونە فیدرالیەکاندا یەکێک لە هەرێمەکان هی گەلێکە کە لەنێو سەرجەم فێدراسیۆندا لەباری کولتوری و سیاسی و ئابووریەوە باڵادەستیی هەیە و پێتەختی سەرجەم دەوڵەت و بنکەی نیهادەکانی فیدراڵیش لەوێ هەڵکەوتوون. ئەو شتە بەتایبەتی لەو شوێنانە هەست پێ دەکرێ کە ئەزموونەکان زۆر دێموکراتیک نەبوون و قەوارەی گشتیی وڵات لە ئاکامی پێکەوە لکاندنی بەزۆریی سەرزەمینە جۆر بە جۆرەکاندا پێک هاتوە. بۆ نموونە لە فێدراسیۆنی سۆڤییەتدا هەرێمی رووسیە یا لە فێدراسیۆنی یووگۆسلاڤیی پێشوودا هەرێمی سێرب ئەو نەخشەیان هەبوو. بەڵام ئەو باڵادەستییەی یەکێک لە هەرێمەکان نابێ ببێتە هۆی ئەوەی هەرێمی گەلی باڵادەست و نیهادەکانی فیدراڵ پێکەوە تێکەڵ بکەین و لە ئاکامدا بەهەڵە پێمان وابێ دەوڵەتی فیدرال چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیاریکراوی هەیە .

تێبینیی دووهەم شتێکە کە دەکرێ ئەویان بە ئیستسنای نەبوونی چوارچێوەی جوغرافیایی دەوڵەتی ناوەندی دابنێین. ئەو ئیستسنایەش بریتییە لەوەی لە هێندێک ئەزموونەدا بەڕێوەبردنی مەڵبەندێک یان شارێکی وڵات بەهۆی گرینگیی ئابووری و سیاسی و نیزامیی، وەیان بەهۆی پێکهاتەی ئینسانیی فرە چەشنی راستەوخۆ بە دەوڵەتی فیدراڵ دەسپێردرێ، چونکە سپاردنی بە هەر هەرێمێکی دیکە نارەزایەتیی هەرێمەکانی دیکەی لێ پەیدا دەبێ وەیان بەرژەوەندی گشتیی وڵات لاواز دەکا. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین بروکسێل لە بێلژیک جیا لەوە کە وەک هەرێمی فیدرالیش بەرەسمی ناسراوە بەڵام بۆ کاروباری هاوبەش وەک هەرێمێکی فیدرالیش بەڕێوە دەچێ.

## – فیدرالیزمی سیاسی و فیدرالیزمی ئیداری

ئەو جیاوازییەی لەنێوان فیدرالیزمی سیاسی و فیدرالیزمی ئیداری دادەنرێ لە راستیدا زۆرتر دیتنێکی سیاسەتمەدارانەی فیدرالیزمە و لە حقووقی سیاسیدا ئەو جیاوازیدانانە برەوی نیە. لە حقووقی سیاسیدا چەمکێک بەناوی فیدرالیزمی سیاسی

وجوودی نیە، بەڵام باسی ئەوە هەیە کە دەسەڵاتی هەرێمەکان سیاسیيە یا سیاسی نیە. کاتێکیش باسی سیاسی بوونی دەسەڵاتێک دەکرێ ئەوە بە مێکانیزمە نیهادیيەکانی دێموکراسی لە بەرزترین ئاستیدا وەک بوونی پارلمان و حکوومەت وەیان هەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان و بڕیاردان بەبێ دەستێوەردانی نیهادێکی سەروو دەبەسترێتەوە. لە بەرامبەردا چەمکی فیدرالیزمی ئیداری لەلای هێندێک لە مافناسانی دەوڵەت هەیە کە ئەو کاتە مەبەستیان فیدرالیزمی بەجێگەیاندنە. فیدرالیزمی بەجێگەیاندنیش وەک لەشوێنی خۆیدا دەیبینین مەبەست ئەو ئەزموونانەیە کە لەواندا سەڵاحییەتی یاسادانان زۆرتر لەدەست دەوڵەتی ناوەندیدا دەمێنێتەوە و هەرێمەکانیش ئەرکی بەجێگەیاندنیان تەنانەت بۆ یاسا و ڕێوشوێنە فیدرالیيەکان دەکەوێتە سەر شان.

## – مەسەلەی نەتەوەیی بوونی فیدرالیزم

مەسەلەی نەتەوەیی بوون یا نەتەوەیی نەبوونی هەرێمێک یان هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵدا یەکێک لە پڕ کێشەترین و باسهەڵگرترین لایەنەکانی موتاڵای فیدرالیزمە و لەبەر ئەوە کە بۆ ئێمەی کوردیش زۆر بایەخدارە با هەڵوێستەیەکی درێژتری لەسەر بکەین. بۆچوونی جۆر بە جۆر سەبارەت بەوە هەیە کە ئایا بەراستی بە قازانجە کە مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکدا بکرێتە بناخە و پێوانەی قەوارەی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵات، چونکە گۆیا بەرەسمی ناسینی نەتەوایەتی لە بواری دەوڵەتیدا بە تەشەنوجاتی قەومی تەشەنە دەبەخشێ و دەتوانێ ئەنجامی مەترسیداری هەبێ و باشتر وایە بناخەی پێوەندیيە سیاسیيەکانی وڵات تەنیا مافی تاکەکەسەکان بێ بۆ ئەوەی هاوپێوەندیی نێوان خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵات بەسەر کلیڤاژ (سەفئاراییی)ە قەومیيەکاندا پاز بدا و لە ئاکامدا مرۆڤەکان ئەرجەحییەتە سیاسیيەکانیان لە ڕوانگەی قەومییەتەوە چاو لێ نەکەن.[14]

[14] بڕوانە ئاسۆی حەسەن زادە، "بەبەس نەزانینی مافەکانی هاووڵاتی بۆ کەمە نەتەوەکان: ستراتیژیيەکی زۆر ڕەوای حقووقی"، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەکانی پاییزی 2003.

لە سەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر ڕێگاچارەیەکی سیاسی پێوەندیدار بە مافی گەلانەوە پێویستە هەم قازانجی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی وان و هەم ویستی وان وەبەر چاو بگرین. مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە داخوا فرەنەتەوەیی بوونی پێکهاتەی ولاتێکی جێگای باس دانی پێدا دەنرێ یا نا. کاتێک ئەو هەقیقەتە سادەیە قبووڵ کرا، ناکرێ لەبەرئەوەی گەلی حاکم ئیدئالی پێکەوە ژیان بە قازانجی هەرمانی هێژێمۆنیی خۆی تەفسیر دەکاتەوە، ئەو گەلە لە مافەکانی گەل بوونی کە یەکێکیان دیاریکردنی چارەنووسیەتی بێبەش بکرێ. لە عەوەزدا دەکرێ لە کاتی دیاریکردنی چارەنووسیدا گەلەکە بەرژەوەندی پێکەوە مانەوە لە نەزەر بگرێ و بەم جۆرە فۆرمی هەڵبژێراوی دیاریکردنی چارەنووس بە چەشنێک بێ کە حەز و قازانجەکانی هەموو لا پارێزرابن. زۆر جاریش (وەک لە مەسەلەی کورددا) ئەگەر گەلێک بەراستی لە دیزاینی سیاسیی ولاتدا شوێنی شیاوی خۆی پێ بدرێ، ئەو گەلە رەنگە حازر بێ فۆرمێکی مافی چارەنووس هەڵبژێرێ کە ئاکامەکەی لێک ترازان و جیابوونەوە نەبێ.

مەسەلەی نەتەوەیی بوونی هەرێم یا هەرێمەکانیش هەر دەبێ ئاوا چاوی لێ بکرێ. وەک لە بەشی دووهەمدا باسی دەکەین هیچ کەس ناتوانێ بەشێوەی زانستی و لە موتڵەقدا فیدرالی‌یەک بە هۆی نەتەوەیی بوونی مەحکووم بکا. بەڵام ئەگەر تەنانەت نەتەوەیی کردنی فیدرالیزمیش کێشە خوڵقێن بێ، ویستی ئەو گەلەی داوا دەکا هەویەتی نەتەوەیی بکرێتە پێناسەی بەشدار بوونی لە دێموکراسیدا دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ.

پاشان واقعییەتی مەسەلەکەش زۆر گرینگە. لە هەر شوێنێک کە هەستی نەتەوایەتی لە گەلێکدا بە چەشنێک پەرەی ئەستاندبێ کە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە هاوپێوەندی‌یە سیاسی‌یەکانیان پێش هەموو شتێک بەپێی تەعەللوقی نەتەوایەتی‌یان پێناسە بکەن، پێشنیاری هەر چەشنە ڕێگاچارەیەک کە ئەو ئارەزوویە لە نەزەر نەگرێ لە تەعلیقی کێشەکان زیاتر نیە، تەعلیقێک کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی نەک هەر کێشەکە بە سەرپۆشکراوی و چارەنەکراوی بمێنێتەوە، بەڵکوو لە زەمانێکی دواتردا بەشێوەی زۆر مەترسیدار سەر هەڵداتەوە.

ئەگەر لە ولاتێک کلیڤاژی قەومی و نەتەوەیی وجوودی نەبێ مەسەلەکە روونە و پێویست بە باس و خواس ناکا. بۆ نموونە فیدرالیزمی ئاڵمان و ئوتریش بناخەیان ناوچەیی‌یە نەک قەومی. وەیان لە ئەمریکا و لە ئوستراليا، ئەگەر مەسەلەی گەلانی

بـوومی (هینـدی‌یـەکـان و ئابۆریژێنـەکـان)ی لـێ دەرکـەیـن، کلیڤـاژەکـان زۆرتـر کۆمەڵایەتین نەک سیاسی و قەومی. لە ئاکامدا لەو وڵاتانەدا پرسی نەتەوەیی بوونی هەرێمەکان مەترەح نیە. بەڵام ئەوە کە وەزعەکە ئاوایە، لە ئاکامی بڕیارێکی عەمدیی نەتەوە سازی و دەوڵەتسازیدا نیە، بەڵکوو لە ئاکامی پرۆسەیەکی مێژووییدایە .

لـە بـەرامبـەردا لـەو وڵاتانـەدا کـە گـەلانیـان خۆیـان وەک گـەل یـا نـەتـەوە پێناسـە دەکـەن و حـازر نـین لـە هـەویـەتێکـی سـەراسـەریـدا بتوێنـەوە، ئـەو ناسـیۆنالیزمە نێوخۆیی‌یە هیچی لـەگـەڵ ناکرێ و عـەقلانی‌ترین کـار پێشگیری لـە خۆدەرخستنی بنیاتنەرانەی نیە.

ئەمە واقعییەتێکە کە لە بۆچوونەکانی زۆر لە فەیلەسووفەکانی زانستی سیاسـیدا سـەلمێنـدراوە. بـۆ نموونـە بـە بـاوەڕی جـۆن سـتیوارت میـل لـە مـەیدانی سیاسـی و حکوومەتیدا هووییەتی نەتەوایەتی و قەومی بەهێزترین هووییەتە. هەربۆیە پێی وایە کە دامەزراندنی نیهادی ئازاد و کراوە (واتـە بـەبێ وەبـەرچـاوگرتنی تـەعـەلووقـاتی کولتـوری و قـەومـی) لـە وڵاتـانی فـرە نـەتـەوەدا یـەکجـار زۆر دژوارە و تـەنیـا رێگـا ئەوەیە کە سنووری قەوارەی نیهادەکان لەگەڵ سنووری مەڵبەندی میللیەتەکان یەک بگرێتـەوە.[15] لـە نێـو بیرمـەنـدە هاوچـەرخـەکانیـشدا رای دەیڤیـد ئیـستن[16] شـایانی ئاماژە پێکردنە چونکە ئەو بەتایبەتی لە روانگەی فیدرالیزمـەوە چـاو لـە مـەسـەلـەکـە دەکـا. بـۆ ئیـستن، کاتێـک کلیڤـاژە قـەومـی‌یـەکـان بـەهێـزن، کێشـەکـە بـە مێکانیزمـە ئیسلاحییەکانی بەشداری لە دێموکراسیدا چارەی نایەت و پێویستی بە دامەزراندنی سیستمی فێدراڵی یا کۆنفێدرال هـەیـە، چونکـە جـاری وایـە ئـەوە کـە گـەلێک بیـەوێ چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و لەسەر خاکی خۆی بۆخۆی حاکم بێ هـیچ پێوەنـدیی بـەوەشـەوە نیـە کـە چـەنـدە لـە رێژیمـی مـەوجـوود رازی‌یـە، بـەڵکوو ئـەو ئـارەزوویـە ئـارەزوویـەکی زاتـی و جـەوهـەری‌یـە.مانـای ئـەو قسانە بـۆ ئێمـە لێرەدا ئەوەیە کە لە وڵاتێکدا کە کێشـەی نەتەوایەتی هـەیـە، لانـی کـەم بـۆ ئـەو گـەلانـەی کـە

---

(15) MILL, John Stuart, *Considerations of Representative Government*, cité par SEGESVARY, Victor, *World State, Nation States or Non-Centralized Institutions? A Vision of the Future in Politics*, University Press of America, 2003, pp. 55 et s

(16) EASTON, David, *A Systems Analysis of Political Life*, University of Chicago Press 1979, p. 233.

خواستی میللی لە شکڵێکی پێشکەوتوودا دەخەنە روو، پێویستە سروشتی هەرێمەکەیان قەومی بێ .

بەڵگەی ئەو راستی‌یە کە ویستی نەتەوایەتی بە پشت گوێ خستنی لە نێو ناچێ و لە دواییدا دەوڵەت هەر ناچار دەبێ دانی پێدا بنێ لە مێژووی فیدرالیزمیشدا زۆرن. لە هیندوستانی فرە قەوم و فرە نەتەوە لە سەرەتادا ئیستیعماری ئینگلیس کە دەیویست وڵاتەکە فێدرالیزە بکا رازی نەبوو کە قەومییەت و جیاوازیی زمان بکرێتە بناخەی کێشانەوەی هەرێمەکان و ئەو خەتە تا چەند ساڵێکیش لەلایەن کاربەدەستانی هیندوستانی سەربەخۆ درێژەی پێ درا. بەڵام ویستی قەومی لە گۆشە و کەناری ئەو وڵاتە بە چەشنێک پەرەی گرت کە نەهەرۆ ناچار بوو بە تایبەتی لە دوای ساڵی 1956 نەخشەی هەرێمەکان لە سەررا بکێشێتەوە و هەتا ساڵی 1966 زۆر هەرێمی نەتەوەیی و قەومی ساز کران.[17] لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی سیاسی وڵاتان بەلگەیەکی دیکەیە کە هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی "تەسلیم ناپەزیر" و تەنانەت "موقاوەمەت ناپەزیر"ە. لە زۆر وڵاتدا تەعەللوقی قەومی ئەوەندە بەهێزە کە حاشالێکردنی هیچ دەردێکی دەرمان نەکردوە و تەنانەت سەرەرای هەموو کێشەکانیشی سڕینەوەی هەر مەوزووعییەتیشی نەبووە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی سەراسەریی پاکستان دا لە ساڵی 1971، واتە پێش ئەوەی پاکستانی رۆژهەڵات (= بەنگلادێشی ئەمرۆ) جیا بێتەوە، بەرەی رۆژهەڵات 153 کورسیی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بردبۆوە، لەسەر ئەو 151 دەنگە، 151 دانەیان بەرهەمی ئەو دەنگانە بوون کە خەڵکی رۆژهەڵاتی پاکستان پێی دابوو![18] یان ئەگەر چاو لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێموکراتیکی وەک بێلژیک بکەین دەبینین کە قەومییەت و نەتەوایەتی هەموو کەشی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتی داگرتوە و لەوێ سەرجەم حیزبەکان ئەحزابی میللیین .

لە راستیدا فیدرالیزم تەنیا کاتێک دەتوانێ رێگاچارەی دڵخواز و جێگای پەسندی گەل یا کەمە نەتەوەیەک بێ، کە ئەو گەل یا کەمە نەتەوەیە خاوەنی یەک یا چەند

---

[17] RAJAGOPLAN, Swarna, « Internal Unit Demarcation and National Identity : India, Pakistan and Sri Lanka », in W. Safran & R. Maiz (eds), *Identity and Territorial Autonomy in Plural Societies*, F. Cass, London 1999, pp. 191-215.

[18] هەمان سەرچاوە.

هەرێم بێ کە بناخەکەیان کەسایەتیی قەومی یا نەتەوەیی ئەو گەلە بێ. (دیارە هەروەک دواتر دەیبینین تازە ئەوەش مەسەلەی مافی کەمایەتی‌یەکان بە تەواوی چارە ناکات و پێویستە هێندێک مێکانیزمی دیکەشی پێوە زیاد بکرێ کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین).

ئەگەر چاوێک لە دەستووری فیدرالّیی هێندێک لە ولاتانی فرەنەتەوە بکەین شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش کە تووشی دەبین ئەوەیە کە زۆریان لە ئاستی نیهادی و قەوارەکاندا مافی نەتەوەیی بە گەل و کەمەنەتەوەکانیان دەبەخشن، بەلاّم هەر لەو کاتەدا خۆ لە کێشە تیئۆری‌یەکانی پێوەندیدار بە نەتەوە و نەتەوایەتی دەبوێرن. بۆ نموونە دەستووری سویس باسی ئەوە ناکا کە ولاتێکی فرەنەتەوەیە، بەلاّم لەلایەک لە پێشەکی‌یەکەیدا باسی "نەتەوەی سویس " و یەکێتی‌یەکەی دەکا و لەلایەکی دیکەوە لە ماددەی یەکەمیدا باسی "گەلانی کانتۆنەکان" دەکا. شکیش لەوە دا نیە کە ئەو زەرافەتکاری‌یە زمانەوانی‌یە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە هەرێمەکانی سویس ئەگەر ریشەی دروست بوونیشیان مێژوویی بووبێ، سروشتی نەتەوەیی‌یان هەیە چونکە لەنێو 26 کانتۆنەکەی سویس زیاترلە 20 دانەیان هەرێمی تایبەتیی قەومێک یا زمانێکن .

لە ئەفریقای باشووریش کەمەنەتەوەکان لە سەرتاپای قەوارەی دەولّەتدا حازر و مەوجوودن بەبێ ئەوەی لە هیچ کوێیەک دیار بن. لە راستیدا سیستمی ئەو ولاتە تێکەلّێکە لە چەندین مۆدێل. لە دوایین سالّەکانی ئاپارتایددا هێندێک راوێژ و لێکۆلّینەوە سەبارەت بە ریفۆرمی سیستم کرا. دوو روانگەی پێچەوانەی یەکتر بریتی بوون لە بەرەی "کووازووال-ناتال" و کۆمیسیۆنی یاساکانی سالّی 1991. یەکەمیان لە ئاکامگیری‌یەکانیدا پێشنیاری کردبوو کە هەرکام لە تاکەکەسەکان خۆیان لە گرووپێکی قەومی یا رەگەزیدا ناونووس بکەن و دەسەلاّت بەشێوەی جیاکراوە لەنێوان رەش پێست و سپی پێستەکاندا دابەش بکرێ، بەلاّم روانگەی دووهەم کە لە ئاخریدا هەر ئەویش سەرکەوت بریتی بوو لەوەی بناخەکە بە رەسمی کۆمۆنۆتەکان (=قەومەکان) نەبێ، بەلّکوو هەموو هاوولاّتی‌یەکان وەک یەک

چاو لێ بکرێن.[19] لێرەدا هەروەها دەتوانین ئیشارە بە دەستووری بۆسنی هێرزەگۆڤین بکەین کە بوونی هیچ نەتەوەیەک تەنانەت نەتەوەیەکی هاوبەشیشی تێدا باس نەکراوە. ئەوە لە حاڵێکدا گومان لەوەدا نیە کە جەوهەر و بەرگی دیزاینی نیهادیی ئەو وڵاتە نەتەوایەتی‌یە.

ئەو خۆپاراستنە عیبارەتی‌یە لە مەسەلەی نەتەوایەتی لە هێندێک لەو پرۆسە دەستووری‌یانەدا کە ئیشارەمان پێ کرد نابێ موتڵەق وەربگیرێ. چونکە لەلایەک هەروەک گوتمان لە کردەوەدا ئێتنیسیتە قەوارەی نیهادیی هەموو ئەو مەوریدانەی داگرتووە، لەلایەکی دیکەوە نموونەی زۆر ناسراوی وەک کاناداشمان هەیە کە لەوێ ئەگەرچی هاووڵاتییەتیی راستەقینە چەسپاوە، بەڵام ئەوە مافی هاووڵاتی نیە کە بە بناخەی یەکەمی سیستمی وێ دادەنرێ، بەڵکوو ئیجماعی نێوان فەرانسەیی زمان و ئینگلیسی زمانەکان.

## – گرینگیی ژمارەی هەرێمەکان

مەسەلەی نەتەوەیی بوونی هەرێمەکان و ژمارەی ئەو هەرێمانە بە یەکتری‌یەوە بەستراونەوە. ئەگەر لە دەوڵەتێکی فیدرالدا هەرێمەکان نەتەوەیی نەبن ئیحتیمالی زۆربوونی ژمارەی هەرێمەکان لەسەرترە. گرینگیی ژمارەی هەرێمەکان لەوەدایە کە شوێن لەسەر رادەی دابەشبوون و ئەتۆمیزاسیۆن (=ورد و خاش کردن) ی دەسەڵات و نیهادەکان دادەنێ. بەڵام ئەو بایەخە بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ گەل یا کەمە نەتەوەیەکدا خۆی دەنوێنێ کە لە باری قەومی و فەرهەنگی‌یەوە لە باقیی خەڵکی وڵات جیاوازە .

لەراستیدا هەڵسەنگاندنی قازانجی هەر گەل یا هەرێمێک بەوەوە بەستراوەتەوە کە پێکهاتەی وڵاتەکە چۆنە. ئەگەر لە وڵاتێک چەندین گەل یا نەتەوەمان هەبێ کە لەباری حەشیمەتەوە زۆر لێک دوور نەبن، دەکرێ هەرکام لە هەرێمەکان خاوەنی هەرێمی نەتەوەیی خۆی بێ و ئەو کاتە مەسەلەی ژمارەی هەرێمەکان مەترەح نیە. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێکمان نیە کە لەوێ حەشیمەتی گەلانی پێکهێنەری

---

(19) DARBON, Dominique, « United in our diversity : la protection voilées des minorités occultées en Afrique du Sud », in N. LEVRAT(dir.), *Minorités et organisation de l'Etat,* Bruylant, Bruxelles 1998, pp. 429-465.

یەکسان بێ، پێویستە بە هێندێک مێکانیزمی بەرابەریی نیهادی (کە دواتر باسیان دەکەین) قەرەبووی نابەرابەرییە رێژەیی‌یەکان بکرێتەوە.

مەسەلەی ژمارەی هەرێمەکان بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا گرینگە کە تەنیا دوو نەتەوەی تێدا دەژین. ئەگەر لەباری دێموگرافی‌یەوە جۆرێک هاوسانی لەنێوانیاندا هەبێ، پێویستە ئەو هاوسانی‌یە لە کێشانەوەی قەوارەی نیهادە فیدرالی‌یەکانیشدا رەنگ بداتەوە (بۆ نموونە لە بێلژیک کە هولەندی زمانەکان و فەڕانسەوی زمانەکان بەرابەرن .)

بەڵام ئەگەر لە دوو نەتەوەی پێکهێنەری وڵات یەکێکیان لەباری حەشیمەتەوە زۆر لەوەی دیکە کەمتر بێ (وەک لە عیراق)، قازانجی نەتەوەی کەمینە لەوەدا نیە کە بۆخۆی لەبەر ئەوەی ویستوویەتی هەرێمەکەی نەتەوەیی بێ و لە تاقە یەک هەرێمدا کۆ بێتەوە، لەئاست نەتەوەی زۆرینە کە بۆخۆی چەندین هەرێمی هەیە بکەوێتە پەراوێزەوە و تەریک بێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵاتی هەموو هەرێمەکان وەک یەک دابەش بکرێ. ئەگەریش نەتەوەی کەمینە هەر یەک هەرێمی نەتەوەیی هەبوو و سەرجەم وڵاتیش بە چەندین هەرێم تەنرا، پێویستە بۆ نەتەوەی کەمینە کۆمەڵێک مێکانیزمی تایبەتی وەبەرچاو بگیرێ بۆ ئەوەی ئەو لاسەنگی‌یە قەرەبوو بکرێتەوە .

لەپێوەندی لەگەڵ ژمارەی هەرێمەکاندا دەتوانین چەند نموونەیەک بێنینەوە کە گرینگی هەبوونی ستراتیژی‌یەکی روون لەو بوارەماندا بۆ دەردەخەن. نموونەی یەکەم پێوەندیی بە نەتەوەی باڵادەستەوە هەیە و پێمان دەڵێ کە ئێلیتی حاکم لە دارشتنی تەقسیماتی ئیداریی وڵاتدا قەت بێ نییەت نیە. لە سەرەتاکانی بە سەربەخۆیی گەیشتنی پاکستاندا قەوارەی وڵات و چەند و چۆنیی هەرێمەکان کێشەی زۆری لەسەر بوو. رکەبەریی سەرەکییش لە نێوان پاکستانی رۆژهەڵات و پاکستانی رۆژئاوادا بوو. لە سەرەتادا ژمارەی هەرێمەکان زۆر بوون بەڵام رۆژهەڵاتی پاکستان لەباری دیمۆگرافی‌یەوە بارستایی زۆرتری هەبوو. هەربۆیە لە ساڵی 1956 دەوڵەتی ناوەندی هەموو پاکستانی رۆژئاوای لە یەک هەرێمدا تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگی‌یە بە قازانجیی خۆی تێک بدا .

با ئەمجار لە چاوی کەمایەتی‌یەوە لە مەسەلەکە بروانین. لە کانادا لە سەرەتادا کە ژمارەی هەرێمەکان کەم بوو، فەڕانسەیی زمانەکانی کێبێک لە وەزعییەتێکی لەباردا بوون بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەیالەتەکانی رۆژئاوا و ئەیالەتە دەریایی‌یەکان

باڵانسەکە بە تەواوی بە زەرەری خەڵکی کێبێک تەواو بوو چونکە ژمارەی هەرێمەکان چووە سەر.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژیی گەلی کەمینەدا دەتوانین نموونەی نیجێریش بێنینەوە. باشووری نیجێر ناوچەیەکی دەوڵەمەندی نەوتی‌یە کە قەومێکی بە ناوی ئۆگۆنی‌یەکان لێ دەژی. مەسەلەی ملکداریێتیی و بەهرەبردن لەو نەوتە هەمیشە کێشەی زۆری لەسەر بوە. لەبەر ئەوەی قازانجیی نیهادیی وان ئەوەی دەخواست و بەتایبەتی بۆ ئەوەی توانای زیاتری کۆنترۆڵی چاڵە نەوتی‌یەکانیان هەبێ بۆخۆیان داوایان لە دەوڵەتی ناوەندی کرد کە بەسەر چەندین هەرێمدا دابەش بکرێن، بە چەشنێک ژمارەی سەرجەم هەرێمەکانی وڵات لە 3 وە گەیشتە 30.[20]

## د. گۆڕانکاری لە هەرێمەکانداو شێوەی دیاریکردنی سنووری هەرێمەکان

هەروەک گوتمان فیدرالیزم دەبێ وەک پرۆسەیەک چاوی لێ بکرێ کە دەتوانێ بە رەوتێکی بەردەوامی گۆڕانکاریدا تێپەڕ بێ. دەستووری فیدراڵ دەکرێ پێداچوونەوەی جۆربەجۆری لە قۆناغی جیاوازدا لێ بکرێ کە ساز کردنی هەرێمێکی نوێ دەتوانێ یەکێک لەو گۆڕانانە بێ. پێش ئەوەی نموونەیەکی روونی سازکردنی هەرێمێکی نوێ و شێوەی دیاریکردنی سنوورەکانی شی بکەینەوە با بزانین لە فیدرالی‌یە جۆراوجۆرەکانی دنیادا رێوشوێنی گشتیی ئەو مەسەلەیە چۆنە .

لە بێلژیک دەسکاری کردنی سنووری ناوچە زمانی‌یەکان یان هەر دەسکاری‌یەکی پێوەندیدار بە چەند و چۆنیی هەرێمەکان بە یاسای تایبەت نەبێ ناکرێ کە پێویستیی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی حازر لە هەردوو ئەنجوومەنی ژووری نوێنەران و سەنا و زۆرینەی هەرکام لە دوو گرووپە زمانی‌یەکان هەیە. لە ئەمریکا سەلاحییەتی وەرگرتنی ئەندامی تازە وەک ئەیالەت لە دەست کۆنگرەدایە. لە ئارژانتینیش ئەوە لە سەلاحییەتی کۆنگرەدایە بەلام دەبێ هەرێمە پێوەندیدارەکانیش پێشتر رەزایەتیان دابێ. لە کانادا و رووسیە و ئوتریشیش هەر بەم جۆرەیە. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین هەرجۆرە گۆڕانکاری‌یەکی لەو

[20] LALAYE, Oyedekpo Mouftaou, “Groupes minoritaires et organisation institutionnelle: le cas du Nigéria”, in N. LEVRAT, préc. pp. 463-495.

بابەتە دەبێ رەزایەتی هەردوو هەرێم (فێدراسیۆنی بۆسنی و کۆماری سێربسکا) ی لەسەر بێ .

لە هەمووی گرینگتر ئاڵمان و سویسن کە لەواندا بەشێوەی سیستماتیک و راستەوخۆ پرسیش بە دانیشتووانی ناوچەی ژێر نەزەر دەکرێ. لە ئاڵمان سازدانی هەرێمی تازە و گۆڕینی سنوورەکان لەرێگای یاسایەکی فیدراڵەوە دەکرێ، بەڵام دەوڵەت دەبێ پێشتر گوێی بۆ نەزەری لاندەکان(=هەرێمەکان) راداشتبێ. پاشانیش لە ناوچەکە ریفراندۆم دەکرێ بۆ ئەوەی خەڵک بۆخۆیان بڕیاری ئاخیری لەسەر بدەن. زۆر سەرنجراکێش لە ئەزموونی ئاڵماندا ئەوەیە کە لەوێ هەر چەشنە رێکخستنەوەیەکی هەرێمەکان و سازکردنی هەرێمێکی نوێ دەبێ پاساو (توجیە)ی فەرهەنگی، مێژوویی، زمانەوانی یا ئابووریی هەبێ .

ئێستا با بچینە سەر نموونە تایبەتی‌یەکەمان کە لە سویس هەڵکەوتوە و بریتی‌یە لە کانتۆنی ژوورا. ژوورا ناوچەیەکی سویسە کە زۆربەی دانیشتووانی فەرانسەیی‌زمان و کاتۆلیکن و ساڵی 1815 خرابووە سەر کانتۆنی بێرن کە ئەمەیان بە زۆرینە ئاڵمانی زمان و پرۆتێستانن. سازکرانی کانتۆنی ژوورا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕی کە بە رادەی هەرە باڵا دێموکراسی و ئیرادەی خەڵکی وەبەر چاو گرت. یەکەمین ریفراندۆم ساڵی 1974 کرا کە لە ئاکامدا خەڵکی ئەو حەوت قەزایەی ناوچەی ژوورا پێک دێنن دەنگیان بۆ سازکردنی کانتۆنی ژوورا دا، بەڵام بە زۆرینەیەکی زۆر کزەوە. بۆ دیاریکردنی سنووری کانتۆنی نوێ لە مانگی مارسی 1975 دا لە هەر کام لە قەزاکان بە جیایان پرسی کە لە ئاکامدا سێ قەزای باکوور موافیقی جیابوونەوە لە بێرن بوون و چوار قەزاکەی باشوور موخالیف. پاشان لە مانگی ئۆکتۆبری هەمان ساڵدا لە یەک یەکی شارە سنووری‌یەکانیان پرسی کە لە ئاکامدا هەشت شاری سنووری دەنگیان بە چوونە گەڵ هەرێمی نوێ دا و حەوتیشیان بڕیاریان دا لەگەڵ بێرن بمێننەوە. قۆناغی دواییی ئەو پرۆسەیە بریتی بوو لە دەنگ وەرگرتنی سەراسەری کە لە مانگی سێپتامبری 1978 دا بەڕێوە چوو و هاوکات هەم کانتۆنەکان و هەم زۆرینەی خەڵکی وڵات دەنگیان بە ساز کردنی هەرێمی ژوورا دا.[21]

---

[21] MALINVERNI, Giorgio, « La protection des minorités en Suisse », in N. LEVRAT, préc., pp. 359-386.

### 3– دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

لە فیدرالیزمدا چەند بوارێک هەن کە قەلبی سەروەریی دەوڵەت پێک دێنن وەک سیاسەتی دەرەوە، دیفاع، دراو، پلانی گشتیی ئابووری، ... هتد کە بە روونی لە سەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندیدان. لە غەیری ئەوەدا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی ناوەندی لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە دەتوانێ زۆر جیاواز بێ.[22] پێش‌ئەوەی مەسەلەی دەسەڵات لە هێندێک بواری تایبەتیدا روون بکەینەوە، هەوڵ دەدەین پرەنسیپە گشتی‌یەکانی ئەو دابەشکردنی دەسەڵاتە بخەینە روو.

### ئەلف. تیپۆلۆژی (جۆرناسی) و پرەنسیپە گشتی‌یەکانی بەشینەوەی دەسەڵات لە سیستمی فیدراڵیدا

دارشتنی لیستەیەک لە بوارەکانی سەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی و هی هەرێمەکان لە ئەزموونە فیدراڵی‌یەکانی دنیادا کارێکی ئاسان نیە. شتێکی کە لێرەدا هەوڵ دەدەین باسی بکەین تێکنیکەکانی دابەشکردنی دەسەڵات وەیان مێعیارەکانی تیپۆلۆژیی ئەو دابەشکردنی دەسەڵاتەیە. دەتوانین ئەو تێکنیک و مێعیارانە بە شێوەی خوارەوە دەستە بکەین:

#### –بەرابەری یا نابەرابەریی هەرێمەکان لە سەلاحییەتەکانیاندا

جودا لەوە کە دەسەڵاتەکان چەندیان و کامانە وەبەر دەوڵەتی ناوەندی دەکەون و چەندیان و کامانە دەدرێن بە هەرێمەکان، مەرج نیە هەموو هەرێمەکان دەسەڵاتی بەقەدەر یەکیان هەبێ. فیدرالیزمێک کە لەودا هەموو هەرێمەکان لە ناوچەی خۆیان وەک یەک دەسەڵاتیان پێ‌دراوە و وەک یەک لە دەسەڵاتی سەراسەریشدا بەشدران پێی دەگوترێ فیدرالیزمی سیمێتریک کە مانای هاوسان بوون و موقارنە دەدا. بەپێچەوانەوە ئەگەر نەخش و جێگای هەرێمەکان وەک یەک و بەقەدەر یەک نەبێ،

[22] Commission Européenne de la Démocratie par la Droit, *L'Etat Fédéral et régional*, Conseil de l'Europe, Collection Science et techniques de la démocratie No. 19, 1997 ; ROUSSEAU, Mark O. & ZARIKSKI, Raphael, *Regionalism and Regional Devolution in Comparative Perspective*, Praeger, New York 1987.

بە فیدرالیزمەکە دەگوترێ فیدرالیزمی ئاسیمێتریک، واتە بوونی ستاتووی ناهاوسان و لێک جیاواز .

با بزانین ئەو جوداسازی‌یە (تمییز) چلۆن لە فیدرالی‌یە جۆربەجۆرەکاندا خۆی دەنوێنێ. لە ئاڵمان، ئوتریش، کانادا و بۆسنی هێرزەگۆڤین نەخش وجێگای هەموو هەرێمەکان وەک یەک و بەقەد یەکە و فیدرالیزمی سیمێتریکن. بەڵام رووسیە فیدراڵی‌یەکی ئاسیمێتریکە چونکە سووژەکانی فێدراسیۆن هەموویان لە ئەرک و ماف و دەسەڵاتدا وەک یەک نین. لەوێ بۆ نموونە تەنیا کۆمارەکان دەتوانن زمانی رەسمیی خۆیانیان هەبێ. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە لە رووسیە وردەکاری‌یەکانی دەسەڵاتی هەرێمەکان لە دەستووردا نیە، بەڵکوو دەوڵەتی فیدراڵ (=دەوڵەتی ناوەندی) لەگەڵ هەرکام لە سووژەکان رێککەوتنێک دەبەستێ کە لەودا دەتوانێ دەسەڵاتی زۆرتر بە هێندێکیان بسپێرێ و ئی کەمتر بەوانی دی .

ئەزموونی بێلژیک لەو بارەوە دوو لایەنەیە. لە بێلژیکیش وەک لە هەموو فیدراڵی‌یەکی دیکەدا نیهادەکان دوو قاتن. قاتی سەرەوە کە بریتی‌یە لە دەوڵەتی فیدراڵ و قاتی خوارەوە کە بریتی‌یە لە واحیدەکان. بەڵام جیاوازیی بێلژیک لەگەڵ هەموو ئەزموونە فیدراڵی‌یەکانی جیهان لەوەدایە کە قاتی خوارەوە بۆخۆی بەسەر دوو چەشن نیهاددا دابەش دەبێ کە بریتیین لە ناوچەکان (والۆنی، فلاندر، بروکسێل) و کۆمۆنۆتەکان(=کۆمەڵەکانی هولەندی زمان، فەرانسەیی زمان و ئاڵمانی زمان). سەلاحییەتی ناوچەکان کۆمەڵێک بواری وەک ئابووری، ژینگە، ئاوەدانکردنەوە، ئامرازەکانی پێوەندی، دەسەڵاتە محەللی‌یەکان، ... هتد دەگرێتەوە. هەرچی کۆمۆنۆتەکانیشە بواری سەلاحییەتیان بریتی‌یە لە کاروباری فەرهەنگی، پەروەردە، زمان، و باری تاکەکەسی، ... هتد. بوار و رادەی دەسەلاتی نێوان کۆمۆنەتەکان یا نێوان ناوچەکان وەک یەک و بەقەد یەکە بەو ئیستسنایەوە کە کۆمۆنۆتەی ئاڵمانی زمان دەسەڵاتی لەبواری خۆسازدان و زمانەوانیدا نیە و لە راستیدا لە فیدرالیزمی بێلژیک ئاڵمانی زمانەکان بە کەمینە حیسابن و لەگەڵ دوو قەومەکەی دیکە واتە فەرانسەیی زمان و هولەندی زمانەکان بەرابەر نین .

## – دەسەڵاتی دیاریکراو و دەسەڵاتی بەجێماو

مەبەست لەو جوداسازی‌یە ئەوەیە کە تێکنیکێکی جیاکردنەوە و هەڵوەژاردنی دەسەڵاتەکان لێرەدا ئەوەیە کە چاو لە دەستوور بکەین بزانین دەسەڵاتەکان چۆن

باس کراون. لە زۆر دەستووردا هێندێک دەسەڵاتی دیاریکراو یا بە ناوەند دەبەخشرێ و دەنووسن کە هەرچی ماوە لە دەسەڵاتی هەرێمەکاندایە، یا بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە لە دەستووری ئەمریکا، رووسیە، ئوتریش، سویس و ئاڵماندا بوارەکانی سەلاحییەتی دەوڵەتی فیدرال دیاری کراون و هەرچی ماوە بە بواری هەرێمەکان دادەنرێ. لە بێلژیک بەپێچەوانەیە واتە دەسەڵاتە دیاریکراو و ناوهاتووەکان هی هەرێمەکانن و هەرچی ماوە (بەبێ ئەوەی ناویان بێ) هی دەوڵەتی فیدراڵە و ئەگەریش قەرار بێ دواتر بوارێک حەواڵەی هەرێمەکان بکرێ دەبێ یاسایەکی تایبەتی رایبگەیەنێ. لە کانادا تێکنیکی بەکارهاتوو هیچ کام لەو دووانە نیە، بەو مانایە کە لە دەستووردا لیستی سەلاحییەتەکانی هەردوو ئاست (=فیدرال و هەرێمەکان) هاتوە و بەپێی عادەت هەرچیش کە بمێنێ بە بواری دەسەلاتی دەوڵەتی فیدرال دادەنرێ مەگەر ئەوەکە مەسەلەکە زۆر محەللی بێ .

## – چەشنایەتیی دەسەڵاتەکان بەپێی دەخالەتی دەوڵەتی فیدراڵ

مێعیارێکی دیکە بۆ رێکخستنی دەسەڵاتەکان ئەوەیە کە چاو لێ بکەین داخوا دەسەلاتی ناوەندی دەخالەت لە بوارەکەدا دەکا یا نا. لەو روانگەیەوە دەسەڵاتەکان بە شێوەی خوارەوە هەڵ دەوەژێردرێن:

– دەسەلاتی قەبزەکراو: بەو مانایەیە کە ئەگەر بوارێک بە هەرێمەکان بەخشرا، دەوڵەتی فیدراڵ ناتوانێ هیچ دەستێوەردانێکی تێدا بکا یا بە پێچەوانەوە. لە ئەمریکا هەم دەوڵەتی فیدرال و هەم هەرێمەکان بواری دەسەلاتی ئەوتۆیان هەیە کە ئاستە نیهادیی‌یەکەی دیکە ناتوانێ تەداخولی تێدا بکا. لە تیتری 7 ی یاسای بنچینەیی ئاڵماندا بوارەکانی دەسەلاتی دەوڵەتی فیدرال روون کراوەتەوە و هەرێمەکان تەنیا لەسەر ئیزنی وی دەتوانن لەو بوارانەدا بێنە کایەوە. لە بێلژیک و کانادا و ئارژانتین و بۆسنی‌هێرزەگۆڤینیش ئەو تێکنیکە هەیە .

– دەسەلاتی رکەبەری: لێرەدا هەرێمەکان خاوەن سەلاحییەتن تا ئەو کاتەی دەسەلاتی ناوەند نەهاتۆتە مەیدان. نموونەی ئەمەش ماددەکانی 71 و 72 ی دەستووری ئاڵمانە. بەپێی ئەو مەتنانە سەلاحییەت هی هەرێمەکان، بەلام دەوڵە تی فیدرالی دەتوانێ نەخشیان تێدا ببینێ. دەسەلاتی فیدراڵیش کاتێک دێتە مەیدان کە کێشەکە بە هەرێمەکە چارەسەر نەکرێ، یان ئەگەر مەسەلەکە قازانجی هەرێمێک یا

هەرێمەکانی دیکەش بخاتە گرەوی خۆیەوە، وەیان ئەگەر ئامانجی یەکخستنی باری ئابووری و یاسایی و هەلومەرجی ژیانی خەڵک وا بخوازێ. لە کانادا هێندێک بواری وەک کشتوکاڵ و موهاجیرەت یان خانەنشینی ئەو سروشتەیان هەیە. ئەو تێکنیکە هەروەها لە رووسیە و سویسیش بەکار دەبرێ .

یاسا راوێژکارییەکان: دەکرێ بوارێک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵدا بێ و لە کاتی یاسادانان یا بڕیاردانیدا دەوڵەتی فیدراڵ پرس و راوێژ بە هەرێمەکان بکا کە دیارە لە هێندێک بواردا دەکرێ بۆچوونی هەرێمەکان دەوڵەتی ناوەندی ببەستێتەوە، واتە دەوڵەت ناچار بێ پێڕەوی لە خواست و بۆچوونی هەرێمەکان بکا. نموونەی ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی لە بواری پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا تووشی دەبین کە دواتر باسی دەکەین.

– یاسا بەرنامەیی یا چوارچێوەیییەکان: لە تێکنیکی یاسای چوارچێوەیی یا بەرنامەییدا دەوڵەتی فیدراڵ خەتە گشتییەکانی یاسادانان لە بوارێکدا دیاری دەکا و وردەکارییەکان و روونکردنەوەی دەخاتە ستۆی هەرێمەکان. ئەو تێکنیکە لە ئاڵمان و ئوتریش و سویس و بێلژیک زۆر باوە .

– سەڵاحییەتی تەریب (موازی): لێرەدا هەم دەوڵەتی فیدراڵ و هەم هەرێمەکان دەسەڵاتیان هەیە و بەکاریشی دەبەن، بەڵام بەشێوەیەک کە دژایەتی لەگەڵ یەکتر نەکەن. بۆ نموونە لە سویس رێوشوێنی قەزایی چ مەدەنی و چ جینایی لەبەردەم دادگای فێدراڵ بەپێی یاسای فێدراڵ دیاری دەکرێ، بەڵام هەمان شت لە پێوەندی لەگەڵ دادگای کانتۆنەکان بەپێی یاسای هەرێمەکان بڕیاری لەسەر دەدرێ، وەیان لە ئارژانتین و کانادا و بێلژیک ماڵیات لەسەر داهاتی تاکەکەسی یان ماڵیاتی ناراستەوخۆ کە دەکرێ هەم هەرێم وەری بگرێ هەم ناوەند هەرکامەیان لەسەر بناخەی یاسای خۆیان کۆی دەکەنەوە.

### – دەسەڵاتی هەرێمەکان پێوەری پلەی سانترالیزم لە فیدرالیزم دا

بۆ ئەوە کە بزانین ئازادیی هەرێمەکان لە دەوڵەتێکی فیدرالیدا چەندەیە دەتوانین چەندین شت لە نەزەر بگرین بۆ نموونە چۆنیەتیی بەشداریی هەرێمەکان لە رێوشوێن و نیهادە ناوەندییەکاندا، وەیان رادەی کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە. هەردووکی ئەو مەسەلانە دواتر سەیر دەکەین. ئەوەی لێرەدا پێویستە پێی لەسەر دابگیرێ ئەوەیە کە پێوەری سەرەکیی رادەی سانترالیزم لە

فیدرالیزمدا رادە و بواری دەسەڵاتی هەرێمەکانە. لەنێو هەموو ئەزموونە فیدراڵییە دێموکراتیکەکانی دنیادا سویس دەکرێ وەک نموونەیەک چاو لێ بکرێ کە هیچ کام لە ئاستەکان، نە دەوڵەتی ناوەندی و نە هەرێمەکان، باڵادەستییەکی موتڵەقیان نیە و بەتایبەتی هەرێمەکان لە زۆر بواری وەک پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستیی گشتی، فەرهەنگی، ئایین، ئینتزامات و پۆلیس، ...هتد سەلاحییەتی قەبزەکراویان هەیە. بێشک کاناداش نموونەیەکی سەرکەوتووە کە لەودا تەعادولێکی عادڵانە لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندی و هەرێمیدا وەدی هاتوە. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین دەوڵەتی ناوەندی بەو جۆرە کە ماددەی 3 ی دەستوور دایڕشتوە دەسەڵاتێکی کەمی هەیە و تەنیا بوارەکانی پێوەندی، دراو، دیفاع، جینایی و گومرگ دەگرێتەوە. بەلەبەرچاو گرتنی ناسک بوونی مەسەلەی پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوە لەو وڵاتە ئاکامی دابەشکردنی دەسەڵات نەیدەتوانی شتێکی غەیری دانی رادەی هەرە زۆری ئازادی بە هەرێمەکان بێ.[23]

لە بەرامبەردا ئوتریش فیدراڵییەکە کە لە هەموو فیدرالییەکانی دیکە سانترالیزەترە. لەوێ سەلاحییەتی ئینحیسارییی ئەیالەتەکان زۆر کەمن و تەنیا هێندێک بواری وەک ئاوەدانکردنەوە و تووریسم و کشتوکاڵ دەگرنەوە. یا لە دەوڵەتێکی وەک ئارژانتیندا بە بیانووی پێشخستنی ئابووری و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی سەلاحییەتە ئینحیسارییەکانی دەوڵەتی ناوەندی یەکجار زۆرن. دەکرێ بڵێین نموونەکانی ئەمریکا و روسیە و ئەڵمانیش بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە زۆرتر سانترالیستیین.

### ب. روونکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە هێندێک بواری تایبەتی دا

هێندێک بواری دەسەڵات و سەلاحییەتەکانی هەن کە لێرەدا سەرنجپێدانی تایبەتییان بە پێویست دەزانین. ئەوانیش بریتیین لە پێوەندییەکانی دەرەوە، دەسەڵاتی خۆ سازدان و بواری ئابووری.

---

(23) PIERRE-CAPS, Stéphane, « La Bosnie-Herzégovine, un Etat virtuel », Civitas Europa, No. 4 Mars 2000, pp. 35-50.

## – جێگای هەرێمەکان لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەتانی فیدراڵ دا

هەروەک پێشتر باسمان کرد ئەگەر لە ئاستی نێوخۆییشدا سەروەری بە شتێکی هاوبەش لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ دابنرێ، ئەوە تەنیا دەوڵەتی ناوەندییە کە بە خاوەنی سەروەریی نێونەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێ. ئەو ئەسڵەش لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا خۆ دەنوێنێ و ئەو بوارە گرینگە سیاسییە لە دەست ویدایە .

ئەم باسە جێگای ئەوە نیە کە پرسی کەسایەتیی حقووقیی ناوچەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدای تێدا شی بکەینەوە. لێرەدا تەنیا بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بڵێین لە یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیکدا تەنیا دەوڵەتان خاوەن ئەرک و ماف بوون، بەڵام ئەمرۆ نەخشی پەرە گرتووی ناوچە و هەرێمەکانی نێو دەوڵەتانی چ فیدرال چ سادە بۆتە هۆی ئەوە کە یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر هێشتا ئەوانەش وەک سووژەی خۆی قبووڵ نەکا، رادەیەک لە توانای حقووقیی چالاکبوونی نێودەوڵەتیی بۆ وان قبووڵ کردوە .

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر نەخشی هەرێمەکان لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی فیدرالدا، دەبێ بڵێین کە لە زۆربەی ئەزموونەکاندا هەرێمەکان هەم لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی ناوەندیدا بەشدارن هەم بۆخۆیان لەژێر چاوەدێری یا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی پێوەندیی نێونەتەوەییان لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە، یا ناوچەیەک لە دەوڵەتێکی دی و تەنانەت لەگەڵ هێندێک رێکخراوی نێونەتەوەییش هەیە .

با بزانین وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە لە هێندێک لە فیدراڵییەکانی دنیادا چۆنە. لە ئەمریکا تەنیا دەوڵەتی فیدراڵ مافی بەڕێوەبردنی بواری نێونەتەوەیی هەیە، بەڵام هەرێمەکان لە بەجێگەیاندنی نێوخۆیی پەیمانە نێونەتەوەییەکاندا بەشدارن. لە ئارژانتین هەرێمەکان بۆیان هەیە بە ئاگاداریی کۆنگرەی فیدرال پێوەندیی نێونەتەوەییان هەبێ بە مەرجێک بەدژی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ناوەندی نەجووڵێنەوە و لە بواری قەزایی و ئابوورییەوە زیانی پێ نەگەیەنن .

بێلژیک وڵاتێکە کە لەو بارەوە لە هەموو دەوڵەتانی دیکە زیاتر نەخش بۆ هەرێمەکانی خۆی قایلە، چونکە لەوێ هەموو نیهادەکان، چ فیدڕال، چ ناوچە و کۆمەڵەکان، بۆ هەر بوارێکی نێوخۆیی سەلاحییەتیان هەبێ، سەلاحییەتی

نێونەتەوەیی لە هەمان بواریشدا هەر بە هەمان نیهاد یا قەوارەیە. دەوڵەتی فیدرالیش تەنیا لە هێندێک مەوریدی زۆر سنووورداری یاساییدا دەتوانێ موخالفەت لەگەڵ ئاکسیۆنی نێونەتەوەیی هەرێمەکان بکا. دیارە سەرجەم نیهاد و قەوارەکان لە بواری پێوەندییەکانی دەرەوەدا کار و بەرنامەکانیان بەچەشنێک هەماهەنگ دەکەن کە بەرژەوەندییەکانی دیپلۆماسییەکی سەراسەری و سەرکەوتوو بپارێزرێن. لە سویس هەرێمەکان بۆیان هەیە لە بواری ئابووریی دەوڵەتی و پۆلیس و هاوکاریی دراوسێیەتیدا (واتە بۆ نموونە ئاسانکردنەوەی ژیانی خەڵکی نیشتەجێی دەوروبەری سنووری نێوان دوو دەوڵەت) پێوەندیی نێودەوڵەتییان هەبێ. لە ئوتریش لاندەکان دەتوانن بە رەزایەتی دەوڵەتی ناوەندی لەبواری دەسەلاتی خۆیاندا پێوەندیی دەرەوەشیان هەبێ. لە ئەڵمان پێوەندییەکانی دەرەوە لە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵن بەڵام لە بواری دەسەلاتی هەرێمەکاندا بەتایبەتی کاروباری فەرهەنگی، دەوڵەت لەسەریەتی هەماهەنگی لەگەڵ لاندەکان بکا و تەنانەت بەشێوەی راستەوخۆ بەشداریشیان بکا. هەرێمەکانیش بە رەزایەتی دەوڵەتی ناوەندی مافی ئیمزاکردنی رێککەوتنی نێونەتەوەییان هەیە. لە رووسیە هەرێمەکان بۆ کاروباری ئابووری ئەو مافەیان هەیە کە دیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوە بەرێوەدەچێ. لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی باسی نەخشی زۆر چالاکی هەرێمی تاتارستان بکەین کە تەنیا لە بواری ئابووریشدا نیە. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین لە هێندێک بواری پێشتر دیاریکراودا هەرێمەکان بەبێ هیچ دەخالەتێکی دەوڵەتی فیدراڵ توانای دامەزراندن و بردنە پێشی پێوەندیی دەرەوەیان هەیە .

هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە بۆ پێشێلکرانی مافی نێونەتەوەیی دەوڵەتی فیدراڵ بەرپرسیارە نەک هەرێمەکان[24] هەربۆیە بۆ نموونە لە سویس و بێلژیک و ئوتریش دەوڵەتی فیدراڵ دەتوانێ بۆ پێشگیری لەوە کە وەزعێک بێتە پێش کە دەوڵەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا مەحکووم بکرێ، لە کاتی پێویست و لە بوارە تایبەتییەکەدا دەوڵەتی فیدراڵ دەتوانێ جێگای هەرێمەکە بگرێتەوە.

---

[24] بۆ نموونە لە قەزیەی "لاگراند" (2001) لەنێوان ئەڵمان و ئەمریکادا کە کێشە لەسەر ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا هەموو دەرفەتە قەزاییەکانی داکۆکی لە خۆ کردنی بە مەحکووم بە ئێعدامێکی بە ئەسڵ ئاڵمانی نەدابوو، دیوانی نێونەتەوەیی عەدل رایگەیاند کە ئەمریکا ناتوانێ خۆی بەوە دەرباز بکا کە سزای ئێعدام لە سەلاحییەتی هەرێمەکاندایە.

ڕەوتی ئینتگراسیۆنی قارڕەیی ئەگەر وەک لە ئورووپا پێشکەوتبێ دەتوانێ شوێن لەسەر نەخش و جێگای هەرێمەکانیش دابنێ. چونکە ئەگەر لەلایەک ڕاستە کە ئینتگراسیۆنی ناوچەیی دەبێتە هۆی کز بوونی دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکانیش دەتوانن سوود لەو کزبوونە وەرگرن، بەڵام هەر لەو کاتە دا بەشێک لەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە حەواڵەی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکە دەکرێ دەتوانێ ئەو بوارانەش بگرێتەوە کە پێشتر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان بە هەرێمەکان سپێردراوە. ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی لە یەکێتیی ئورووپادا زۆر مەترەح بووە. لە ئوتریش (و هەروەها لە ئەڵمانیش) لەپێوەندی لەگەڵ پرۆسەی یاسادانان و کاروباری ئورووپایی‌دا بۆ هەر شتێکی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەرێمەکانەوە هەبێ، دەوڵەتی فیدرال دەبێ پێشتر بۆچوونی هەرێمەکان بپرسێ و ئەگەر هات و هەموویان لەبارەی شتێکدا یەکدەنگ بوون، دەوڵەت ناتوانێ بەپێچەوانەی ئەو نەزەرە هاوبەشەی هەرێمەکان بجووڵێتەوە. لەنەزەر گرتنی هەرێمەکان هەروەها دەتوانێ لە شکڵی بەشداریی نوێنەری هەرێمەکان لە وەفدە دیپلۆماتیکەکاندا خۆی بنوێنێ. بۆ نموونە لە بێلژیک نوێنەرانی وڵات لە نیهادە ئورووپایی‌یەکان بۆ بەشێک لە کاروبارەکان لەنێو بەرپرسانی هەرێمەکاندا دیاری دەکرێن .

لەپێوەندی لەگەڵ هەرێم و پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی دەوڵەتی فیدراڵدا هەروەها مەسەلەیەکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە بۆ ڕەوتی بەشداری لە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی یا هەر ڕێککەوتنێکی دیکەدا هەرێمێک لە هەرێمەکانی وڵات دەتوانێ داوا بکا کە لەو بوارەدا شاز بکرێ و هەموو یا بەشێک لەو ئەرک و ئیجباراتە نێونەتەوەیی‌یەی دەوڵەت قبووڵی کردوە، ئەو نەگرێتەوە.[25] شازکردنی نێونەتەوەیی کە لە ڕابردوودا بە ئەسڵی "کلۆز کۆلۆنیال"یش ناوی دەرکردووە نموونەی زۆرن کە هێندێکیان کەوتوونەتە نێو دەوڵەتانی غەیرە فیدراڵ و هەرێمێک دەگرنەوە کە لە دوورگەیەک یا کۆمەڵە دوورگەیەک پێک هاتوە، وەیان ئەوە کە ناوچەیەک دەگرێتەوە کە خودموختارە و تایبەتمەندیی هەیە. بۆ نموونە دوورگەکانی گرۆئنلاند

(25) ئەو دەرەتانە بۆ گەلێکی وەک گەلی ئێمە دەتوانێ زۆر بەکەڵک بێ. بەپێی ئەو ئەسڵە بۆ نموونە کوردی عیراق ناچار نابێ وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەب چاوی لێ بکرێ.

و فارۆوێ لە دانمارک لە پرۆسەی ئوروپپادا شاز کراون و ڕێژیمێکی تایبەتی‌یان بۆ لە نەزەر گیراوە .

## – سەڵاحیيەتی خۆسازدانی نیهادیی هەرێمەکان

هەروەک گوتمان موتاڵای فیدرالیزم موتاڵای فۆرمی دەوڵەتە. وەک سیستمی سیاسییش زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونە فیدراڵییەکان کەوتوونەتە وڵاتانی کۆماری‌یەوە، بەڵام نموونەی فیدرالیی پاشایەتیشمان هەیە، بۆ نموونە بێلژیک یا تەنانەت بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کانادا، چونکە ئێستاش کانادا بە "تابیعی" بریتانیای گەورە لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام لەو سیستمە پاشایەتیيانەدا کە فیدرالیزمیان تێدا جێگیرە، پاشایەتی‌بوونی سیستمی سیاسیی وڵات هیچ ئاکامێکی لەسەر ئەزموونی فیدراڵی نیە، چونکە ئەگەر دێموکراتیک بن لەوێ پاشا دەسەڵاتێکی ئەوتۆ و تایبەت بە خۆی نیە. دیارە نموونەی فیدرالیشمان هەبووە لە وڵاتێکدا کە پاشا نەک هەر دەسەڵاتی هەبووە، بەڵکوو دەسەلاتی موتڵەقیشی بووە وەک لە ئێتیۆپی، بەڵام ڕاست لەبەر ئەوە کە وڵاتەکە دێموکراتیک نەبووە بایەخی ڕاستەقینەی فیدرالیزمەکەشی جێگای پرسیارە .

ئێستا با بزانین سەربەستیی خۆ سازدانی نیهادیی هەرێمەکان چۆن خۆ دەنوێنێ.

### . ئۆرگانە سیاسی‌یەکان

هەروەک دەزانین یەکێک لە دوو ئەسڵە سەرەکی‌یەکانی سیستمی فیدراڵی ئەسڵی خودموختاری‌یە. پێویست بە گوتن ناکا کە مەبەست لە خودموختاری توانای خۆ بەڕێوەبردن و سەربەخۆیی نێوخۆیی‌یە نەک خودموختاری وەک شکڵی ناسراوی دەسەڵاتی ناوچەیی. ئەسڵی خودموختاری بناخەی هەموو ئەو دەسەڵاتانەیە کە بەهۆی جوغرافیایی یا بەهۆی سروشتی بوارەکان حەواڵەی هەرێمەکان کراوە و دەوڵەتی ناوەندی دەخالەتی تێدا ناکا. ڕەنگدانەوەیەکی گرینگی ئەسڵی خودموختاریی هەرێمەکان سەڵاحیيەتی خۆ سازدانی نیهادی‌یانە، واتە ئازادیی ڕێکخستنی نیهادە ناوچەیی‌یەکان و دیاریکردنی سەربەستانەی ڕێوشوێنی دێموکراسیی نێوخۆیی و هەرێمی (وەک بۆ نموونە لە مادەی 5 و 6 ی دەستووری سویسدا قبووڵ کراوە). لە فیدرالیزمدا هەرێمەکان هەموویان خاوەنی دەستووری

خۆیانن. لەو بارەوە بێلژیک ئیستسنایە، چونکە لەوێ هەرێمەکان دەستووریان نیە و ئەو مەسەلانەی دەبوو لە دەستوورێکی هەرێمیدا باسکرابان لە دەستووری فیدرال و لە هێندێک یاسای فیدرالدا هاتوون. دیارە بۆ ئەوەی لەو بارەوە زەبر وە خودموختاریی خۆسازدانی هەرێمەکان نەکەوێ، کۆمەڵە سەرەکییەکان دەتوانن بە بڕیاری خۆیان و بە زۆرایەتی دوو لەسەر سێ وردەکارییەکانی ڕێوشوێنی خۆسازدانیان دەسکاری بکەن. لە رووسیە کە هەروەک دیتمان سووژەکانی فێدراسیۆن چەندین جۆرن، تەنیا کۆمارەکان بۆیان هەیە کە دەستووری خۆیان هەبێ و ڕێوشوێنی پێوەندیدار بە سووژەکانی دیکە لە هێندێک مەتنی تایبەتیدا هاتوون کە پێیان دەڵێن ستاتوو .

بەڵام ئایا دەسەڵاتی خۆ سازدانی هەرێمەکان بێسنوورە؟ ئەگەر چاو لە دەستووری دەوڵەتانی فیدراڵ بکەین، دەبینین کە لەو بوارەدا هێندێک بەها هەن کە لەبەر ئەوەی بە بایەخە هاوبەشەکانی هەموو خەڵکی وڵات دادەنرێن، دەبێ هەموو هەرێمەکانیش ڕێزیان لێ بگرن. بۆ نموونە بەپێی ماددەی 6 ی دەستووری سویس، هەرێمەکان دەبێ ڕێز لە فۆرمی کۆماریی وڵات بگرن؛ لە کانادا هەرێمەکان بۆیان نیە فۆرمی پاشایەتی ببەنە ژێر پرسیار؛ لە روسیە هەرێمەکان نابێ لە پرەنسیپە گشتییەکانی دەستووری سەراسەری دەرچن؛ لە ئاڵمان نەزمی دەستووریی هەرێمەکان دەبێ لەگەڵ سیستمی کۆماری، حکوومەتی قانوون، دێموکراسی و ئەسڵی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیدا یەک بگرێتەوە؛ لە ئەمریکا دەستووری هەرێمەکان بۆیان نیە فۆرمی کۆماری بخەنە ژێر پرسیار، و ئەسڵی یەک کەس یەک دەنگ و قەدەغەبوونی تەبعیز لە برینی خانەکانی هەڵبژاردندا پێشێل بکەن؛ لە ئارژانتین فۆرمی کۆماری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و هەموو هەرێمەکان دەبێ حکوومەتی هەڵبژێراویان هەبێ.

ئەگەر ئەو سنوورە پرەنسیپییانە لە قەراغێ دابنێین، ئایا هەرێمەکان چەندە کەڵک لەو ئازادیی خۆسازدانەیان وەردەگرن؟ چاوخشاندنێک بە ئەزموونە فیدراڵییەکان پێمان دەڵێ کە لە زۆربەی واندا جۆرێک "میمێتیسم" واتە لاسایی

یەکتر کردنەوە و تەنانەت لاسایی کردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی دەبینرێ لە حاڵێکدا بەهیچ جۆر ناچار نین کە وا بکەن.[26]

نموونەکانی میمێتیسمی نیهادی لە وڵاتانی فیدراڵیدا یەکجار زۆرن: لە ئەمریکا و ئارژانتین هەموو هەرێمەکان هەروەک ناوەند رێژیمی سەرۆکایەتی‌یان هەیە. رێژیمی سەرۆکایەتی بەو مانایە کە سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی هەرێم زۆر بەدەسەڵاتە و بۆخۆی نەخشی سەرۆک وەزیریش دەبینێ و خۆی و سەرجەم کابینەکەشی لە بەرامبەر پارلماندا بەرپرسیار نین و ناشتوانێ پارلمان هەڵوەشێنێ). لە سویس هەروەک لە ئاستی حکوومەتی ناوەندیدا، سیستمی نیهادیی هەرێمەکانیش سیستمی کۆلێژیال یان بەرێوەبردنی بەکۆمەڵە، حکوومەت (کە زۆرتر خەڵک راستەوخۆ هەڵیدەبژێرێ) لە بەرامبەر پارلماندا بەپرسیار نیە، هەربۆیە توانای هەڵوەشاندنی پەرلمانی نیە. لە ئاڵمان و بێلژیک و کاناداش هەرێمەکان پارلمانتاریسم دەبەنە پێش. (لە پارلمانتاریسمدا دەسەڵاتی یاسادانان و بەجێگەیاندن هەردووکیان ئامرازی فشار خستە سەر ئەوی دیان وەک هەڵوەشاندنەوە و لەسەر کار لابردن لەدەستدایە). دیارە لە بێلژیک ئەگەر پارلمانی ناوەندی دوو ژووری هەیە، پارلمانە هەرێمی‌یەکان تەنیا ژوورێکیان هەیە و بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی پارلمانتاریسم دەسەڵاتی ئیجراییش ناتوانێ هەڵیان وەشێنێ. هەر لە بێلژیک هەموو ناوچەکان پارلمان و حکوومەتی خۆیان هەیە، بەڵام هولەندی زمانەکان کە هەم ناوچەیان هەیە و هەم کۆمەڵە، بۆ هەردووکیان لێپرسراوانی کۆمەڵەی فلامان ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنن. سیستمی نیهادیی هەرێمەکانی ئوتریش تێکەڵێکە لە پارلمانتاریسم و سیستمی سەرۆکایەتی، هەرێمەکان عادەتەن پارلمانتاریستن، بەڵام جگە لە حکوومەتی ناوچەیی، فەرمانداریک یا حاکمێکیش هەیە کە یا پارلمانی هەرێم یا خەڵک بۆخۆی هەڵیدەبژێرێ. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین هەم لە ناوەند و هەم لە کۆماری سێربسکا سیستمی سەرۆکایەتی حاکمە، بەڵام فێدراسیۆنی کرۆوات-

---

[26] گرینگیی باسکردنی ئەو راستی‌یە نیهادی‌یە بۆ ئێمە لێرەدا لەوەدایە کە بڵێین ئەگەر لە وڵاتێک دێموکراسیی راستەقینە جێگیر ببێ و سیستمێکی دڵخوازانەی پێکەوە ژیان دابمەزرێ، هەموو شتێک گەلانی وڵات بەرەو خۆگونجاندن و پێکەوە مانەوە و هارمۆنی هان دەدا و ئەوە کە فیدرالیزم حەتمەن رەوتی لەبەریەکهەڵوەشان بەدووی خۆیدا دێنێ، لە ئەفسانەیەک زیاتر نیە!

موسڵمان کە دەکرێ بڵێین بۆخۆی فیدراسیۆنێکە لەنێو فیدراسیۆندا، لە ڕێگای ڕێژیمی پارلمانتاریستی‌یەوە بەڕێوە دەچێ .

**. ئۆرگانە قەزاییی‌یەکان**

ئەگەر لەپێوەندی لەگەڵ ئۆرگانە سیاسی‌یەکاندا ئازادیی هەرێمەکان بەربڵاوە، مەسەلەکە لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەریدا زۆر جیاوازە. بۆ نموونە لە بێلژیک و ئارژانتین و ئوتریش سیستمی قەزایی سەرتاسەری وڵات یەکگرتوویە و فیدرالیزە کراوە. لە رووسیەش هەروایە، ئەگەر ئەوەی لێ دەرکەین کە هەرێمەکان دیوانی دەستووری‌یان هەیە. لە ئالمان، سویس، بۆسنی هێرزەگۆڤین، کانادا و ئەمریکا ئازادیی قەزایی هەرێمەکان زۆرترە، چونکە هەموو هەرێمەکان دەزگای خۆیان و دیوانی دەستووری‌یان هەیە .

بەڵام بوونی سەربەستیی قەزایی هەرێمەکان، بە مانای نەبوونی هەماهەنگیی سەرتاسەری نیە. بۆ نموونە لە کانادا ڕێکخستنی قەزایی هەموو وڵات بە شێوەیەکی هاوبەش لەنێوان ناوەند و هەرێمەکاندا دەکرێ و دیوانی بەرزی کانادا (دادگای فیدراڵ) لە سەرەوەی هەرەمی دەزگای قەزایی وڵات هەڵکەوتووە. لە وڵاتێکی وەک ئالمان ئەگەرچی هەرێمەکان دەزگای قەزایی خۆشیان هەیە، بەڵام یاسای قەزایی فیدراڵە. لە حاڵێکدا لە سویس و ئەمریکا هەرێمەکان نەک هەر دەزگای خۆیانیان هەیە، بەڵکوو یاسای قەزایی خۆشیان هەیە. لە ئاڵمان و سویس و بۆسنی تەنیا دادگا باڵاکان فیدراڵین، لە حاڵێکدا لە کانادا و ئەمریکا لە ئاستی هەرێمەکانیشدا دادگای فیدراڵ هەن کە بۆ ئەو بوارانەی بەپێی یاسای فیدراڵ بەڕێوە دەبرێن خاوەن سەڵاحییەتن.

**– سەڵاحییەتی دارایی و سەروەتی**

مەبەستمان لە سەڵاحییەتی دارایی و سەروەتی لێرەدا دەسەڵاتی هەڵگرتنی ماڵیات و بەڕێوەبردن و بەهرەبردن لە دەوڵەمەندی‌یە سروشتی‌یەکانی وڵاتە .

**. ماڵیات**

لێرەشدا ڕێوشوێنێکی هاوبەش و یەکگرتوو لەنێوان ئەزموونە فیدراڵی‌یەکاندا نیە و لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە زۆر جیاوازە و وەک لە بوارەکانی دیکەشدا

دیتوومانە زۆر جار خاڵە هاوبەشەکان لەنێوان دوو یا چەند ئەزموونی فیدراڵیین کە لە دوو یا چەند گۆشەی زۆر جیاوازی دنیا هەڵکەوتوون. لە ئەمریکا، دەسەلاتی ماڵیاتی، تەریب (موازی)یە. ئەیالەتەکان بۆیان نیە بەبێ ئیزنی کۆنگرەی فیدراڵ ماڵیات بخەنە سەر سادرات و واردات، و ئەگەریش کردیان دەبێ داهاتەکەی لە خەزانەی فیدراڵ کەن. لەوێ ماڵیات لەسەر داهاتی تاکەکەسی و گومرگ لە ئەستۆی دەوڵەتی فیدرالە. لە رووسیە و لە ئاڵمان هەردوو ئاست دەسەلاتی ماڵیات هەڵگرتنیان هەیە، بەڵام ئەگەر لەبوارێکدا یا بۆ شتێک دەوڵەتی فیدراڵ ماڵیاتی خستە سەر، ئەو بوار یا شتە لە ماڵیاتی هەرێم مەعافە. لە بێلژیکیش هەرێمەکان دەسەلاتی ماڵیاتیی جۆربەجۆریان هەیە، بەلام نابێ باج بخەنە سەر شتێک کە دەوڵەتی فیدرال ماڵیاتی لەسەر وەرگرتوە. هەر لە ئاڵمان، دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی ئینحساریی تەنیا بۆ گومرگ و مۆنۆپۆلە بازرگانییەکان هەیە. لە ئارژانتینیش راست وایە و بۆ ماڵیاتەکانی دیکە دەسەلاتی هەردوو ئاست بەشێوەی تەریب کار دەکەن. لە ئوتریش هەرێمەکان دەسەڵاتی ماڵیات وەرگرتنیان نیە. بەپێچەوانەوە لە بۆسنی هێرزەگۆڤین ئەوە دەوڵەتی ناوەندیە کە دەسەلاتێکی ماڵیاتیی کەمیی هەیە و تەنیا بەشی مەسرەفی بەڕێوەچوونی ئیدارەکانی فیدراڵ ماڵیاتی سەراسەری وەردەگرێ .

**. کانزا و سەرچاوە سروشتییەکان**

داهاتی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتیش جاری وایە بەشێوەی ماڵیات دێتە دەست. بۆ نموونە لە کانادا ماڵیاتی سەر لێرەوارەکان، و ماڵیات لەسەر بەرهەمهێنانی کارەبا بەهۆی ئاوەوە دەچێتە حیسابی هەرێمەکانەوە. بەڵام ماڵیات شتێکە و بەهرەبەرداری لە سەرچاوە سروشتییەکان شتێکی دیکە. راستییەکی زۆر سەرەتایی کە دەبێ ئیشارەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەڵکەوتی سەرچاوەیەکی سروشتی لە ناوچەی هەرێمێک بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە ئەو هەرێمە ملکداری ئەو سەرچاوەیەیە. لەو بارەوە فیدرالیزم لەگەڵ سیستمە بەڕێوەبەرییەکانی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە و مەعمولەن بەهرەبەرداری، و سەرجەم داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن دەوڵەتی فیدرالەوە بەرێوە دەبرێ کە لە پاشان ئەو بەشێوەی رێژەیی و بە لەبەرچاوگرتنی رادەی حەشیمەت، پانتایی جوغرافیایی

و بەتایبەتی بەجێمان و پێویستی‌یەکانی هاوسانکردنی پلەی گەشەکردن بەسەر هەرێمەکانی دا دەبەشێتەوە.

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە هەر لە هەوەڵەوە هەرێمەکان لە بەڕێوە بردن یا سوود بردن لە سەرچاوە سروشتی‌یەکانی ناوچەی خۆیاندا بەشدار نەکرێن. لە سەرەوە باسی نیجێر و ناوچەی ئۆگۆنیمان کرد. لەو وڵاتە دەوڵەت و هەرێمەکان وا ڕێککەوتبوون کە هەرێمەکان جۆرێک کرێ کە پێی دەڵێن "رێنت" لەو چاڵە نەوتی‌یانە وەربگرن کە لەسەر سەرزەمینی وان هەڵکەوتوون، داهاتی بەهرەبەرداری‌یەکەش کە پێی دەڵێن "روایاڵتی" بۆ دەوڵەتی ناوەندی بوو. بەڵام ئەو سیستمە کێشەی زۆری لەنێوان هەرێمەکان و دەولەتی فیدراڵدا ساز کرد و لەسەر یەک زۆر سەرکەوتوو نەبوو. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کە لەو وڵاتانەدا کە سیستمی خێڵەکی و مڵکدارێتیی تاکەکەسیی سەرزەمینە دەوڵەمەندەکان نەماوە، بەرێوەبردن و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتی‌یەکان بە مافی هاوبەشی هەموو خەڵکی وڵات لە قەڵەم دەدرێ .

## 4- بەشداریی هەرێمەکان لە ناوەنددا

ئەوەی سەرەوە هێندێک لایەنی ئەسڵی خودموختاری لە فیدرالیزمدا بوون، ئێستا با بچینە سەر بەشێک لە وردەکاری‌یەکانی بەجێگەیاندنی ئەسڵی بەشداری. لێرەدا جیاکردنەوەی دوو شێوە لە بەشداریی هەرێمەکان لە ناوەندا بەجێیە، شێوەی یەکەم بەشداریی راستەوخۆی هەرێمەکان و شێوەی دووهەم بەشداریی ناراستەوخۆیان لە ناوەنددایە .

### ئەلف. بەشداریی راستەوخۆ و پێداچوونەوەی دەستوور

مەبەست لە بەشداریی راستەوخۆ ئەو مێکانیزمە هاوبەشە فیدرالی‌یانەن کە لەواندا هەرێمەکان بۆخۆیان و نەک تەنیا لە رێگای نوێنەرەکانیانەوە بەشدار دەبن. بەشداریی راستەوخۆی هەرێمەکان لە فیدرالیزمدا پرۆسەیەکە کە ناو بە ناو نەبێ روو نادا. گرینگترین شکڵی بەشداریی راستەوخۆ بەشداری لە دانانی دەستوور و پێداچوونەوە بە دەستووردایە. جگە لە دەستووریش بۆ هێندێک بواری گرینگ وەک بۆ نموونە رێککەوتنە گرینگە نێونەتەوەیی‌یەکان دەکرێ رێوشوێن بۆ دانان و گۆڕینیان بەپێی پرۆسەیەک بێ کە هەرێمەکان راستەوخۆ تێیدا بڕیاردەر بن .

بواری دەستووری دەکرێ هەم دانان و دەسکاری کردنی خودی دەستوور بگرێتەوە و هەم هێندێک یاسا و ڕێوشوێن کە لەبەر ئەوەی پێوەندییان بە مەسایلی گرینگەوە هەیە و ڕێوشوێنی پەسندکردنی تایبەتییان هەیە، ئیعتیباری دەستوورییان هەیە .

لە دێموکراسیدا (جا چوارچێوەکە هەرچییەک بێ)، مەرجی پەسند کرانی هەر یاسا و ڕێوشوێنێک زۆرینەیە. بەڵام زۆرینە چەندین جۆری هەیە: جۆری یەکەم زۆرینەی ڕێژەیی یا نیسبییە، کە بریتییە لەوەی لەنێو چەند لیست، پرۆژە، یا کاندیدادا کامەیان زۆربەی دەنگی هێنایەوە ئەویان هەڵدەبژێردرێ. جۆری دووهەم زۆرینەی موتڵەقە کە بریتییە لە زیاتر لە نیوەی دەنگدەران. دیارە لێرەشدا مەعموولەن روون دەکرێتەوە کە ئایا مەبەست زیاتر لە نیوەی ئەندامان، بەشداران، دەنگدەران، یا دەنگە موعتەبەرەکانە. جۆری سێهەم کە بۆ باسەکەی ئێرەمان گرینگە زۆرینەی پێناسەکراوە. زۆرینەی پێناسەکراو بەو مانایەیە کە ڕێژەی زۆرینەکە دیاری دەکرێ. ئەو ڕێژەیەش دەکرێ دوو لەسەر سێی یا سێ لە سەر چوار بێ. شتێکی زۆر گرینگ کە دەبێ بۆ هەموو ساختارێکی دێموکراتیک لەبەرچاومان بێ ئەوەیە کە کاتێک دەڵێن زۆرینەی دوو لەسەر سێ، ئەو زۆرینە پێناسەکراوە تەنیا بۆ نیهاد و ئۆرگانەکان بەکاردەبرێ، نەک بۆ ژماردنی دەنگی تاکەکەسەکان. بەو واتایە کە ئەگەر بیانەوێ زۆرینەی پێناسەکراوی هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەت دیاری بکەن دەڵێن دوو لەسەر سێی هەرێمەکان، بەڵام ئەگەر بیانەوێ زۆرینەی پێناسەکراوی خەڵکی وڵات یا هەر لەشێکی سیاسیی دیکە دیاری بکەن، دانانی زۆرینەی دوو لەسەر سێ لە بناخەوە هەڵەیە، و عادەتەن بۆ ئەوە ژمارەی ئەندامەکان دیاری دەکەن. (بۆ نموونە لە سویس پەنجا هەزار کەس دەتوانن پرۆژەیەک ئیمزا بکەن بۆ ئەوەی بۆ مەسەلەیەک ریفراندۆم بکرێ.)

بەشداریی ڕاستەوخۆی هەرێمەکان لە فیدرالیزمدا هەمیشە بەپێی یاساکانی زۆرینەی پێناسەکراو بەڕێوە دەچێ. زۆر جاریش هەر بەوەندە قەناعەت ناکەن و هەلومەرجی پرۆسەکە بە هێندێک مەرجی دیکەی وەک زۆرینە لە چەندین ئاستدا ئاڵۆزتر دەکرێ. بۆ نموونە لە ئەمریکا پێداچوونەوە بە دەستوور لەلایەن سێ لەسەر چواری ئەیالەتەکانەوە پەسند دەکرێ، ئەوەش لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆنێک دا(=لێرەدا بەمانای کۆبوونەوە و ڕێککەوتن)ڕوو دەدا کە دوو لەسەر سێی هەرێمەکان داوای سازدانیان کردبێ. لە سویس گۆڕانکاریی دەستووری یان

پەسندکردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان دەبێ لەلایەن زۆربەی کانتۆنەکان و زۆربەی خەڵکی وڵاتیشەوە پەسند بکرێ (مادەی 123 و 89 ی دەستوور). هەر لە سویس هەشت کانتۆن دەتوانن یاسایەکی فیدراڵ بخەنە بەر ریفراندۆمی سەراسەری، هەموو کانتۆنێکیش مافی پێشنیاری یاسای فیدراڵی هەیە. بە پێچەوانەی ئەسڵی بەرابەریی نێوان هەرێمەکان لە بواری بەشداریی ڕاستەوخۆدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر هەرێمە دەنگێکی هەبێ، لە سویس شەش نیوە کانتۆن هەن کە دەنگەکانیشیان بە نیو دەنگ حیساب دەکرێ .

وەک لە سویس لە زۆر وڵاتی دیکەش دوو زۆرینە لە نەزەر دەگیرێ، یەکیان زۆرینەی هەرێمەکان (واتە نەزەری پارلمانی هەرێم کە بە دەنگێک حیسابە) و ئەوی دیکە زۆرینەی خەڵک لە هەموو وڵاتدا بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەنگدەران دانیشتووی چ هەرێمکن. لە کانادا بۆ بوارە دەستووریەکان دەنگی مووافیقی حەوت هەرێم پێویستە کە لانی کەم 50% خەڵکی وڵات بگرنە خۆیان. هەر لە کانادا بۆ هێندێک بواری گرینگ پێویستە هەموو هەرێمەکان لەسەر بڕیارەکە کۆک بن و موخالفەتی تاقە یەک دانەیان دەتوانێ هەموو پرۆسەکە بە یەکجاری بلۆکە بکا. لە رووسیەش هەموو سووژەکان (چ کۆمار، چ ئەوانی دیکە) لە بواری دەستووریدا بەرابەرن و هەرکامەی خاوەنی دوو دەنگە و هەر گۆرانکارییەک دەبێ بە پەسندی دوو لەسەر سێی سووژەکان بگا.

شێوەیەکی دیکە لە بەشداریی ڕاستەوخۆی هەرێمەکان بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات دایە. لە ئەمریکا لەبەر ئەوەی سەرکۆمار لەلایەن کالیجێک لە دەنگدەرە گەورەکانەوە هەڵدەبژێردرێ، هەرێمەکان بەچەشنێک چوارچێوەی ئەو هەڵبژاردنەن. ئەگەر هات و هیچ کاندیدایەک زۆرینەی موتڵەقی نەبوو، ئەو کاتە ژووری نوێنەران سەرکۆمار هەڵ دەبژێرێ و لێرەدا هەر ئەیالەتە یەک دەنگی هەیە. لە بێلژیک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت هەر کام لە هەرێمەکان ژمارەیەک نوێنەر دیاری دەکەن کە بۆ ئەو مەبەستە بچن لەگەڵ ئەندامانی هەردوو ژووری پارلمان تێکەڵ بن و دەنگ بدەن.

لەسەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە دەکرێ لە کاتی دانانی دەستوور یا پێداچوونەوە بەدەستووردا گەلێک یا هەرێمێکی وڵات کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆی لە گرەودا بن کە لەگەڵ حەزی باقیی خەڵکی وڵات یەک نەگرنەوە. فیدرالیزم ئەگەرچی سیستمی دابینکردنی بەرابەریی نێوان گەلان یا هەرێمەکانە، بەو

حاڵەش ناتوانێ لە بەشێکی بەرچاو لە ئاکامەکانی دیموکراسیی زۆرایەتیی خۆی دەرباز کا (بەتایبەتی وەک لە وڵاتانی رۆژئاواییدا باوە). مەبەستمان لە باسکردنی ئەو مەسەلەیە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر پێشتر هێندێک مێکانیزمی تایبەتمەندێتی و شازکردن بۆ گەل یا هەرێمە کەمایەتیيەکە لە نەزەر نەگیرابێ، زۆر چاک ئیمکانی ئەوە هەیە کە گەل یا هەرێمێکی وڵات ناچار بێ مل بۆ ویستێکی بەکۆمەڵی سەرانسەری کەچ بکا و لە ئاکامدا بەشێک لە سەربەستیی خۆی پووچەڵ بێتەوە. بۆ نموونە لە کانادا ئەو دوو ویستە دژبەرە (ویستی زۆرایەتی و ئەوەی کەمایەتی) چەندین جار بوونەتە هۆی سازبوونی قەیرانی سیاسی و نیهادی، بەڵام دیارە لەوێ لە کردەوەدا کێشەکان بەجۆرێک چارەسەر یان باشترە بڵێین سەرپۆش کراون کە کار نەگاتە جێیەک کە لایەنێک ئەوەندە خۆی بە مەغدوور بزانێ کە بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە. لە کانادا نەریتێک هەیە کە بۆ بڕیارە گرینگەکان وا دادەنرێ کە سیستمی ئەو وڵاتە لەسەر جۆرێک هاوپەیمانەتیی نێوان فەرانسەیی و ئینگلیسی زمانەکاندا پێک هاتوە. کەچی کاتێک ساڵی 1982 لە کانادا یاسای دەستووریی پێوەندیدار بە مەنشووری ماف و ئازادیيەکان هاتە بەر پەسند کردن، ئەو یاسایە بۆ یەکەم جار بەبێ رەزایەتی کێبێک پەسند کرا. کاتێکیش مەسەلەکە بردرایە بەردەم دادگای بەرز، ئەمەیان لە بڕیاری "سکاڵا لە بڕیارنامەیەک بۆ گۆڕینی دەستوور"دا رایگەیاند کە کێبێک مافی ڤیتۆی نیە. دوای ئەمە بەهۆی سازبوونی قەیرانێکی دەستووری و نیهادی، حکوومەتی فیدراڵ و سەرۆک وەزیرانی هەر دە هەرێم بەپێی پەیمانی لاک میچ رێککەوتن کە پرۆژەیەکی یاسای دەستووری رەت بکەن کە لەوێدا تایبەتمەندێتیی هەرێمی کێبێک بە رەسمی بناسرێ.[27]

## ب. بەشداریی ناراستەوخۆ

مەبەست لە بەشداریی ناراستەوخۆ بەشداریی هەرێمەکان لە دەسەڵاتی ناوەندیدا لەرێگای نوێنەراکانیانەوەیە کە حاڵەتی ئاسایی و هەمیشەیی بەشدارییانە و لێرەدا لەئاستی هەرسێک دەسەڵاتدا لێی ورد دەبینەوە. ئەو لێوردبوونەوەیە یارمەتیمان دەدا کە بزانین بۆچی جیاکردنەوەی بەشداریی هەرێمەکان بەسەر دوو

---

[27] PROULX, Daniel « La Constitution canadienne et la protection des droits linguistique », Revue Trimestrielle des Droits de l’Homme, 1992, pp. 281-314.

شکڵی راستەوخۆ و ناراستەوخۆدا گرینگیی هەیە و داخوا ئەوە کە هەرێمەکان زۆربەی کات بەشێوەی ناراستەوخۆ لە دەسەلاتی ناوەندیدا بەشدارن، لە بایەخ و واقعییەتی ئەو بەشداری‌یە کەم دەکاتەوە؟

## – لە نیهادەکانی یاسادانان دا

فیدرالیزم بەبێ بیکامێریسم واتە ئەوە کە پارلمان دوو ژووری هەبێ (ژووری نوێنەرانی خەڵک و ژووری نوێنەرانی هەرێمەکان) مانای نیە. لێرەدا سەرنجی تایبەتی دەدەینە ژووری هەرێمەکان یا ژووری باڵا. با بزانین چلۆن دەسەلاتی ژووری باڵا و شێوەی هەلبژاردنی ئەندامەکانی بۆ هەقیقەتی فیدرالیزم بایەخیان هەیە.

## . رادەی دەسەڵاتی ژووری باڵا

پێوەرێکی زۆر باش بۆ هەڵسەنگاندنی واقعییەت و کەیفییەتی بەشداریی ناراستەوخۆی هەرێمەکان لە ناوەندا جێگا ونەخشی ژووری باڵا یا سەنایە کە نوێنەرانی هەرێمەکانی تێدا کۆ دەبنەوە. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە لە فیدراڵیدا هەتا دەسەلاتی ئەو ژوورە زیاتر بێ، کەیفییەتی بەشداریی هەرێمەکانیش لە دەسەلاتی ناوەندیدا زیاتر لەسەرێیە. لە ئارژانتین، بۆسنی هێرزەگۆڤین، سویس و کانادا هەردوو ژوور دەسەلاتی بەقەرا یەکیان هەیە. لە کانادا سەنا تەنیا بۆ پێداچوونەوەی دەستوور مافی ڤێتۆی وەدرەنگ خستنی 180 رۆژیی هەیە. لە ئەمریکا باڵادەستی بە مەجلیسی سەنایە، چونکە دەسەلاتی قبووڵی رێککەوتنە نێودەوڵەتی‌یەکان و تەئیید یا رەددی دیاریکردنی پۆستەکانی هەیە. لە ئەڵمانیش دەکرێ بڵێین هەر وایە بوندسرات واتە سەنا دەسەلاتی زۆرترە، چونکە لەبواری دارایی و ئیدرایی نێوان ناوەند و هە رێمەکاندا (کە زیاتر لە نیوەی یاساکانی فیدراڵ پێک دێنن) مافی ویتۆی هەیە و بەبێ پەسندی وی لەو بوارانەدا هیچ شتێک پەسند نابێ. لە رووسیە تەنیا بۆ پێداچوونەوەی دەستوور یا بۆ پەسندکردنی یاسا دەستووری‌یەکان رەزایەتی سەنا پێویستە و بۆ یاسا ئاسایی‌یەکان "دووما" (ژووری نوێنەران) دەتوانێ بە دەنگی دوو لە سێی خۆی دژایەتیی سەنا پشت گوێ بخا. لە ئوتریشیش سەنا دەسەلاتێکی کەمتری هەیە، چونکە تەنیا بۆ ئەو رێوشوێنە دەستووری‌یانە کە ببنە هۆی کەمکردنەوەی دەسەلاتی هەرێمەکان دەسەلاتی ویتۆی

هەیە و هەر جۆرە ڕێککەوتنێک دەبێ ڕەزایەتی بۆندسراتی(سەنا) لەسەر بێ، بۆ یاساکانی دیکە بوندستاگ (ژووری نوێنەران) دەتوانێ وێتۆی سەنا بە زۆرینەی پێناسەکراوی خۆی تێک بشکێنێ .

## . واقعییەتی نوێنەرایەتی لە سەنادا و شێوەی دیاریکردنی ڕادەی نوێنەرانی هەرێمەکان

بۆ هەڵسەنگاندنی بەشداریی ڕاستەقینەی هەرێمەکان لە دەسەڵاتی سەراسەریدا ئەوە بەتەنیا کافی نیە کە بزانین داخوا سەنا چەندە دەستی دەڕوا. لەراستیدا هەموو شتێک بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەندامانی ژووری ئەیالەتەکان خۆیان بە نوێنەری کێ دەزانن. لەو فیدرالییە دیموکراتیکانەی بەرەو تێکەڵبوون و هەمگەرایی زۆرتر و بەهێزبوونی ناوەند چوون وەک لە ئەمریکا سەناتۆر خۆی بە نوێنەری سەرجەم خەڵکی وڵات دەزانێ و مەرج نیە کاتێک چووە ژووری سەنا داکۆکی لە قازانجی ئەیالەتەکەی خۆی بکا! ئەو ئیدەیە زۆر لە فەلسەفەی وڵاتانی ناوەندگەرا نزیکە. بۆ نموونە لە فەرانسە لە دەستووردا گوتراوە کە پارلمانتێر نوێنەری هەموو خەڵکی وڵاتە و بۆی نیە کارەکەی لە قازانجە تایبەتییەکانی ناوچەی هەڵبژاردنی خۆیدا کورت بکاتەوە، لە حاڵێکدا لە ئاڵمان دروست پێچەوانەی ئەوە باوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوە کە نوێنەرانی هەرێمەکان کێ هەڵیان دەبژێرێ لە راستەقینە بوونی نوێنەرایەتییەکەدا دەوری زۆری هەیە. لە کانادا 104 نوێنەرەکەی هەرێمەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵنابژێردرێن، چونکە لەسەر پێشنیاری سەرۆک وەزیر و لەلایەن حاکمی گشتیی کاناداوە دیاری دەکرێن. لە ئەمریکا تەنیا لەدوای ساڵی 1913 ەوە سەناتۆرەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێن. لە سویسیش هەر بەو شێوەیەیە. بەپێچەوانەوە، لە ئاڵمان بوندسرات (سەنا) لە ئەندامانی حکوومەتە ناوچەییەکان پێک دێ؛ لە هیند پارلمانەکان نوێنەرانیان لە سەنا دیاری دەکەن و لە هەردووکی ئەو نموونانەشدا هەرێمەکان دەتوانن بانگیان بکەنەوە (= لێیان بخەن). لە رووسیەش شوورای فێدراسیۆن بۆ هەر هەرێمێک لە سەرۆکی حکوومەتی ناوچەیی و سەرۆکی پارلمانی ناوچەیی پێک دێ. لەراستیدا تەنیا لەو نموونانەدا کە سەناتۆرەکان لەلایەن ئۆرگانە سیاسییەکانی هەرێمەکانیانەوە دیاری دەکرێن دەتوانین دڵنیا بین کە ئەوان کاتێک چوونە ژووری

هەرێمەکان، داکۆکی لە قازانجەکانی هەرێمی خۆیان دەکەن. دەنا ئەگەر بێت و ئەوان راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، ریسکی ئەوە هەیە بەشێک لە کاندیداکان کاندیدای حیزبێکی سەرانسەری بن کە بەپێی پرۆگرامێکی هاوبەش و سەرتاسەریش بجووڵێنەوە کە تەبیعەتەن مەرج نیە بەرژەوەندی هەموو هەرێمەکانیش وەک یەک لە وەها پرۆگرامێکدا خۆی ببینێتەوە.

ئێستا با بزانین رادەی نوێنەرانی هەرێمەکان بە چ شێوەیەک دیاری دەکرێ. عادەتەن و تەبیعەتەن، هەرێمە گەورەکان لایەنگری سیستمی نیسبی و هەرێمە بچووکەکان خوازیاری ئەسڵی بەرابەریین. نموونەی ئەو وڵاتانەی بەرابەریی هەرێمەکان لە ژمارەی نوێنەرەکانیاندا وەبەرچاو گیراوە بریتیین لە ئەمریکا و رووسیە 2، ئارژانتین 3، سویس 2 بۆ کانتۆنەکان و 1 بۆ نیوە کانتۆنەکان، رووسیە و ئوستڕالیا 10. لە هێندێک وڵاتیش وەک لە ئاڵمان و ئوتریش ژمارەی نوێنەرانی هەرێمەکان بەپێی رێژەی دانیشتووانیان دیاری دەکرێ. نموونەی کانادا لەو بارەوە جێگای تێرامان و دەرس لێوەرگرتنە. سیستمی وێ هیچ کام لەو دووانە نیە کە باسمان کرد، چونکە کێبێک، ئانتاریۆ، تاقمی ئەیالاتی رۆژئاوا و تاقمی ئەیالاتی دەریایی هەر کامەیان 24 نوێنەریان هەیە و هەرێمەکانی دیکە هەر کامە 6 نوێنەر. ئەوە لە سەرەتادا بە قازانجی کێبێکی فەرانسەیی زمان بوو و لەگەڵ رێژەی حەشیمەتەکەی دەهاتەوە و بەرابەرییشی لەگەڵ ئەیالەتەکانی دیکە دابین دەکرد، بەڵام دواتر زۆر هەرێمی دیکەی ئینگلیزی زمان بە کاناداوە زیاد بوون و لە ئاکامدا لە بواری رادەی نوێنەراندا فەرانسەیی‌یەکان کەوتنە حاڵەتی کەمایەتی‌یەوە .

### – لە حکوومەت و نیهادە بەڕێوەبەری‌یەکان دا

لێرەشدا رێوشوێنێکی تاک و هاوبەش لەنێوان ئەزموونە فیدرالی‌یەکان دا نیە. بەڵام شتێک کە روونە ئەوەیە کە لە فیدرالی‌دا بە روونی هەوڵ دەدرێ کە پێکهاتەی نیهادە بەڕێوەبەری‌یەکان بەتایبەتی حکوومەت رەنگدانەوەی هەرێمە جیا جیاکانی وڵات بێ. بەڵام بەپێچەوانەی نیهادەکانی یاسادانان لێرەدا ئەو رەنگدانەوەیە تابیعی فۆرموولێکی روون و گشتیی ماتێماتیک (بیرکاری) نیە. ئەو فۆرموولە روون و گشتی‌یە تەنیا لە بۆسنی هێرزەگۆڤیین هەیە. لەوێ بۆ هەموو نیهادە گرینگەکان وەک کۆنسەی وەزیران، سەرۆکایەتیی کۆمار، دیوانی دەستووری، بانکی ناوەندی،

... هتد فێدراسیۆنی موسڵمان و کرواتەکان دوو لە سێ و کۆماری سێربسکاش یەک لە سێی بۆ لە نەزەر گیراوە .

لە کانادا و ئوسترالیا نەریتە کە هەموو هەرێمەکان کەسێکیان لە کابینەدا هەبێ. بەپێی ماددەی 96 ی دەستووری سویس ئەندامانی کۆنسەی فیدراڵ واتە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ لە کانتۆنی جیا جیا بن و هیچ کانتۆنێک بۆی نیە زیاتر لە وەزیرێکی لەوێدا هەبێ. هەر لە سویس هەوڵ دەدرێ پێکهاتەی حکوومەت هەر لەو کاتەدا کە پرەنیسپە فیدرالی‌یەکان وەبەر چاو بگرێ، پلورالیزمی سیاسیش بەهێز بکا. بەو واتایە کە بەپێی ڕێوشوێنێک کە پێی دەڵێن "فۆرموولی سێحرئەنگیز" هەموو پارتە سیاسی‌یەکان لە حکوومەتدا بەشدار دەکرێن، بە چەشنێک کە زۆر جار هەڵکەوتوە کە زۆرینە بەبێ ئەوەی لە رووی دەنگدانەوە هیچ پێویستیی بە پشتیوانیی پارلمانیی حیزبێک بووبێ، زۆر زیاتر لەو ڕێژەیە کە نوێنەری هەبوە جێگای داوەتێ و هێناویەتە نێو کابینەوە.[28] دیارە ئەوە تەنیا مۆرکی فیدرالیزم نیە و دەکرێ وەک تێکنیکێکی ئیسلاحی دیموکراسیی زۆرایەتی چاوی لێ بکەین.

لە ئەفریقای جنووبی بەشداریی هەرێمەکان لە حکوومەتدا زۆرتر بە مێکانیزمەکانی دیموکراسی بەستراوەتەوە تا بە فیدرالیزم، چونکە لەوێ قەرار دراوە کە هەر پارتێکی سیاسی بۆ هەر بیست پارلمانتێر مافی بوونی وەزیرێکی هەیە و لە هەشتا کورسیش بەولاوە دەتوانێ جێگرێکی سەرکۆماری هەبێ .

لە فیدرالیزمدا سەرکۆماریش دەتوانێ بەشێوەی دەورەیی بێ، وەک لە سویس و کاتی خۆی لە کامروون. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین سەرکۆماری‌یەکی بەکۆمەڵ هەیە کە موسڵمانێک و کرواتێک و سێربێکی تێدایە کە هەرکام لەوانە لەلایەن خەڵکی هەرێمەکەیانەوە هەڵدەبژێردرێن. کۆنسەی فێدراسیۆنی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشووش لە جێگری سەرۆکی فیدراسیۆن و سەرکردەکانی پازدە کۆمار و بیست ناوچە خودموختارەکە پێک هاتبوو. نموونەی لوبنانیش (ئەگەرچی ناکرێ بە فیدرالیی دابنێین) لەو بارەوە شایانی باسکردنە کە لەوێ سێ پۆستە سیاسی‌یە سەرەکی‌یەکەی وڵات بەسەر سێ پێکهاتە مەزهەبی‌یەکەدا دابەش کراوە، واتە سەرۆک کۆمار مەسیحی، سەرۆک وەزیر موسڵمانی سووننی و سەرۆکی پارلمان

---

(28) دیموکراسیی راستەقینە ئەوەیە کە کەمایەتی زۆر زیاتر لەوە کە یاساکانی ماتیماتیک وەک یاسای نیسبی حوکم دەکەن نەخش و جێگای بدرێتێ.

موسڵمانی شیعە. (لەو جۆرە حاڵەتانەدا رادەی دەسەڵاتی هەرکام لەو پۆستانە بۆ قەوم یا هەرێمەکە زۆر گرینگە: پاش ساڵەها شەڕی نێوخۆیی، رێککەوتنێک کە لایەنەکانی ناکۆکی لە عەرەبستانی سعوودی ئیمزایان کرد بوو بە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار و لە ئاکامدا ئەمە بە زیانی مەسیحی‌یەکان تەواو بوو).

جیا لە حکوومەت، عادەتەن لە ئەزموونە فیدرالی‌یەکاندا تێدەکۆشرێ ئەو رەنگدانەوەیەی هەرێمەکان لە پێکهاتەی ئیدارەی فیدرال بەگشتی و بەتایبەتی لە پۆستەکانی بەرێوەبەری گشتییدا رەچاو بکرێ. بناخە و رادەی ئەو بەشدارییەش مەعمووڵەن ئەسڵی رێژەیی (نیسبی) یە مەگەر ئەوە کە گەل یا هەرێمێک لە دۆخێکی بەجێمان و زوڵملێکراویدا بێ کە پێویست بێ تەبعیزی موسبەتی بۆ قایل بن.

### – لە دەسەڵاتی قەزایی‌دا

ئەوە کە هەرێمەکان لەسەر بناخەیەکی عادڵانە لە دەسەڵاتی قەزاییدا بەشدار بن لە فیدرالیزمدا یەکجار زۆر گرینگە. لەو پێوەندی‌یەدا قەناعەت بەوەندە دەکەین کە ئاماژە بە ماددەی 107 ی دەستووری سویس بکەین کە دەڵێ پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای فیدراڵدا وێژەرانی هەر سێک زمانی رەسمی نوێنەریان هەبێ. هەروەها لە کانادا کێبێک ئۆتۆماتیک سێ لە سەر نۆ کورسی‌یەکەی دیوانی بەرزی وڵاتی وەبەر دەکەوێ .

### 5– مێکانیزمە دەستەبەری‌یەکانی پەسند کردنی یاسا

هەروەک لە سەرەوە دیتمان ئەگەرچی فیدرالیزم دەتوانێ بەرابەریی گەلانی وڵات یان هەرێمەکان تا رادەیەکی زۆر دابین بکا، بەڵام فیدرالیزم کۆنفێدرالیزم نیە و لەبەر ئەوەی پێکهاتەی وڵاتان دەکرێ لەباری دێموگرافی‌یەوە زۆر نارێکوپێک بێ، یەکسانی‌یەکی موتڵەقی ماتێماتیک لەنێوان گەلێک لەلایەک و گەلێک یا گەلانی دیکەدا لەلای دیکەوە ئیمکانی نیە، چونکە هەروەک دیتمان یاسای رێژەیی هەمیشە بە شکڵێک لە فیدرالیزمیشدا یاری دەکا. کەوابوو لەبەر ئەوەی ئەو بەرابەری‌یە نیهادی‌یە موتڵەقە ئیمکانی نیە، پێویستە بەتایبەتی لەو شوێنانە کە گەلێک هەرمانی نەتەوەیی خۆی دەکا بە ئامانجی یەکەمی ژیانی سیاسیی خۆی، هێندێک مێکانیزم لە

نەزەر بگیرێن کە مۆڵەت بەو گەل یا هەرێمە بدرێ کە بەشێوەی بڕیاردەر پێشگیری لە زەوت کرانی مافەکانی بکا.

لەو پێوەندیـیەدا دەتوانین ئیشارە بە دوو جۆر مێکانیزم لە بێلژیک بکەین. مێکانیزمی یەکەم پێی دەڵێن مێکانیزمی یاسای تایبەتی و بریتیـیە لەوەی بۆ کۆمەڵێک بواری گرینگی پێشتر دیاریکراو هەر یاسایەک دەبێ بە دوو زۆرینە بە پەسند بگات: دوو لەسەر سێی هەرکام لە ئەنجوومەنەکانی پارلمان و دوو لەسەر سێی هەرکام لە گرووپە زمانیـیەکان.(29) مێکانیزمی دووهەم مێکانیزمی زەنگی مەترسیـیە: ئەگەر سێ لە سەر چواری گرووپێکی زمانی رابگەیەنێ کە پڕۆژەیەکی یاسایی پێوەندیی نێوان گەلانی وڵات و پێکەوەژیانی ئاشتیـیانەیان دەخاتە مەترسیـیەوە، ئەو یاسایە بە پەسند ناگا. دوایە کێشەکە دەبردرێتە ئەنجوومەنی وەزیران کە لەوێ هەردوو زمان بەقەد یەک نوێنەریان هەیە .

لەنێو مێکانیزمە دەستەبەرییەکاندا هەروەها دەتوانین سەرجەم مێکانیزمەکانی بلۆکەکردن کە تا ئێستا تووشی هێندێکیان بووین هەڵوەژێرین. لە بۆسنی هێرزەگۆڤین هەرکام لە سێ ئەندامەکەی کۆنسەی سەرۆکایەتی دەتوانێ لەسەر ویستی پارلمانی هەرێمی خۆی هەر یاسایەک بلۆکە بکا. دوو لە سێی پارلمانی هەر هەرێمێکیش دەتوانێ پێشگیری لە بەپەسند گەیشتنی یاسایەکی فیدراڵ بکا. لە ئەفریقای جنووبی هیچ یاسایەکی فیدراڵ کە پێوەندیی بە ستاتووی هەرێمێکەوە هەبێ بەبێ رەزایەتی پێشتری ئەو هەرێمە رەد نابێ. هەر لێرەدا دەتوانین ئیشارە بە بەندی 61 (ب)ی دەستووری کاتیی عیراق بکەین کە مافی رەتکردنەوەی دەستوور لە ریفراندۆمدا بە دوو لەسەر سێی خەلکی سێ پارێزگا دەدا .

### 6– مێکانیزمەکانی بەجێگەیاندن و هاوکاری

جیاکرانەوەی دوو ئاستی نیهادی و حقووقی لە فیدرالیزمدا بەمانای نەبوونی پێوەندی و لێکهاڵان لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا نیە. بەشێوەیەکی سروشتی ناکرێ لە دەوڵەتێکدا چەندین سەرچاوەی یاسایی و بەڕێوەبەریمان لە پێوەندی لەگەڵ هەمان سووژە و بوارەکان و بۆ راپەڕاندنی کاروباری هەمان خەڵک هەبێ بەبێ

---

(29) لە بێلژیک هەموو پارلمانتێرەکان بەسەر دوو دەستەی هولەندی زمان و فەڕانسەیی زماندا دابەش دەبن و هەر پارلمانتێرێک ناچارە سوێندی یاسایی بە یەکێک لەو دوو زمانە بخوا بۆ ئەوەی بەم جۆرە تەعەللوقی بە یەکێک لە دوو گرووپە قەومیـیەکە دیاری بکرێ.

ئەوەی چەشنێک هەماهەنگی لەنێوان ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی یاسا و دەسەڵاتدا ڕێک خرابێ. ئەو هەماهەنگی‌یەیە کە ئێمە لێرەدا ناوی دەنێین مێکانیزمەکانی بەجێگەیاندن و هاوکاری .

مێکانیزمەکانی بەجێگەیاندن هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی سیستمی فیدرالی‌یەوە بوون و وەڵامدەری ئەو پرسیارە سادەیەن کە ئایا جێبەجێکردنی یاسا و بەجێگەیاندنی بڕیارەکان لەلایەن هەمان نیهادەوە دەکرێ کە یاسایەکەی دارشتوە یا بە نیهادێکی دیکە دەسپێردرێ. هەرچی مێکانیزمەکانی هاوکاری‌یە، مەبەست لێرەدا ئەو دیاردە نوێیەیە کە لە فیدرالی‌یە کۆن و سەقامگرتووەکانی ڕۆژئاوادا لەژێر ناوی فیدرالیزمی کۆپێراتیف (هەرەوەزی)دا سەری هەڵداوە و بریتی‌یە لە بەشدارکردنی زیاتری هەرێمەکان لەو بەرنامانەی بە شێوەی ستوونی و ئاسۆیی لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە دادەنرێن.[30]

لە هەموو سیستمێکی فیدراڵیدا هەم حکوومەتی ناوەندی و هەم هەرێمەکان هەم سەرچاوەی یاسان هەم ئامرازی بەجێگەیاندنیان. بەڵام ڕادەی هەرکام لەو ئەرک و دەسەڵاتانە بەپێی وڵات جیاوازە. لە ئەمریکا، دەوڵەتی ناوەندی هەم لە یاساداناندا باڵادەستیی بەسەر هەرێمەکاندا هەیە و هەم بۆخۆشی ئەو یاسایانە ئیجرا دەکا، بەو مانایە کە دەوڵەتی فیدراڵ لە سەرتاسەری وڵاتدا ئیدارەیەکی هەیە کە ئەرکی بەجێگەیاندنی قانوونی فیدراڵی لەسەر شانە. لە ئوسترالیاش تەمایولێکی ئاوا هەیە. لەحاڵێکدا لە فیدراڵی‌یە ئورووپایی‌یەکاندا وەک سویس و ئاڵمان و ئوتریش ئەگەرچی لەوێش حکوومەتی فیدراڵ باڵادەستیی لە یاساداناندا هەیە، بەڵام بەجێگەیاندنی ئەو یاسایانە بە هەرێمەکان دەسپێردرێ. لە کاناداش بۆ هێندێک بواری وەک یاسای جینایی بەجێگەیاندنی یاسای فیدراڵ دەکەوێتە ئەستۆی هەرێمەکان. دیارە لە ئاڵمان هەروەک باسمان کرد بەهۆی نەخشێکی گرینگ کە بوندسرات واتە ژووری هەرێمەکان دەیبینێ، ئەو باڵادەستی‌یەی فیدراڵ لە یاساداناندا زیانێکی کەمی بۆ نەخش و جێگای هەرێمەکان هەیە. کانادا و بێلژیک لەو بارەوە وێک دەچن کە لەواندا نەخشی هەرێمەکان لە یاساداناندا بەرچاوترە .

(30) CROISAT, Maurice, “Le fédéralisme d’aujourd’hui: tendances et controverses”, Revue Française de Droit Constitutionnel 1994/19, pp. 451-464.

شتێکی دیکە کە پێویستە هەر لێرەدا ئیشارەی پێ بکرێ و دەمانهێنێتە سەر مێکانیزمەکانی هاوکاری ئەوەیە کە جاری وایە دەوڵەتی فیدراڵ نەک هەر بەجێگەیاندن بەڵکوو یاسادانانیش لە بواری دەسەڵاتی خۆی دا بە هەرێمەکان دەسپێرێ. بۆ نموونە لە سویس ئەو شتە لە بواری دەسەڵاتە تەریبەکاندا دەکرێ، واتە دەوڵەتی فیدرال بۆ بوارێک کە بۆخۆشی سەلاحییەتی هەیە، سەرجەم ئەرکی یاسادانان حەواڵەی هەرێم دەکا. یا لە ئاڵمان هەم هێندێک جار لە بواری دەسەڵاتی ئینحیساریی ناوەندا ئەرکی یاسادانان حەواڵەی هەرێمەکان دەکرێ، هەم لەبواری دەسەلاتی هەرێمەکاندا ئەگەر مەسەلەکە گشتی و هەمەلاگیر بێ وەک کاروبارێکی هاوبەش دەوڵەتی ناوەندییش لە ڕێوشوێن دانانیدا بەشدارە .

فۆرمەکانی هاوکاری لەنێوان ناوەند و هەرێمەکاندا دەکرێ فرەچەشن بن. ئەوە کە پێی دەڵێن فیدرالیزمی کۆپێراتیف یا هەرەوەزی، ئەمڕۆ لە زۆربەی فیدرالیـیە ڕۆژئاواییی‌یەکاندا باوە، بەڵام بەرەسمی لە دەستووردا باس نەکراوە. بۆ نموونە لە ئەمریکا هەردوو ئاستی ناوەندی و هەرێمەکان پێکەوە لە یاسادانان و تەمویلی کۆمەڵێک پڕۆگرام لە بواری تەندروستیی گشتی، ژینگە و کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن .

جاری وایە ئەو هاوکاری‌یانە دەچنە نێو قالبێکی نیهادیشەوە و ئۆرگانی هاوبەشی تایبەتی لەنێوان هەردوو ئاستدا ساز دەکرێ. لە بێلژیک بۆ ئەو کاروبارانە کۆمیتەیەکی کۆنسێرتاسیۆن یا هاوفکری ساز کراوە کە لەوێدا وەزیرانی فیدراڵ و هەرێمەکان و کۆمەڵەکان بەقەد یەک بەشدارن. لە رووسیە دەوڵەتی فیدراڵ چەندین کۆنسەی راوێژکاریی هەیە کە سووژەکانی فێدراسیۆن تێیدا بەشدارن. لە کانادا ناو بە ناو کۆنفرانسێکی دەستووری یا کۆنفرانسی هەرێمەکان دەگیرێ. کۆنفرانسی هەرێمەکان، چونکە هەروەک گوترا زۆر جار ئەو هاوکاری‌یانە سیرفەن دەکەونە نێوان دوو یا چەند هەرێمەوە و مەرج نیە هەمیشە دەوڵەتی ناوەندی خۆی تێیانەوە بگلێنێ. لە ئوتریشیش کۆنفرانسی ڕێکوپێک بۆ ئەوە دەگیرێن کە هەموو ناوەندەکانی دەسەلات پێکەوە بەتایبەتی لەسەر دابەشکردنی داهات و خەرجەکان وتووێژ بکەن. لە ئاڵمان جاری وایە هەموو وەزیرەکانی بوارێک بۆ نموونە فەرهەنگ یا داد پێکەوە کۆ دەبنەوە .

لە هێندێک وڵاتیش بۆ نموونە سویس یا رووسیە رێککەوتنی دوو یا چەند لایەنە لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان یا لەنێوان چەند هەرێمدا دەبەسترێ بۆ ئەوەی چوارچێوەی هاوکاری و هاوپێوەندیی بەکردەوەی خۆیان رێک بخەن .

## 7- مێکانیزمەکانی کۆنترۆڵی یەکتر

لە فیدرالیزمدا وەک لە هەر سیستمێکی دێموکراتیکدا کە شیاوی ئەو ناوە بێ، دەسەلاتەکان دەبێ توانای پێشگیری کردن و تەوژم خستنە سەر یەکدی‌یان ئەوەندە هەبێ کە هیچ کامیان نەتوانێ لە سنووری دەسەلاتی خۆی بە زیانی ئەوانی دیکە بچێتە دەر. هەرلەو کاتەدا ئەو توانای پێشگیری و تەوژمە دوو لایەنەیە نابێ بگاتە رادەیەک کە سیستمەکە بلۆکە و قفل بکرێ و لە ئاکامدا ئامانجی کاریگەربوونی بەرێوەبەری بکەوێتە مەترسی‌یەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە مێکانیزمی چارەسەری کێشەکان کە لە خاڵی داهاتوودا دەیبینین بکەونە نێو خشتی قانوون و نیهادینەگەری‌یەوە.

لە فیدرالیزمدا ناوەند و هەرێمەکان بەشێوەی جۆراوجۆر دەتوانن یەکتر کۆنترۆڵ بکەن. با کۆنترۆڵی هەرکامیان لەسەر ئەوی دیکە بە جیا چاو لێ بکەین:

### ئەلف. کۆنترۆڵی ناوەند لەسەر هەرێمەکان

لە یەکەم دیتندا دەتوانین ئەو هەستەمان هەبێ کە کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە لەگەڵ خودی ئەسڵە بنچینەیی‌یەکانی فیدرالیزم لە دژایەتیدایە. بەو حاڵەش دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە عادەتەن ئەو کۆنترۆڵە تەنیا لە بواری هەماهەنگیی دوو نەزمی حقووقیدا روو دەدا و کەمتر وا هەیە ئەسڵی خودموختاریی خۆ سازدانی هەرێمەکان بخاتە مەترسی‌یەوە. هەر لەو کاتەدا رادەی ئەو کۆنترۆڵە لە فیدراڵی‌یەکەوە بۆ فیدراڵی‌یەکی دیکە دەتوانێ زۆر جیاواز بێ کە دیارە وەک لە ئوتریش و هیندوستان جاری وایە دەتوانێ زۆر دوور بڕوا .

یەکێک لە فۆرمە باوەکانی کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەلایەن ناوەندەوە چاوەدێری کردنی نێوەرۆکی یاسا پەسندکراوەکان پێش بایەخپەیداکردنی حقووقی‌یانە. لە سویس دوای ئەوەی هەرێمێک دەستووری خۆی پەسند کرد، دەبێ پێشدا ئەنجوومەنی فیدراڵ پێیدا بچێتەوە بۆ ئەوەی گونجاویی دەقەکە لەگەڵ دەستووری فیدراڵ و لەگەڵ مافی نێونەتەوەیی کۆنترۆڵ بکا، تەنیا دوای ئەوەیە کە ئەنجوومەنی

فیدراڵ دەستەبەر(زەمانەت)ی یاسایی خۆی دەخاتە سەر دەستووری هەرێم. ئەو کۆنترۆڵە بۆ هێندێک یاسای تایبەتییش هەیە. لە ئوتریش دەستووری پەسند کراوی هەرێم و تەنانەت یاساکانی هەرێمیش پێش راگەیاندن دەدرێنە حکوومەتی فیدراڵ کە دەتوانێ موخالفەتیان بکا و ئەگەر هات و هەرێمەکان هەر پێیان داگرت، حکوومەتی ناوەندی دەتوانێ لەلای دادگای دەستووری شکایەت بکا .

لە زۆر وڵات چاوەدێریی ناوەند بەسەر پرۆسەی یاسایی هەرێمەکاندا دەتوانێ بگاتە رادەی تەعلیق و تەنانەت لەغوی یاسایەکە. بەم جۆرە لە رووسیە سەرۆکی فێدراسیۆن دەتوانێ هەر یاسا و رێوشوێنێکی هەرێم کە بەپێچەوانەی یاسای فیدراڵ یا یاسای نێودەوڵەتی بێ مووعەللەق بکا. لە کانادا هەتا ساڵی 1943 نەریتێک جێی گرتبوو کە بەپێی وی هەر کاتێک قازانجی گشتی خواستبای دەوڵەتی فیدراڵ دەیتوانی رێوشوێنەکانی هەرێمەکان هەڵوەشێنێتەوە و بوارەکە بکاتە هی خۆی .

هەروەک گوتمان هێندێک جار ئەو کۆنترۆڵە دەتوانێ زۆر دوور بچێ. لە هێندێک وڵاتی فیدرالیدا هەروەک لە دەوڵەتە سادە ناوەندگەراکاندا دەوڵەتی ناوەندی لە هەر هەرێمەی نوێنەرێکی هەیە کە نەخشی فەرمانداریێک دەبینێ. لە هیندوستان سەرۆک وەزیری فیدراڵ دەتوانێ لەسەر پێشنیاری فەرمانداری هەرێم ئۆرگانەکانی ئەو هەرێمە هەڵوەشێنێتەوە، ئیختیارێک کە لە رابردوودا چەند جارێک لەلایەن پارتی کۆنگرەی دەسەڵاتدارەوە بەکار براوە. لە ئێتیۆپی ئیمۆپراتۆر نوێنەرێکی تایبەتیی خۆی لە ئێریترە دانابوو بەبێ ئەوەی لە رێککەوتنی فیدراڵیدا ئەو شتە هاتبێ و تەنیا لە دەستووری خودموختاریدا هاتبوو. ئەو نوێنەرە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆری هەبوو و دەخالەتێکی زۆری لە کاروباری ئێریترەدا کرد و لە راستیدا وەک ئەهرۆمی پووچەڵ کردنەوەی سەربەستیی نیهادیی ئێریترە جووڵایەوە.[31]

ئێمە لە سەرەوە باسی توانای هەرێمەکان بۆ دامەزراندنی پێوەندیی نێونەتەوەیی و بەستنی رێککەوتن لەگەڵ سووژەیەکی بێگانە و هەروەها هەماهەنگیی نێوان ناوەند و هەرێمەکانمان لەو بوارەدا کرد. جاری وایە، بۆ نموونە لە سویس، بۆ

(31) RRLICH, Haggai, « The Eritrean Autonomy 1952-1962 : Its Failure and Its Contribution to Further Escalation », in Y. DINSTEIN (ed.), *Models of Autonomy*, M. Nijhoff, Boston 1980, pp. 171-182.

ئەوەی ڕێککەوتنی نێوان هەرێمێک لەگەڵ سووژەیەکی نێودەوڵەتی ئیعتباری هەبێ، دەبێ لەپێشدا شووڕای فیدراڵ پاش چاولێکردنی نێوەرۆکەکەی ئیمزای بکا. لە سویس تەنانەت ئەو ڕێککەوتنانەی لەنێوان کانتۆنەکانیشدا ئیمزا دەکرێن (کۆنکۆرداکان) دەبێ لە تیغی ڕەزایەتی فیدراڵ ڕەد بن بۆ ئەوەی ئیعتباریان هەبێ. لە بێلژیک بۆ هێندێک بواری دیاریکراو دەوڵەتی فیدراڵ دەتوانێ پێش بە بەسترانی ڕێککەوتنێکی نێونەتەوەیی لەلایەن هەرێمێکەوە بگرێ.

هێندێک جار وەک لە ڕووسیە و ئوتریش وەزیری فیدراڵ ئەگەر بوارەکە لە سەلاحییەتیدا بێ، ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی ئیدارە ناوچەیی‌یە پێوەندیدارەکەش دادەنرێ. دەوڵەتی ناوەندی هەروەها دەتوانێ لەبواری ماڵی‌یەوە هەرێمەکان کۆنترۆڵ بکا. بۆ نموونە لە ئوتریش دیوانێکی حیسابداریی فیدراڵ هەیە کە کۆنترۆڵێکی فراوان لەسەر داهات و مەسرەفی هەرێمەکان دەکا. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر ڕادەی کۆنترۆڵی ناوەند لەسەر هەرێمەکان وەک یەکێک لە پارامێترەکانی سانترالیزە بوون یا سانترالیزە نەبوونی فیدراڵییەکان بەکار بێنین، دەتوانین بڵێین کە لەنێو سیستەمە فیدرالی‌یە دێموکراتیکەکاندا، ئوتریش سانترالیزەترینیانە.

## ب. کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەسەر ناوەند

هەموو مێکانیزمەکانی بەشداریی هەرێمەکان لە پرۆسەی دەستووری و لە دەسەلاتی ناوەندیدا دەکرێ وەک شێوەکانی کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەسەر دەسەلاتی ناوەندیش چاو لێ بکرێن. بەڵام ئەو مێکانیزمانەی کۆنترۆڵی هەرێمەکان لەلایەن ناوەندەوە کە باسمان کردن مووراەفی عەکسیان نیە و لەڕاستیدا تەنیا شتێکی دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە هەرێمەکان هەموو پێکەوە یا بەشێوەی تاقم تاقم دەتوانن تەوژم بخەنە سەر دەسەلاتی ناوەندی و لە پێوەندی و هاوکاری‌یەکانیاندا بە جۆرێک بجووڵێنەوە کە دەوڵەتی فیدرال مل بۆ ویستەکانیان کەچ بکا. لە غەیری ئەوەدا ئەو مێکانیزمانەی کۆنترول کە بۆ نموونە لە سیستمی پارلمانیدا ئەنجوومەن لەسەر حکوومەت هەنی لە فیدرالزمدا هەرێمەکان لەسەر ناوەندیان نیە، چونکە لە فیدرالیزمدا وا دادەنرێ کە حکوومەتی ناوەندی بۆخۆی بەرهەمی پرۆسەی بەشداریی هەرێمەکانە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هێندێک مەورید لە رابردوودا دیتوومانە کە هەرێمەکان مافی کۆنترولی ناوەندیان، وەک ئەوە کە ناوەند لەسەر هەرێمەکانی بەکار هێناوە، بە قازانجی خۆیان داوا کردوە. بۆ نموونە لە نیوەراستەکانی سەدەی نۆزدەدا بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕەکانی جیابوونەوەدا لە ئەمریکا ئەو بیرۆکەیە کە سەروەریی سەرەتایی هەرێمەکان شتێکی پایەدارە و هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە کە نەهێڵن دەوڵەتی ناوەندی ویستی خۆیان بەسەردا بسەپێنێ زۆر باو بوو، بەڵام لە درێژخایەندا شکستی خوارد. یان لە دوایین ساتەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتدا ئەو ئیدەیە باو بوو کە هەر یاسایەکی فیدراڵ کە بەپێچەوانەی سەروەریی هەرێمەکان بێ دەکرێ لەلایەن وانەوە هەڵوەشێتەوە.[32]

ئاکامگیریمان لەو مەسەلەیە ئەوەیە کە ئەسڵی باڵایی بایەخی یاسای فیدراڵ وا دەکا کە هیچ هەرێمێک مافی ئەوەی نیە یاسایەکی فیدڕال هەڵوەشێنێتەوە. مەسەلەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە. یا ئەوە کە دەوڵەتی فیدرال لە سنووری دەسەڵاتی یاسادانان و بەجێگەیاندنی خۆی لای داوە و لەو حاڵەتەدا ئەوە قازیی دەستووری‌یە کە دەبێ ئەوە رابگەیەنێ، یا ئەوە کە ویستێکی پێچەوانەی دەسەڵاتی ناوەند لەنێو کۆمەڵێک هەرێمدا لەدایک بوە و لەو حاڵەتەدا ئەوە لە رێگای مێکانیزمە نیهادی‌یەکان و پرۆسەکانی تەوژم خستە سەر یەکترە کە ئەو ویستە دەبێ بە لوتکە بگا و هەرێمێک بەتەنیا ناتوانێ لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستووردا نەزمی فیدراڵ بخاتە ژێر پرسیار.

## 8– چارەسەری کێشەکان

هەموو سیستمێکی دێموکراتیک کە حکوومەتی قانوون یەکێک لە پێناسەکانی بێ، مێکانیزمی حقووقی و قەزایی نەک تەنیا بۆ پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ، بەڵکوو هەروەها بۆ پێداچوونەوە بە کردەوەی نیهادە سیاسی‌یەکانیش تێدایە. کردەوەی نیهادە دەوڵەتی‌یەکان دەتوانێ بە لادان لە ئامانجی ئەرکەکانیان زیان بە تاکەکەسەکان بگەیەنێ، بەڵام دەتوانێ بە لادان لە سنووری دەسەڵاتیان زیانی بۆ

(32) سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بۆریس یەلستین کە لە پاییزی 1990 دا یەکێک لە داکۆکیکەرانی ئەو ئیدەیە بوو، دواتر لە چوارچێوەی فێدراسیۆنی رووسیەدا سیاسەتێکی تەواو پێچەوانە و مەیلەو سەرەڕۆیانەی گرتە بەر.

مافە نیهادی‌یەکانی دەسەڵاتێکی دیکەی حکوومەتیش هەبێ. وە لەبەر ئەوە کە لە دێموکراسیدا سەرجەم سیستمەکە بە بەرهەمی ویستی خەڵک دادەنرێ، لەژێر پێنانی پرەنسیپە نیهادی‌یەکان لەژێرپێنانی ئیرادەی خەڵکە .

چاوەدێریی قەزایی ئاکسیۆنی نیهادە دەوڵەتی‌یەکان لە فیدرالیزمدا زیاتر لە هەر سیستمێکی دیکە پێویست و مەترەحە. بە شێوەیەکی سروشتی لەبەر ئەوە کە سەرچاوەکانی دەسەڵات دووانەن، ریسکی ئەوە کە دابەشکردنی دەسەڵات لە کردەوەدا هەمیشە روون و ئاسان نەبێ یا ئەوە کە نیهادێک بە دڵخواز یا بە هەڵە لە ماف و دەسەڵاتی نیهادێکی دیکە بکرۆژێ زۆرە. هەر بەو پێیەش بوونی نیهادێکی باڵای قەزایی کە موعتەبەر و بەدەسەڵات بێ و لە کێشە دەستووری‌یەکاندا قسەی ئاخیر بکا بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی فیدرالی دادەنرێ .

ئێمە پێشتر باسی خودموختاریی خۆسازدانی نیهادیی هەرێمەکان لەبواری قەزاییدا و هەروەها تەرکیبی عادڵانەی دیوانی بەرز یا دادگای دەستووریمان کرد. دادگای باڵای دەستووری لە فیدرالیزمدا مێکانیزمی چارەسەری کێشەکان لەنێوان هەرێمەکان و ناوەنددایە .

بەڵام هەم پێش هاتنە کایەوەی وی و هەم پاشان عادەتەن کۆمەڵێک مێکانیزمی دیالۆگ و سازان هەن کە زیاتر سروشتی سیاسی‌یان هەیە. بۆ نموونە لە بۆسنی هێرزەگۆڤین ئەگەر هات و کێشەی نێوان واحیدەکان بە جێیەک گەیشت کە سیستمەکەی قفڵ کرد، کۆمیسیۆنێکی سێ لایەنە بە بەشداریی نوێنەرانی هەر سێ گەل پێک دێ کە ئەگەر لە ماوەی پێنج رۆژدا بە هیچ ئاکامێک نەگەیشت، کێشەکە دەبردرێتە دیوانی دەستووری. یا لە ئاڵمان لەسەر داوای حکوومەت بوندسرات یا ژووری هەرێمەکان دەتوانێ رابگەیەنێ کە هەرێمێک یاسای فیدراڵی پێشێل کردوە. لەو حاڵەتەدا دەکرێ کێشەکە بکێشرێتە بەردەم دادگای دەستووری کە ئەگەر تەئییدی ئەو بریارەی کرد، دەکرێ سزای فیدراڵ بۆ هەرێمی سەرپێچیکەر دیاری بکرێ .

## 9– لایەنە زمانی و فەرهەنگی‌یەکان و مافی کەمایەتی‌یەکان

فیدرالیزم وەک سیستمی دابەشکردنی ستوونی و سەرزەمینیی دەسەڵات دەتوانێ چوارچێوەی لەباری خۆدەرخستن و گەشە کردنی هوویەتە جۆربەجۆرە قەومی و کولتووری‌یەکانیش پێک بێنێ. بەڵام بە هیچ جۆر ناکرێ بڵێین کە

فیدرالیزم سیستێماتیک مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان چارەسەر دەکا. هەروەک پێشتر دیتمان هەموو شتێک بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئایا سروشتی هەرێمەکان چیە. بۆ ئەوە کە فیدرالیزم بۆ گەلێک یا بۆ کەمایەتی‌یەکی نەتەوەیی بەراستی سوودبەخش بێ، پێویستە ئەو گەل یا کەمایەتی‌یە خاوەنی هەرێمی تایبەت بە خۆی بێ و سنووورە ئیداری‌یەکان لەگەڵ سنووورە قەومی‌یەکان هاوخشت بن .

بەڵام بەهۆی پەرش و بڵاوی و تێکەڵ پێکەڵیی پێکهاتەی دێمۆگرافیی وڵات ئەو شتە هێندێک جار سەختە. تەنانەت کاتێک گەلێکیش خاوەنی هەرێمی خۆیەتی، بەشێک لە ئەندامانی ئەو گەلە هێشتا لە دەرەوەی ئەو هەرێمە و لەسەر خاکی هەرێمەکانی دیکەدا لە حاڵەتی کەمایەتیدا دەمێننەوە. با بزانین پارێزگاری لە مافە فەرهەنگی‌یەکانی ئەوانە دەکرێ پەیڕەوی لە چ جۆرە پرەنسیپێک بکا .

ئەگەرچی لایەنە فەرهەنگی و زمانی‌یەکانی فیدرالیزم و مەسەلەی مافی کەمایەتی‌یەکان لەو سیستمەدا پێکەوە گرێ دراون، با بۆ ساتێک هەوڵ بدەین لێکیان جیا بکەینەوە .

## ئەلف. سیاسەتی زمانەوانی

لایەنە فەرهەنگی و زمانی‌یەکان دەبێ لە دوو ئاستدا چاو لێ بکەین: ئاستی ناوەندی و ئاستی هەرێمی. لە ئاستی فیدراڵ یا ناوەندیدا عادەتەن لە بەکارهێنانی زمانەکاندا چەشنێک بەرابەری وەبەر چاو دەگیرێ بەبێ سەرنجدان بە ڕێژەی قسەکەرانی هەرکام لە زمانەکان لە ئاستی سەراسەریدا. ئەگەر گەلێک یا هەرێمێک ستاتووی پێکهێنەر یا دامەزرێنەری فیدرالیی هەبێ، ئەوا زمانی ئەو گەل یا هەرێمەش لە ئاستی ناوەندیدا ستاتووی زمانی ڕەسمیی هەیە. بۆ نموونە بەپێی مادده ی 116 ی دەستووری سویس زمانەکانی ئاڵمانی و فەڕانسەیی و ئیتالیایی زمانی ڕەسمیی فێدراسیۆنن. دیارە ئەوە پێش لەوە ناگرێ کە زمانێکیش وەک زمانی کەمایەتی و نەک وەک زمانی فێدراسیۆن بەرەسمی بناسرێ. بۆ نموونە هەر لە دەستووری سویسدا هاتوە کە زمانی ڕۆمانش زمانی ڕەسمی‌یە بەڵام تەنیا بۆ پێوەندی‌یەکانی ڕۆمانشەکان لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ. ئاکامەکەی ئەوەیە کە بۆ نموونە ڕۆمانش لە باس و ڕاوێژەکاندا لە پارلمانی فیدراڵ بەکار نایەت، بەڵام

خەڵکی ڕۆمانش مافی ئەوەیان هەیە کە نیهادەکانی فیدراڵ چ لە ناوچەی خۆیان چ لە بیرنی پێتەخت بە زمانی خۆیان سەروکاریان لەگەڵیان هەبێ .

بەپێی پێکهاتەی زمانی و قەومیی وڵاتان ستاتووی زمانەکان لە فیدراڵییەکەوە بۆ فیدرالییەکی دیکە دەتوانێ زۆر جیاواز بێ. لە زۆربەی فیدراڵییەکاندا جیاوازی لەنێوان : 1) زمانی ڕەسمیی سەرانسەری یا زمانە ڕەسمییە سەراسەرییەکان و 2) زمانی ڕەسمیی هەرێمەکان و 3) زمانی کەمایەتییەکان لەنێو هەرێمەکاندا دادەنرێ. هەتا لەوڵاتێک زمانەکان زۆرتر بن، ئیمکانی ئەوە کە هەمووی ئەو زمانانە وەک زمانی فیدراڵ یا سەرتاسەری بەڕەسمی بناسرێن کەمترە، چونکە بەشێوەیەکی سروشتی لە مەیدانی کردەوەدا ئەو مەسەلەیە دەتوانێ سەخت و کێشەساز بێ. بۆ نموونە لە بێلژیک و سویس و کانادا بە هۆی هاوکێشەی لەباری دێمۆگرافی زۆربەی زمانەکان لە ئاستی فیدرالدا یەکسانن، لەحاڵێکدا لە هیندوستان ئەگەرچی بەندی 8ی دەستوور چاردە زمان بە ڕەسمی دەناسێ، بەڵام بۆ پێوەندیی نێوان هەرێمەکان تەنیا هیندوویی و ئینگلیسی بەکار دەبرێن .

مەسەلەیەکی دیکە کە لێرەدا پێویستە ناوی بێنین بەرابەریی فەرهەنگییە کە دیارە سیاسەتی زمانەوانی تەنیا لایەنێکییەتی. بەرابەریی فەرهەنگی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا ئۆکسیژنی پاقژکەرەوەی شارەگەکانی پێوەندیی گەلانی ئەو وڵاتەیە. دەرەتانی ئەوە کە خەڵکی قەوم و نەتەوە جۆربەجۆرەکانی وڵات زمانی یەکتر فێر بن یا ئەوە کە هەموو کەس لە هەر شوێنێکی وڵات بتوانێ بە زمانی زگماک بخوێنێ یا هەر بەو زمانە لە دادگا داکۆکی لە خۆی بکا یارمەتی بە پتەوبوونی لێکگەیشتن و برایەتی و تۆلێرانس (تەحەممول) دەکا. بەو حاڵەش پێویستییە ماددی و ئیجبارە عەمەلییەکان زۆر جار پێمان دەڵێن کە ئەو ئامانجە پیرۆزە کار و نەخشە و سەرمایەی زۆری دەوێ و تا جێگیرکردنی بەرابەریی تەواوی فەرهەنگی ڕێگایەکی درێژ لەپێشە.

بۆ نموونە لە کانادا ئەو یەکسانییە بە مەودایەکی درێژدا هاتوە و تەنانەت ئێستاش بە تەواوی وەدی نەهاتوە. لە سەرەتای فێدراسیۆندا بەپێی ماددەی 133 ی یاسای 1867 "بیلەنگیسم" یا دوو زمانەیی بوون تەنیا لە کێبێک و لە نیهادە ناوەندییە فیدراڵەکاندا جێگیر کرابوو و فەڕانسەیی زمانەکانی دەرەوەی کێبێک لە هەر چەشنە مافێکی زمانی بێبەش بوون. دواتر هەرێمەکانی "بروونسویکی تازە" لە 1981 و "مانیتۆبا" لە 1979 مافی بەرابەری زمانییان بە فەرانسەییەکانیش

بەخشی. ساڵی 1969 بەرابەریی هەردوو زمان لە هەموو کانادادا بەرەسمی ناسرا، بەڵام هەرێمی کێبێک لە ساڵی 1977 مەنشوورێکی زمانی فەرانسەیی راگەیاند و تەنیا فەڕانسەیی بە زمانی رەسمیی هەرێمی خۆی قبووڵ بوو. لە بەرامبەر ئەمەدا، مەنشووری ماف و ئازادییەکانی کانادا لە ساڵی 1982 (پەسندکراوی دەوڵەتی ناوەندی) لە ماددەکانی 16 تا 23 دا مافی خوێندن و بیلەنگیسم لە هەموو جێیەکی وڵاتی بەرەسمی ناسی و ماددەی 20 ی هەمان مەنشووریش مافی بەکارهێنانی زمان لەپێش ئیداراتی پەسند کرد. سەرجەم ئەو مەتنانە مانا و ئاکامی جیاواز و دژبەیەکیان لە سیاسەتی زمانیی سەراسەری و هەرێمیی کانادادا پێک هێنابوو و تا ئێستاش شەڕی تێکستەکان لەو بوارەدا سەرچاوەی زۆر کێشە بووە.[33]

هەروەک گوتمان هەرێمێک دەتوانێ زمانی رەسمیی خۆی هەبێ، بەڵام لەسەریەتی مافە فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی کەمایەتییەکانی سەر خاکی خۆی دابین بکا. بەڵام لە کردەوە دا شتەکان هێندە سادە نین و لە پراکتیکی دەوڵەتە فیدرالییەکانیشدا یاسایەکی هاوبەش داناچۆڕێ. ساڵی 1988 هەرێمی کێبێک یاسایەکی پەسند کرد کە بەپێی وی قەدەغە کرا کە ئینگلیسی زمانەکانی ئەو هەرێمە ناو و تابلۆی سەر دووکان و فرۆشگاکانیان بە ئینگلیسی بنووسن. دواتر ئینگلیسییەکان سکاڵایان بردە بەردەم دیوانی بەرزی کانادا کە ئەو یاسایەی پووچەڵ کردەوە. ئەو هەڵوێستەی دیوانی بەرزی کانادا لە مافی نێونەتەوەییشدا رەنگدانەوەی هەبووە، چونکە بۆ نموونە کۆمیتەی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانرایگەیاندوە کە ئەو جۆرە بەرتەسک کردنەوانەی مافی بەکارهێنانی زمان نەک هەر بەپێچەوانەی ئەو مافانەی کەمایەتییە کە لە بەندی 27 ی پەیمانی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی ساڵی 1966 دا بەرەسمی ناسراون، بەڵکوو بەدژی ئازادیی بەیانیشە.[34] بەڵام نموونەی پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە بەجێیەی سەرەوەشمان هەیە. بۆوێنە بۆ هەمان حاڵەت دادگای دەستووریی سویس

---

[33] هەڵبەت بەپێچەوانەی ئەوانەی کەموکوڕییەکانی فیدرالیزم بۆ مەبەستە شۆڤێنیستییەکانی خۆیان کۆڵلێکسیۆن دەکەن، ئێمە بۆ ئەوە لێرەدا ئیشارە بەو کەموکوڕیانە ناکەین کە فیدرالیزمیان پێ مەحکووم بکەین.

[34] Communications Nos. 359/1989 and 385/1989, John Ballantyne, Elizabeth Davidson and Gordon McIntyre v. Canada.

رادەگەیەنێ کە ئەوە کە تابلۆی بازرگانی بە زمانی ئیتالیایی لە کۆمۆنێکی سەر بە کەمایەتیی رۆمانشدا قەدەغە بێ بەپێچەوانەی دەستوور نیە و ئاشتیی زمانەوانی و ئەسڵی سەرزەمینی بوون( کە ئێستا دێینە سەری) دابین دەکا .

## ب. پارێزگاریی کەمایەتییەکان

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، دەمانهێنێتە سەر مەسەلەی ئەوە کە لە فیدرالیزمدا کێ سەلاحییەتی پارێزگاری لە مافی کەمایەتییەکانی هەیە. ئەگەر لە فیدرالی‌یە فرەقەومی‌یەکانی دنیا ورد بینەوە دەبینین کە پرەنسیپی "تێریتۆریالیتە" یان سەرزەمینی بوون لەو بوارەدا باوە.[35] مانای ئەو پرەنسیپە ئەوەیە کە بۆ مافە فەرهەنگی‌یەکان هەمیشە پێویستە ئەو مافانە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی روون و دیاریکراوی جوغرافیاییدا سوودیان لێ ببرێ. ئاکامی ئەو پرەنسیپە ئەوەیە کە کافی نیە کە تاکێک لە قەومێک بەتەنێ لە جێیەکی وڵات کە زمانە رەسمی‌یەکەی لە هی خۆی جیاواز بێ بژی بۆ ئەوەی ئیددیعا بکا کە لە هەموو مافە زمانی‌یەکانی بەتایبەت مافی خوێدن بە زمانی زگماک کەڵک وەربگرێ. بەڵکوو خەرج و ئیمکانەکان ئەوە دەخوازن کە داوای بەکارهێنان یا خونێدنی زمانێک بگاتە لانی کەمێک کە پێویستی پێکهێنانی ئیمکاناتەکەی پاساو بدات .

بە ئەزموون دەبینین کە جگە لە هێندێک مەوریدی ئیستیسنایی وەک بروکسێل و دوو سێ کانتۆنی سویس کە چەند زمانی رەسمی‌یان هەیە،[36] زۆربەی نزیک بە تەواوی هەرێمە فێدرالی‌یەکانی دنیا ئەگەر قەرار بێ قەومی بن هی یەک قەومن و یەک زمانی رەسمی‌یان هەیە .

---

(35) DINSTEIN, Yoram, « The Degree of Self-Rule of Minorities in Unitarian and Federal States », in C. BRÖLMAN & al. (eds), *Peoples and Minorities in International Law*, M. Nijhoff, Dodrecht 1993, pp. 221-235 ; LEVRAT, Nicolas, « la protection des minorités dans les systèmes fédéraux », RTDH 1997, No. 30, pp. 229-271.

(36) سێ کانتۆن دوو زمانەن : بێرن کە کەمایەتیی فەرانسەیی لێ دەژی و فریبۆرگ و ڤالێ کە کەمایەتیی ئاڵمانیی لێ دەژی، کانتۆنێکیش بەناوی گریزۆن سێ زمانی‌یە.

ئەوە کە لە فیدرالیزمدا چ نیهادێک یا کامە ئاستی حکوومەتی ئەرکی پارێزگاری لە مافی کەمایەتی‌یەکانی لەسەر شانە دەکرێ بەپێی وڵات بگۆڕێ. بۆ نموونە لە بێلژیک ئەو پارێزگاری‌یە لە ئەستۆی دەوڵەتی فیدراڵە، لە کانادا هەم ناوەند و هەم هەرێمەکان سەلاحییەتیان هەیە و لە سویس ئەو بوارە بە کانتۆنەکان سپێردراوە .

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کە ئەسڵی سەرزەمینی بوون لێرەدا بڕیار دەدا. بەو مانایە کە گەلێک کە هەرێمی خۆی هەیە و لەو هەرێمەدا زمانی رەسمیی خۆی هەیە، نیهادەکانی ئەو گەل-هەرێمە بۆیان نیە کە خۆیان بکەنە مودافیعی ئەو هاوزمانانەی خۆیان کە لە هەرێمەکانی دیکە دەژین و بەم جۆرە ئەسڵی سەربەستیی نیهادیی هەرێمی دراوسێ پێشێل بکەن. هەم لە سویس و هەم لە بێلژیک دادگای داوەری ئەمەیان راگەیاندوە و ئەو ئەسڵەیان جێگیر کردوە کە ئەگەر لە بواری زمانەوانیدا سەلاحییەتەکان فێدرالیزە نەکران، ئەوا هەر هەرێمە بۆخۆی بە جیا لەسەر خاکی خۆی سەلاحییەتدارە. دیارە ئەو هەرێمانەی کە کەمایەتیی زمانی‌یان لەسەر خاکی یەکتر هەیە دەتوانن رێککەوتن لەنێوان خۆیاندا ئیمزا بکەن بۆ ئەوەی ئەو مافانە باشتر دابین و دەستەبەر بکرێن. لە سویس بەو رێککەوتنانە دەڵێن کۆنکۆردا و لە بێلژیک پێیان دەڵێن ئاسانکاری(تسهیلات)ی زمانی.

### 10- ستراتیژیی هەرێم،

## پرۆسەی سیاسیی سەراسەری و سیستمی هەڵبژاردن

لێرەدا بە کورتی دوو مەسەلە چاو لێ دەکەین. پرۆسەی سیاسیی حیزبەکان و مەسەلەی هەڵبژاردن.

### ئەلف. چوارچێوەی پرۆسەی ئەحزاب

بەدەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان هەمیشە ئامرازی پەیداکردنی باشترین پێگە بۆ ئەندامەکانیان لەنێو کۆمەڵگادان. هەرێم یا هەرێمەکانیش بەشێوەی زۆر مەشرووع بۆ وەدەست هێنان، جێگیر کردن و گەشەپێدانی جێگا و نەخشی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا و بۆ بردنی باشترین سوود لە بەرهەم و ئیمکانەکانی وڵات هەوڵ دەدەن. هەروەک پێشتر گوتمان هەرێمەکان بە جیا جیا یان

بەشێوەی بەرەیی دەتوانن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا بکەونە نێو پێوەندییەکی بەردەوامی تەوژم خستنە سەر یەکتر .

ئەوە کە هەرێمێکی دیاریکراو دەبێ پەیگیری چ جۆرە ستراتیژییەک لە ئاستی سەراسەریدا بێ، بە سروشت و پێکهاتەی ئەو هەرێمە، بە پێویستی و حەزەکانی و بە چلۆنایەتیی پێوەندییەکانی لەگەڵ باقیی ئەکتەرە نیهادییەکانی فەزای سیاسیی وڵاتەوە بەستراوەتەوە. رەنگە ئەوە کە گەل یا هەرێمێک لە وڵاتێک لێی بترسێ یا بۆی گرینگ بێ بۆ گەل یا هەرێمێکی دیکە لە وڵاتێکی دیکەدا هەر مەوزووعییەتیشی نەبێ. لەوبارەوە مێژووی هەرکام لە ئەزموونەکان، پلەی گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و بەتایبەتی زێهنییەتەکان دەتوانێ روونکەرەوەی وەزعییەت و داخوازە تایبەتییەکانی هەرکام لە هەرێمەکان بێ. بۆ نموونە لە بێلژیک هەروەک باسمان کرد هەرێمەکان لە کۆمەڵەکان کە لەبواری فەرهەنگیدا سەلاحییەتیان هەیە و ناوچەکان کە کاروباری ئابووریيان بەئەستۆوەیە پێک هاتوون. لەوێ فەرانسەیی زمانەکان لەبەر ئەوەی لەباری زمان و فەرهەنگەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا جۆرێک باڵادەستییان هەیە بەڵام ناوچەی ژیانیان واتە والۆنی لەباری ئابوورییەوە لەپاشترە بۆ گەشەپێدان و دانی دەسەلاتی زیاتر بە ناوچەکان کار دەکەن، لە حاڵێکدا هولەندی زمانەکان راست بەپێچەوانەی وان لایەنگری پەرەپێدانی نەخشی کۆمەڵەکانن، چونکە لەباری ئابوورییەوە لەپێش و لەباری فەرهەنگی و زمانەوانییەوە لە دووان.[37] دیاریکردنی ستراتژیی هەرێم هەروەها مەسەلەی هاوپەیمانەتییە سەرانسەرییەکانیش دێنێتە گۆڕێ. ئەساسەن ئەوە کە گەل یا هەرێمێکی فیدرال حازرە تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسیی سەراسەری بێ یان ئەوە کە وەک خۆی لە ناوەندا بەشدار بێ پرسێکی یەکجار گرینگە. لە فیدرالییە دێموکراتیکە جێگرتووەکاندا وەک لە ئاڵمان و ئوتریش پارتە سیاسییەکان چ لە ئاستی ناوەندیدا و چ لە ئاستی هەرێمیدا بەرهەمی سەرانسەرین. بەڵام لەو فێدراڵییانەدا کە مەسەلەی نەتەوایەتییان تێدا بەهێزە وەک لە بێلژیک و سویس و

---

(37) DE BRUYCKER, Philippe & al., « Mécanismes institutionnels et droits individuels dans la protection des minorités dans la Belgique fédérale », in N. LEVRAT, préc. pp. 189-245.

کانادا هەرێمەکان لە هەردوو ئاستدا لە ڕێگای ئەحزابی ناوچەیی یان میللی‌یەوە ددێنە مەیدان.

ئەوە کە هەرێمەکان لە چوارچێوەی ئەحزابی سەراسەری و غەیرە میللی‌دا لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری بکەن رەنگە بە قازانجی ئاشتی و برایەتی و لێکگەیشتن و دروست بوونی هێندێک مێکانیزمی هاوپێوەندی بێ کە بەسەر قەومییەتدا باز دەدەن و لە ئاکامدا لەکاتی کێشە و ناکۆکیدا تەشەننوجەکان رەنگێکی مەترسیدار بەخۆوە نەگرن. بەڵام ئەو مەسەلەیە نابێ یەکدا بە دوو فریومان بدا. چونکە ئەوەڵەن هەر وەزعییەتە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ژێرخانسازیی خۆی دەوێ. پاشان ئەگەر قەرار بێ تێکەڵ بوونی گەلێک لە پرۆسەی سیاسیی سەراسەریدا لەرێگای بەشداری یا ئیئتلاف لەگەڵ حیزبە نا میللی‌یەکانەوە ببێتە هۆی توانەوەی هوویەتی نەتەوەیی وی، قازانجی هەرێم یا گەلەکە بە هیچ جۆر لە مانۆرێکی ئەوتۆدا نابێ. تەنانەت نموونەی وڵاتی زۆر پێشکەوتوو و ئارامی وەک کانادامان هەیە کە لەوێ کێبێکی‌یەکان هەمیشە وایان بە سەڵاحتر زانیوە کە وەک خۆیان و کەمتر لەرێگای رەگەڵ کەوتنی سەفئاراییەیە سەرانسەری‌یەکانەوە لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بەشدار بن، چونکە بەم جۆرە داخوازی‌یەکانیان دیارتر و قایمتر دەچنە پێش .

لەراستیدا قازانجی هەرێمی نەتەوەیی گەلێکی پێشتر بن دەست لەوەدایە کە هاوپەیمان و پشتیوان لە ئاستی سەراسەریدا بۆخۆی پەیدا بکا، بەڵام دەبێ وەک خۆی و بەجیا لەو پرۆسە سەرانسەری‌یەدا بەشدار بێ. لەوەش گرینگتر نابێ رێگا بدا کە درز بکەوێتە ریزەکانیەوە و فەزای سیاسیی نێوخۆی هەرێم هەرچی بێ، لە ئاستی وڵاتدا دەبێ بە بلووک و یەکدەست و یەکگرتوو بجوولێتەوە.[38]

## ب. تێکنیکەکانی هەڵبژاردن

لێرەدا بە هیچ جۆر دەرەتانی شیکردنەوەی سیستمە جۆربەجۆرەکانی هەڵبژاردن نیە. لەو پێوەندی‌یەدا دەکرێ بڵێین سیستمی رێژەیی دەکرێ وەک نزیکترین تەکنیک لە سیستمی فێدراڵی چاو لێ بکەین. بۆ نموونە لە ئەفریقای

(38) وەک بەخۆشی‌یەوە لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی سیاسیی عیراق بەتایبەتی لە ساڵی 2005 دا لەلای کوردەکانی عیراق شاهیدی بووین.

باشوور بۆ هەموو هەڵبژاردنێک سیستمی نیسبی بەکار دەبرێ. لە سویسیش هەروەها، کە هەر کانتۆن و نیوە کانتۆنەی کراوە بە حەوزەیەکی هەڵبژاردن .

بەڵام لە فێدراڵی‌یە جۆربەجۆرەکاندا مێکانیزم و مێتۆدی زۆر جیاوازی هەڵبژاردن بەدی دەکرێ و لە راستیدا گوزینێشی سیستمێکی هەڵبژاردن تا سیستمێکی دیکە زۆرتر بەرهەمی دیتنێکە کە هەرکام لەو وڵاتانە لە خودی دێموکراسی‌یان هەیە و ئەوە کەمتر ئاکامی راستەوخۆی سیستمی فێدراڵی‌یە .

تێکنیکێکی شیاوی باسکردن کە دیارە ئەویش تەنیا بە فێدرالیزمەوە نەبەستراوەتەوە و دەکرێ وەک تێکنیکێکی دێموکراسی چاو لێ بکرێ بریتی‌یە لە تێکنیکی "کۆتا "و "کۆلێژ". کۆتا یانی سەهمی پێشتر دیاریکراوی کورسی‌یەکانی پارلمان بۆ کەمایەتی‌یەک جا سروشتەکەی هەرچی بێ (نەتەوەیی، جینسی، ...). بۆ نموونە بەپێی ماددەی 72 ی دەستووری سویس لانی کەمی کورسیی دەستەبەرکراوە : هەر کانتۆنێک حەشیمەتەکەی لە یەک لەسەر دووسەتی حەشیمەتی وڵات کەمتر بێ، مافی لانیکەم نوێنەرێکی هەیە کە لەو حاڵەتەدا هەڵبژاردنەکە بەپێی سیستمی زۆرایەتی بەرێوە دەچێ نەک رێژەیی. لە هیندوستانیش لەدوای ساڵی 1950 بۆ هێندێک خێڵی بەجێماو هێندێک کورسیی رێزێرڤکراو دانرا کە ئەگەرچی قەرار بوو ئیمتیازێکی کاتی بێ بەڵام دەورە بە دەورە نوێ کرایەوە.[39] سیستمی کۆتا دەکرێ سیستمی کۆلێژی تایبەتیشی لەگەڵ بێ. کۆلێژی تایبەتی بریتی‌یە لەوەی ئەندامانی گەل یا خەڵکێکی دیاریکراو بە جیا لە باقیی خەڵک دەنگ بدەن بۆ ئەوەی لە ئاکامی هەڵبژاردندا زۆر زەرەر نەکەن. لە رۆدێزیی کە دواتر بوو بە زیمبابووە بۆ سپی پێستەکان ئەو تێکنیکە بەکار بردرا .

## 11– باری تاکەکەسی و مافی هاووڵاتی

مەبەست لە باری تاکەکەسی ئەو پرسە یاسایی‌یانەیە کە پێوەندی‌یان بە ژیان و بوونی تاکەکەسیی هاونیشتمانانەوە هەیە و کەسایەتیی حقووقیی وان کاراکتێریزە دەکەن. لە سەردەمی ئەمرۆدا نەک هەر لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتانیش تاکەکان دەتوانن بەشێوەی جۆراوجۆر لە هاتوچۆ

---

[39] SINGH, Mahendra P., “Affirmative action in the protection of minorities in India”, in *Mélanges offerts à Grahel-Madsen*, pp. 301-323.

و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ یەکتر دابن و کردەوەکانیان لە بواری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا وەک بەستنی رێککەوتنی ژیانی هاوبەش یا مامەڵەی بازرگانی قالبی یاسایی‌یان هەبێ .

لە فیدرالیزمدا هەروەک دیتمان دوو ئاستی حقووقی هەن کە بە دوو سەرچاوەی یاسا و دەسەلات دادەنرێن: ئاستی هەرێمەکان و ئاستی ناوەند. راستە کە یەک دەوڵەت و یەک سەروەریمان هەیە و بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو دوو ئاستە لە پێوەندی و هاوکاری و هەماهەنگی و تێکهاڵاندان. بەڵام ئەگەر بێت و تایبەتمەندیی هەرێمەکان زۆر رەعایەت کرابێ (بەتایبەتی لەرێگای دەسەڵاتە ئینحیساری‌یەکانیانەوە)، یاسای بەجێگەیەنراو لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە دەتوانێ زۆر جیاواز بێ. ئەوەش دەتوانێ ببێتە مایەی ئاڵۆزی و سەرلێشێوان و کزبوونی ئەمنییەتی حقووقی.[40] بە روانینێکی دیکە دەکرێ ئەوە بەجۆرێک پێشێل کردنی ئەسڵی بەرابەریی هاونیشتمانان و مافی هاووڵاتییش دابنرێ.

وەک هێندێک شتی دیکەش کە پێشتر دیتمان ئەوە کە یاساکانی پێوەندیدار بە باری تاکەکەسی‌یەوە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاواز بن ئاکامێکی ئۆتۆماتیکی فێدرالی نیە. چونکە زۆر نموونەی دەوڵەتی سادە و مەرکەزیمان هەیە کە لەوێش بە هۆی مێژوویی یا هەرچی‌یەکی دیکە لە ناوچەیەکی ولات بە شێوەیەکی دایمی یاسایەکی جیاواز جێبەجێ دەکرێ (بۆ نموونە لە ئەلزاس لۆرێنی فەڕانسە). هەروەها زۆر فیدراڵیمان هەن کە لەواندا یاساکانی باری تاکەکەسی فێدرالیزە کراون واتە یاسایەکی فێدرال لە سەرتاسەری وڵاتدا بەڕێوە دەچێ. لە راستیدا ژمارەی ئەو فێدراڵییانەی کە لەواندا یاساکانی باری تاکەکەسی لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاواز بن لە پێچەوانەکەی کەمترە. ئەمریکا و کانادا لەو تاق و لۆق نموونە دیارانەی فێدرالیین کە لەواندا یاسای مەدەنی فێدرالیزە نیە. لە کانادا بۆ نموونە لە کێبێک "سیڤیل لۆ" (یاسای مەدەنیی پێوەندیدار بە سیستمی قەزایی فەرانسەیی) و لە باقی کانادادا "کۆمۆن لۆ " (سیستمی قەزایی

---

[40] ئەمنییەتی حقووقی یانی ئەوە کە هەر کەسێک کە لەگەڵ کەسانی دیکە یا لەگەڵ نیهادێک واردیدی پێوەندی‌یەکی حقووقی دەبێ، هەقیەتی چاوەڕاونیی ئەوەی هەبێ کە گۆڕانکاری و ئەگەرەکانی داهاتوو بە رادەیەک پێشبینی بکا کە دوایە وەزعێکی بۆ نەیەتە پێش کە بەشێوەیەکی زیانبەخش غافڵگیر بووبێ.

ولاتانی ئینگلیسی زمان) پیادە دەکرێ. دیارە پێویستە بڵێین لە کانادا تەلاق و ئیزدواج فێدرالیزە کراون .

هەر لەو پێوەندی‌یەدا نموونەی سویسیش سەرنجراکێشە. لەوێ یاسای مەدەنی و یاسای جینایی فێدرالیزە کراون. بەلام یاسای حکوومەتی یانی هەموو ئەو رێوشوێنانەی پێوەندی‌یانە بە ژیان و دارایی و پێوەندی و هەڵسوکەوتی دەوڵەتەوە هەیە لە دەسەلاتی ئازادی هەرێمەکاندان. لە هەمووشی سەرنجراکێشتر بواری میللیەت یان وەرگرتنی تەبەعییەتی سویسە، چونکە لەوێ بیانی‌یەک لە حاڵەتێکدا دەبێتە هاونیشتمانیی سویسی کە مافی سیتیزێنی یەکێک لە هەرێمەکانی درابێتێ (ماددەی 12ی دەستوور .)

زۆر جار ئەوە کە یاساکان بەتایبەتی بۆ باری تاکەکەسی لە هەرێمێکەوە تا هەرێمێکی دیکە جیاواز بن بە کەموکوڕی‌یەکی گەورەی فێدرالیزم دادەنرێ. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو رەخنەیە زۆر بڕ ناکا. راستە بۆ وێنە رەنگە بە زەحمەت قابیلی هەزم بێ کە مەسەلەیەکی گرینگی وەک سزای ئێعدام لە ئەیالەتێکەوە بۆ ئەیالەتێکی دیکە جیاواز بێ (وەک لە ئەمریکا دەیبینین)، بەلام ئەگەر ئەوەی لێ دەرکەین دەبێ بڵێین کە ئەوەڵەن هەروەک گوتمان مەرج نیە ئەو مەسەلەیە حەتمەن بە فێدرالیزمەوە گرێ بدرێ. پاشان هەروەک چۆن کاتێک بۆ وێنە دوو بێگانە لە ولاتێکی سێهەمدا پێکەوە وارێدی پێوەندی‌یەکی حقووقی دەبن بۆ چارەسەری ئەوە کە چ یاسایەک دەبێ لەسەر ئەو پێوەندی‌یە حقووقی‌یە جێبەجێ بکرێ مێکانیزم و رێگاچارە هەیە، لە فێدرالیزمیشدا دەکرێ پەنا ببردرێتە بەر مێکانیزمی لەو چەشنە. سەرەنجام گرینگتر و ئەولاتر لە هەموو ئەو قسانەش دەبێ بڵێین ئەگەر قەرار بێ بناخەی فێدرالیزم رێککەوتنی نێوان چەند گەلی زاتەن سەربەست بێ، ناکرێ بەناوی وەکیەکبوونی یاسای بەجێگەیەنراو لەسەر هاوولاتی‌یان هەروا سووک و هاسان ویستی هەرکام لەو گەلانە لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا بە کەم بگرین، مەگەر ئەوە کە بوارەکە وەک بۆ سزای ئێعدام بەراستی مافێکی بنچینەیی مرۆڤ بباتە ژێر پرسیار .

ئەگەر قەرار بێ فێدرالیزم باشترین رەهەندی پێکەوە ژیانی بەئاشتی و پێکەوە مانەوەی هارمۆنییانەی دوو یا چەند گەل بێ، ئەو چارەسەرە هەڵبژێراوەش هەم کەموکوڕیی خۆی دەبێ و هەم بەتایبەتی هەزینەی خۆی بەتایبەتی لەباری

زیادبوونی بۆرۆکراسی و سەرچاوە و چەشنەکانی یاساوە دەبێ. شتێک کە بەلەبەرچاوگرتنی ئیدئالی پێکەوەژیانی بە ئاشتیی گەلان باجێکی هەرزانە.

باسکردن لە بەشێک لەو رەخنانەی لە فێدرالیزم دەگیرێن لە راستیدا کۆمەڵێک پرسن کە دەکرێ ئێستا بچینە سەریان و لەنێو دەستەی پارامێترە سیاسییەکانی ئەو سیستمەدا لێیان بکۆڵینەوە.

## بەشی دووهەم:

# پارامێترە سیاسییەکانی فیدرالیزم

هەروەک لە سەرەتای باسەکەماندا ئیشارەمان پێ کرد، سەرنجدان بە مێکانیزمە حقووقی‌یەکانی فیدرالیزم بە تەنیا بەس نیە بۆ ئاکامگیریی بەکردەوە بە قازانجی ئەو دروشمە و بەرنامەدانان بۆ وەدیهێنان و جێگیرکردنی. بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێش هەموو شتێک قسە لەسەر دابەزاندنی سیستمێکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک پرسی سیاسی‌یە، دەبێ هەوڵ بدەین لایەنە سیاسی‌یەکانی مەسەلەکەش لەبەرچاو بگرین. بۆ سەیرکردنی ئەبعادی سیاسیی فیدرالیزمیش هەروەک بۆ مێکانیزمە حقووقی‌یەکانی کردمان، دەبێ دیسان ئەزموونی بەکردەوەی وڵاتانی دیکەمان ئاگا لێ بێ و پشتیان پێ ببەستین. هەڵبەت ئەزموونی شوێنەکانی دیکەی جیهان کە دیارە قەت یەکدەست و وەک یەکیش نین تەنیا بۆ ئیلهام بەخشین و دەرس لێوەرگرتنە و نابێ واقعییەتی وڵات و ناوچەی خۆمانمان لێ بشارێتەوە. هەربۆیە پێویستە دەرەتان و پێویستی‌یەکانی ستراتیژیی فیدرالی لە روانگەی ئێران و کوردستان و ئەکتەرە سیاسی‌یەکانی ئەو مەڵبەندەش لە نەزەر بگرین.

### 1- فاکتۆرەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزم

زۆر پارامێتر و فاکتۆر هەن کە لە سەرکەوتن یان شکستی فیدرالیزمدا دەتوانن نەخشیان هەبێ. شتێکی کە پێویستە لێرەدا جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە کە هیچ فاکتۆرێک نابێ بە موتڵەق وەربگیرێ. بەو مانایە کە لەلایەک هەمان فاکتۆر لە هەموو ئەزموونەکاندا یان نیە یان ئەگەر هەبێ هەمان بایەخی نیە. لەلایەکی دیکەوە نەبوون یان کزبوونی فاکتۆرێکی سەرکەوتنی فیدرالیزم لە ئەزموونێکی دیاریکراودا بە مانای مەحکوومییەت بە شکستی سەرجەم سیستمە فیدرالی‌یەکە نیە. لەراستیدا دەبێ هەر ئەزموونە لەچاو وەزعییەتی تایبەتیی وڵات یا ناوچەکەوە هەڵبسەنگێندرێ .

بۆ سەرکەوتنی فیدرالیزم پارامێترێکی سیاسی بە تەنیا هەمیشە دەتوانێ پێویست بێ، بەڵام هەرگیز کافی نیە. بۆ ئەوە کە فیدرالیزم لە ئەزموونێکی تایبەتیدا سەرکەوێ دەبێ لە سەرجەم یان زۆربەی زۆری فاکتۆرەکان هەڵێنجرێ، سەنتێزێکی کۆنکرێت کە بە واقعییەتە مەیدانی‌یەکان بخوا لە هەموویان بکرێ و بە کورتی بەستەرسازی بۆ فیدرالیزم بکرێ، واتە ژێرخانی بۆ دروست بکرێ و

کەموکوڕی و مەترسی‌یە مەیدانی‌یەکانی لە بوارێکدا بە دەرەتان و خاڵە بەهێزەکانی لە بوارەکانی دیکەدا قەرەبوو بکرێنەوە بۆ ئەوەی بالآنسی پارامێترە موسبەت و مەنفی‌یەکان هەرچی زیاتر بە قازانجی سەرکەوتنی ئەزموونەکەدا بشکێتەوە .

دەنا چاوەڕوانیی ئەوە کە فیدرالیزم بێ کەموکوڕی بێ و هەموو گیروگرفتەکانی وڵات بە شەش ڕۆژ چارەسەر بکا یان چاوەڕوانیی ئەوە کە خودی فیدرالیزم نەبێتە سەرچاوەی هێندێک گیروگرفتی تازە چاوەڕوانی‌یەکی بێجێ و نەزانانەیە. هیچ سیستمێکی حکوومەتی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. بەڵکوو قسە لەوەیە کە کامە سیستم دەتوانێ قەیران و مەینەتی‌یەکانی خەڵکی وڵاتێک بە کەمترین رادە بگەیەنێ و ویست و ئارەزووەکانیان بە زۆرترین رادە وەدی بێنێ. ئەوەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەتوانێ زۆر جیاواز بێ.

ئەو فاکتۆرانەی بە بڕوای ئێمە دەتوانن لە سەرخستن یان شکاندنی فیدرالیدا نەخشیان هەبێ ئەمانەن: ڕەزامەندیی گەلانی وڵات، دێموکراسی، مەسەلەی نەتەوایەتی، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری، فاکتەری نێونەتەوەیی، لایەنی ئابووری، هەڵوێستی نوخبەکان. دیارە بەپێی وەزعییەتی کۆنکرێتی هەر وڵاتێک زۆر شتی دیکەش دەتوانن دەخیل بن .

## ئەلف. ڕەزامەندیی گەلانی وڵات و پابەندی بە ئوسووڵی فیدرالیزم

هەروەک لە بەشی پرۆسەی فێدرالیزاسیۆندا ئاماژەمان بۆ کرد، سروشتی فیدرالی هەرچی بێ (سیاسی یا ئیداری) یان پرۆسەکەی هەرچۆنێک بێ (ئاسۆسیاسیۆن یان دیسۆسیاسیۆن)، فیدرالیزم بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان گەلان یان ناوچەکانی وڵاتە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەزموونێکی دیاریکراوی فیدرالی بتوانێ خۆی بگرێ پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو ڕێککەوتنە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە بێ، بەو مانایە کە ڕەزامەندیی واقیعیی گەل یا هەرێمە پێکهێنەرەکانی لەسەر بووبێ .

زۆر ئەزموونمان هەیە لەبەر ئەوە کە بەرهەمی ویستی ڕەسەنی هیچ کام لە پێکهاتەکانی یان هەموویان نەبوون بەڵکوو ئاکامی پێکەوە لکاندنی بەزۆری و لەژێر فشاری دەرەکیدا پێک هاتوون زۆر نەژیاون یان ئەگەر بە دەستی ئاسنینی دیکتاتۆری سەردەمێکیش خۆیان گرتبێ سەرەنجام هەر تێک ڕماون. نموونەی هەرە ناسراو یەکێتیی سۆڤییەتە کە پاش سێ چارەکە سەدە پێکەوە ژیان، گەلانی

پێکهێنەری، لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین بایەکانی ئازادی لێک جیا بوونەوە. دەکرێ بڵێین کە ئەزموونی ساڵی 1962 ی ئێریترە و فێدراسیۆنی مالی لەنێوان سوودان و سێنێگال (1959) و کامروون (1961) و زۆری دیکەش هەر بەو هۆیە شکستیان هێنا .

فیدرالیزم خۆی ناگرێ ئەگەر لانی کەمێکی ویستی پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوە لەنێوان گەلانی وڵاتدا نەبێ. کاتێک چێکەکان و سلۆواکەکان دوای 25 ساڵ پێکەوەژیانی فیدراڵی قەیران کەوتە نێوانیانەوە، هیچ مێکانیزمێکی ئالتێرناتیڤی غەیری جیابوونەوە نەیتوانی پێکەوەیان رابگرێ، چونکە چێکەکان و بەتایبە تی سەرۆک هاڤێل لە ساڵی 1993 تەنانەت بە پرۆژەی خۆسازدانەوە لە چوارچێوەی نیزامێکی کۆفێدرالیش لەگەڵ سلۆڤاکەکان رازی نەبوون.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە هەر ئەوەندە بەس نیە کە لە کاتی فیدرالیزاسیۆنی وڵاتێکدا گەل و ناوچە پێکهێنەرەکانی رەزایەتیان لەسەر بووبێ، بەڵکوو پێویستە ئەکتەرە نیهادی‌یەکان و بەتایبەتی نوخبەی ئەو گەل یا هەرێمانەی بەشێوەیەک باڵادەستی‌یان هەیە، بە پرەنسیپەکانی فیدرالی کە دەکرێ بڵێین بەرابەری جەوهەری هەموویانە پابەند بمێننەوە. بۆ نموونە لە فێدراسیۆنی کۆمارە سۆسیالیستەکانی یووگۆسلاڤیدا سەرفەنەزەر لەوە کە ویستی پێکەوە بوون لە کاتی فیدرالیزاسیۆندا چەندە وەبەر چاو گیرابوو، شتێک کە بووە مایەی شکستی یەکجاریی ئەو ئەزموونە لەژێرپێنانی خودی فیدرالیزم و نە کەمتر نە زیاتر لە خیانەت بە فیدرالیزم بوو. دیارە ئەو مەسەلەیە زۆر بە کولتوری دێموکراتیکی جێگیر لە وڵاتەکەدا بەستراوەتەوە کە ئێستا دێینە سەری.

## ب. دێموکراسی

زۆر جار کە باسی پێوەندیی فیدرالیزم و دێموکراسی کراوە تووشی بیروڕای جیاواز و تەنانەت دژبەیەک بووین. لەراستیدا بەبێ ئەوە کە هەرکام لە دێموکراسی و لە فیدرالیزم پێناسە بکەین ناتوانین هاوکێشەی نێوان ئەو دوو چەمکەش دەستنیشان بکەین. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دێموکراسی پێش ئەوەی بڵێین کە فیدرالیزم یانی دێموکراسی یان بڵێین دێموکراسی بە فیدرالیزمدا تێدەپەڕێ، دەبێ بڵێین مەبەستمان لە دێموکراسی کام دێموکراسی‌یە. ئەگەر دیتنمان لە دێموکراسی دتینێکی سیرفەن لیبرال و ئەندیویدوالیست بێ کە لەودا یاسای زۆرایەتیی

تاکەکەسەکان حوکم دەکا، دیموکراسی و فیدرالیزم دەتوانن زۆر جیاواز بن. چونکە فیدرالیزم بە سروشت میکانیزمی بەشداری لەسەر بناخەیەکی بەکۆمەڵ و ناوچەیی و تەنانەت قەومی لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەستەبەر دەکا.(41)

هەرچی فیدرالیزمیشە، هەموو شتێک بەوەوە بەندە کە فیدرالیزم چۆن چاو لێ دەکەین. ئایا فیدرالیزم تەنیا شکڵ و قالبێکی نیهادی و حکوومەتی‌یە، وەیان زێدەتر لەوە نێوەرۆکێکیشی هەیە.؟ لە حاڵەتی یەکەمدا دەکرێ لە جێیەک فیدرالیشمان هەبێ بەبێ ئەوەی دیموکراسی پێویستیش بێ. بۆ نموونە لە میرنشینە یەکگرتووە عەرەبی‌یەکان یان لە بێرمە فیدرالیشمان هەیە بەڵام دیموکراسی غایبە، لە پاکستان و نیجێر دیموکراسی ئەگەر بووبێش زۆر ناقیس بووە. سویس زۆر پێش ئەوەی دیموکراتیزە بێ فیدرالی بووە و سەرنجراکێش ئەوە کە کاتێک ساڵی 1789 شۆرشێک لە سویس رووی دا کە بووە مایەی دابەزانی دیموکراسی، ئەو گۆڕانکاری‌یە نەبووە هۆی هێشتنەوە و پتەو کردنی فیدرالیزم بەڵکوو لە سەرەتادا حکوومەتێکی ناوەندی و سادە هاتە سەر کار و بەجۆرێک فیدرالی هەڵوەشێنرایەوە! بەڵام پێچەوانەی ئەمەشمان هەیە. بەو واتایە کە لە زۆر شوێن فیدرالیزم یان پرۆسەی دابەشینی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بناخەی هەرێمی و قەومی وەک ئامرازێکی دیموکراتیزاسیۆن بەکار براوە. بۆ نموونە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی فیدرالیزمی ئاڵمان ئامرازی پێشگیری لە سەرهەڵدانەوەی سەرەڕۆیی دوای ئەزموونی رەشی نازیسم بەکار براوە، وەیان پاش نەمانی دیکتاتۆریی فرانکۆ لە ئیسپانیا (1978) رەوتی بەربڵاو و پێشکەوتووی ناوچەگەرایی لەو وڵاتەدا خرایە خزمەت دیموکراتیزاسیۆن .

کەوابوو هاوکێشەی نێوان فیدرالیزم و دیموکراسی سیستماتیک نیە و لە رابردوودا فیدرالیزم و دیموکراسی پێوەندیی جۆربەجۆر و تەفسیر هەڵگریان لەگەڵ یەکتر هەبووە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەوە روونە کە فیدرالی بۆ ئەوەی فیدرالی‌یەکی راستەقینە بێ ناتوانێ دیموکراتیک نەبێ. لە عەوەزیشدا ئەگەر لە وڵاتێک گەلان و هەرێمەکان بیانەوێ هوویەتی بەکۆمەڵی خۆیان بکەنە پێوانەی بەشدارییان لە دیموکراسیدا، ئەوە لە رێگای میکانیزمەکانی وەک فیدرالیزمەوەیە کە

---

(41) دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە وڵاتی فیدراتیومان نەبێ کە بەپێی پرەنسیپەکانی لیبرالی بەڕێوە بچێ.

دێموکراسی‌یەکە دەتوانێ لە ئاستی حکوومەتی و نیهادی‌دا گونجاوترین نێوەرۆک بەخۆیەوە بگرێ .

بێشک دێموکڕاسی فاکتۆرێکی بنەڕەتی لە سەرکەوتنی فیدرالیزمدایە. بەڵام ئەو ئیدەیە کە بۆ ئەوەی وڵاتێک فیدرالیزە بکرێ دەبێ پێشدا دێموکراتیزە بکرێ و دەورانێک تەمرینی دێموکراسی بکا لە ئەساسدا هەڵەیە. چونکە هەروەک گوترا دێموکراسی و فیدرالیزم تێکهاڵاون و لەراستیدا هەرکامیان دەتوانێ ئەوی دیکە پێناسە بکا و خزمەت بە جێگیربوون و پەرەستاندنی ئەوی دیکە دبکا.

## ج. کێشەی نەتەوایەتی

مەسەلەیەکی زۆر گرینگی دیکە لەنێو پارامێترە سیاسی‌یەکانی فیدرالیزمدا مەسەلەی نەتەوایەتی‌یە. ئایا بوونی کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا پێش بە سەرکەوتنی فیدرالیزم دەگرێ، یان بە واتایەکی دیکە ئایا بۆ ئەوەی فیدرالیزم لە وڵاتێکدا بتوانێ سەرکەوتوو بێ نەبوونی تەشەنووجی میللی یان بوونی ئاشتیی میللی پێشمەرجە؟

قسەی ئێمە لێرەدا ئەوە نیە کە داخوا فیدرالیزم چەندە دەتوانێ وڵامدەری کێشەی نەتەوایەتی بێ. هەروەک دەزانین و پێشتریش ئیشارەمان پێ کرد یەکێک لە ئەنگیزەکانی دابەزاندنی سیستمی فیدرالی لە وڵاتێک دەکرێ نیازی چارەسەری مەسەلەی پێکەوە ژیانی گەل و نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتەدا بێ. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوایەتی وەک پارامێتری سیاسی دەتوانێ چ نەخشێکی لە فیدرالیزمدا هەبێ .

شک لەوەدا نیە کە ئەگەر لە وڵاتێکدا کێشەی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی نەبێ، ئەوە یارمەتی بەوە دەکا کە فیدرالیزم لەسەر بەستەرێکی لەبار و ئاسوودەدا دابمەزرێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا بە هیچ جۆر بۆمان نیە بڵێین کە بوونی کێشە و تەشەنوجی میللی لە وڵاتێکدا خەتای فیدرالیزە کرانیەتی، یان بڵێین کە ئەگەر ئەو وڵاتە فیدرالیزە بکرێ ئەوا کێشەی نەتەوایەتی پەرە دەستێنێ. لە زۆربەی دەڤەرەکانی دنیا ریشە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشەی نەتەوایەتی زۆر کۆنتر لە مێژووی نوێی سیاسی و نیهادیی ئەو دەڤەرانەیە .

کێشەی نەتەوەیی نەک هەر زاتەن ناگەرێندرێتەوە سەر ئەستۆی فیدرالی، بەڵکوو فیدرالیزمێکی راستەقینە دەتوانێ یارمەتیش بە کەمکردنەوە و تەنانەت

نەهێشتنی ئەو تەشەنوجاتە بکا کە سروشتی قەومی یا میللیـیان هەیە. نموونەی ئەوتۆمان لە مێژوودا یەکجار زۆرن. بۆوێنە ئەوە فیدرالیزم بوو کە لە نێوەراستی سەدەی هەژدەدا لە ئەمریکا کۆتایی بە شەڕی جیابوونەوە و لە نێوەراستی سەدەی نۆزدەدا لە سویس کۆتایی بە شەڕی مەزهەبی هێنا. نزیکتر لە خۆشمان دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە فیدرالی لە ئاڵمان لە سەرکەوتنی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەو وڵاتەدا نەخشی هەبوو. تەنانەت لەو مەوردیدانەشدا کە ویستی پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوەی گەلان بە تەواوی لەنێو چووە، فیدرالیزم یارمەتیی بە جیابوونەوەیەکی سەرکەوتوو و هێمنانە کردوە. بۆ نموونە کولتور و زێهنیەتێکی دێموکراتیک و شارستانییانەی فیدرالیزم چەسپاندبووی بووە مایەی ئەوە کە جیابوونەوەی چێکەکان و سلۆڤاکەکان کارەساتی لێ نەکەوێتەوە .

راستە نموونەی فیدرالیمان هەبووە کە لەواندا کێشەکانی وڵات بە کارەسات و خوێنرێژی کێشراون. بەڵام بە هیچ جۆر ناکرێ بڵێین ئەگەر لە جێیەک مەسەلەی نەتەوایەتی کارەسات و ماڵوێرانیی بەدوادا هات، ئەوا زاتەن و موتڵەقەن خەتای فیدرالیزم یان نەتەوەیی بوونی فیدرالیزمە. نموونەی هەرە بەرچاو قەیران و شەڕی خوێناویی یووگۆسلاڤیـیە. لەراستیدا ئەوە فیدرالیزمەکرانی ئەو وڵاتە لەسەر بناخەی نەتەوایەتی نەبوو کە بوو بە سەرچاوەی ئەو قەیرانە سەخت و پڕزیانە، بەڵکوو خیانەت بە فیدرالیزم و لەژێرپێنانی پرەنسیپەکانی لە چوارچێوەی رەوتی هێژێمۆنی خوازیی بێلگرادا کە لە ساڵی 1989 وە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ستاتووی کۆسۆڤۆ وەک کۆمارێکی خودموختار دەستی پێ کرد .

لە راستیدا بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێک کەس و لایەن پێیان خۆشە لە قەیرانی یووگۆسلاڤیی جیلوە بکەن، تا ئێستا هیچ وڵاتێک نەبینراوە کە خاوەنی سیستمێکی راستەقینە و دێموکراتیکی فیدرالی بووبێ و تووشی کارەسات بووبێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو وڵاتە گیروگرفت و کێشەی زۆر قووڵی نەبووبێ کە هێندێکیان رەنگی قەومی و میللیشیان بە خۆوە گرتوە، بەڵام فیدرالیزمێکی راستەقینە وەک لە بێلژیک و کانادا و هیندوستان یارمەتی بە هەرچی باشتر کانالیزەکردنی ئەو کێشانە کردوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بۆ ئەوەی لە کێشەی نەتەوایەتیدا کار بە ژێنۆساید و ئەنفال نەکێشێ، پێویستە لایەنەکانی کێشە یەکتر بەرەسمی بناسن و یەکتر قبووڵ بکەن و پێکەوە دیالۆگ بکەن. فیدرالیزمیش زیاتر لە هەر سیستمێکی دیکە بەمانای

بەرەسمی ناسینی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتە و باشترین ئامرازەکانی دیالۆگی بنیاتنەری وان دەداتە دەست .

هەروەک پێشتر گوتمان دەکرێ لە وڵاتێک فیدرالیزم نەیتوانیبێ کێشەی میللی بەتەواوی و بەو جۆرە کە دڵخوازە چارەسەر بکا و لەوپێوەندیی‌یەدا نموونەمان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم وەک هیندوستان (بەتایبەتی لەگەڵ سیکەکانی پەنجاب) و نیجێر (مەسەلەی باشوور) هەیە. شتێک کە پێویستە لێرەدا سەبارەت بە فیدارلی‌یەکانی جیهانی سێهەم خەتی لەبن بدەین ئەوەیە کە ئەگەر لە وڵاتێک سیستمەکە سەرکەوتوو نەبووە، هۆیەکەی خودی فیدرالی نەبووە، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لە بناخەوە سەرجەم بەستەرەکە و بەتایبەتی دێموکراسی کێشەی هەبووە و بەزەحمەت توانیویەتی جێگیر ببێ کە لەوبارەوە ئەزموونی پاکستان نموونەیەکی باشە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێین بڕیاری فیدرالیزاسیۆن لەو چەشنە وڵاتانەدا بێجێ بووە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئەو ڕێگایەی فیدارلیزمی لەسەر وەرێ خراوە بەو جۆرەی پێیستە هەموار نەکراوە.

### د. فاکتۆری نێونەتەوەیی

پێویستە فاکتۆری نێونەتەوەیی بەسەر دوو لایەنی گەرەنتیی نێونەتەوەیی و دەوروبەری نێونەتەوەییدا دابەش بکەین.

### – گەرەنتیی نێونەتەوەیی

فیدرالیزم سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتێک و بەرهەمی ڕێککەوتنی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەیە. بەڵام هەر ئەو ڕێککەوتنە دەکرێ بناخەیەکی نێونەتەوەییشی هەبێ. بناخەی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە دیزاینی تازەی نیهادی زەمانەتی کۆمەڵێک دەوڵەتی بێگانە یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییشی بەسەرەوە بێ کە لە ئاکامدا دەکرێ چاوەدێریی نێونەتەوەیی بەجێگەیاندنی ڕێککەوتنەکە و دەرەتانی بەرزکردنەوەی سکاڵای نێونەتەوەییش بۆ بەردەم نیهادێکی قەزایی نێونەتەوەیی لە خۆ بگرێ. لە حاڵەتێکدا فیدرالیزم بناخە یان دەستەبەری نێونەتەوەیی بۆ لە نەزەر دەگیرێ، کە مەسەلەکە قازانجەکانی کۆمەڵێک خەڵک یان ئەکتەری سیاسیش بخاتە گرەوی خۆیەوە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەو لایەنانەدا بن کە وڵاتەکە پێک دێنن .

نموونەی ئەو ڕێککەوتنە دەستووری‌یانە یان ئەو ستاتووەی پارێزگاری لە کەمەنەتەوەکان کە بناخە و دەستەبەری نێونەتەوەیی‌یان بۆ دانراوە زۆرن کە دیارە مەرج نیە هەموویان ڕێککەوتنی فیدرالی بووبن:

ڕێککەوتنی ژنێڤ لە نێوان ئاڵمان و لەهستان لەسەر هەرێمی سلێزیی سەروو (1922)، ڕێککەوتنی سوئێد و فینلاند سەبارەت بە دوورگەکانی ئالاند لە چوارچێوەی کۆمەڵی نەتەوەکاندا (1921)، ڕێککەوتنی پاریس لەسەر سەرزەمینی مێمێل (1934)، ڕێککەوتنی پاریس لەنێوان ئوتریش و ئیتالیادا سەبارەت بە تیرۆلی باشوور (1946)، بڕیارنامەی 182(2)ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ حکوومەتی داهاتووی فەلەستین، بڕیارنامەی 47(1948) ی ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر دەوڵەتی جاموو و کەشمیر، بڕیارنامەی 390(5)ی کۆڕی گشتی لەبارەی کێشەی ئێریترەدا، ڕێککەوتنەکانی 1954 و 1975 ی نێوان ئیتالیا و یووگۆسلاڤی و زلهێزەکان سەبارەت بە هەرێمی ترێست، ڕێککەوتنی دەوڵەتیی بنیاتنانەوەی ئوتریش (1955)، ڕێککەوتنی لەندەن لەنێوان ئنگلستان و یوونان و تورکیەدا لەپێوەندی لەگەڵ قبرسدا (1959)، پرۆژەی ساڵی 1993ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێککەوتنێکی فیدرالی لەنێوان پازدە لایەنە دەرگیرەکەی شەڕی نێوخۆیی سۆماڵیدا، ڕێککەوتنەکانی دایتۆن سەبارەت بە بۆسنی هێرزەگۆڤین (1996)، ... هتد.[42]

**– دەوروبەری ناوچەیی**

لە مەیدانی سیاسەتدا زۆر جار فاکتۆرە بڕیاردەرەکان هێندێک شتن کە لە بازنەی یاسا و نیهادینەگەری بەدەرن و بە حەز و ویستی ئەکتەرەکان و بە نییەت

(42) هەر لێرەدا دەکرێ ئیشارە بە هێندێک ڕێککەوتنی دوو لایەنە یان ڕاگەیاندراوی دەوڵەتان بکەین کە مافی کەمایەتی‌یەکانیان تێدا دەستەبەر کراوە و سروشتێکی نێونەتەوەیی‌یان هەیە: پەیمانەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەنێوان هاوپەیمانان و هەر یەک لە لەهستان، ئوتریش، چێکۆسلۆڤاکی، بولغارستان، ڕۆمانی، مەجارستان، تورکیە، ... هتد و هی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لەگەڵ بولغارستان، فینلاند، ڕۆمانی، مەجارستان. ... هتد؛ بەڵێنی ڕێزگرتن لە مافی کەمایەتی‌یەکان لەبەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان لەلایەن ئاڵبانی، لیتوانی، لێتۆنی، ئێستۆنی، عیراق، .... هتد؛ ڕێککەوتنی دوولایەنەی نێوان لەهستان و چیکوسلۆڤاکی (1947)، هیند و پاکستان (1950)، ئاڵمان و دانمارک (1955)، و هەروەها ژمارەیەکی زۆر ڕێککەوتن لەنێوان دەوڵەتانی ئوورووپای ڕۆژهەلات و نێوەراست لەپاش ڕووخانی دیواری بێرلین.

و کردەوەی واقیعیی وانەوە بەستراوەتەوە. دەوروبەرێکی سالم و هانادەری ناوچەیی و نێونەتەوەیی و ئەوە کە زلهێزەکان و بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ چۆن لەگەڵ ئەزموونێکی فیدرالی لە وڵاتێکدا دەجووڵێنەوە دەکرێ زۆر نەخشی کارساز یان بەپێچەوانەوە تێکدەری هەبێ .

یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزمی سویس ئەوە بوو کە هەر لە پەیمانی ڤێستفالیەوە (1648) ئەو وڵاتە بەرەسمی ناسرا و لە کۆنگرەی ڤییەنیش (1815) دەسەڵاتە گەورە ئوروپاییەکان بێلایەنیی ئەو وڵاتەیان دەستەبەر کرد. وەیان لە مەسەلەی ئالاندا یەکێک لە فاکتۆرە لەبارەکان ئەوە بوو کە ئەو دوورگانە لەسەر بناخەی چەند رێککەوتنێکی پێشتری نێونەتەوەیی دێمیلیتاریزە کرابوون و سەرەڕای ستراتژیک بوونیان دەرەتانی کەڵک لێوەرگرتنی نیزامییان لە دەوڵەتان قەدەغە کرابوو. هەروەها لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانیش دەسەڵاتە گەورەکان نەخشێکی یارمەتیدەریان بە جێگیربوونی سیستمێکی فیدرالی لە ئاڵمان بینی.

ئەگەر دەوروبەری ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەتوانن خزمەت بە فیدرالیزم بکەن، لە بەرامبەردا فیدرالیزمیش بۆخۆی یەکێک لە ئامرازەکانی جێگیرکردنی کەشێکی سالمی ناوچەیی و نێونەتەوەییە. بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئەو فیدرالییەی باسی لێوە دەکەین بۆ ئەوە دامەزرابێ کە مەسەلەی نەتەوایەتیی چەند گەل و نەتەوە چارەسەر بکا کە ئەندامانی ئەو گەل و نەتەوانە لە وڵاتانی دراوسێشدا بژین. چونکە بەم جۆرە نەک هەر رەنگە ئەوان بە قەناعەت هێنان بە واقعییەتی مافەکانیان لە ویستی سەربەخۆیی و لەتکردنی ئەو وڵاتانە پاشگەز ببنەوە، بەڵکوو پێوەندیی نێوان ئەندامانی هەمان گەل لە دوو لای سنوورەکانیش شکڵێکی سالم و بنیاتنەری نیهادی بەخۆیەوە دەگرێ.

## هـ . پێشینەی ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردن

زۆر جار گوتراوە کە ئەو فیدرالییانەی سەرکەوتوو بوون ئەوانەن کە میراتی ئیستعمار یان رابردوویەکی کۆنی خۆبەڕێوەبەرین. بەو مانایە کە گۆیا تەنیا ئەو فیدرالییانە سەردەکەون کە لە ئاکامی یەکگرتنی چەند دەوڵەتدا پێک هاتبن کە پێشتر بووبن یان هەر نەبێ ئەو واحیدانەی فیدرالییەکە پێک دێنن پێشتر حکوومەتی ناوچەیی خۆیانیان بووبێ. ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەوە دەبێ کە تەنیا فیدرالیزمی ئاسۆسیاسیۆن دەتوانێ دەوام بێنێ. ئایا ئەو قسەیە چەندە راستە؟

شک لەوەدا نیە کە بوونی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی سیستمی فیدرالی یارمەتی بە گەشەسەندنی باشتری ژیانی نیهادی و سیاسیی هاوبەشیان دەکا. بەڵام هەر لەو کاتەدا ناکرێ بڵێین کە ئەگەر لە وڵاتێک پێشتر ڕێگا بە گەلانی پێکهێنەری نەدرابێ کە بۆ خۆیان خۆ بەڕێوە ببەن، ئیدی ئەو گەلانە هەرگیز قابلییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیانیان تێدا پێک نایە و دەبێ وڵات بەشێوەی سانترالی و یەکدەست بەڕێوە بچێ یان دەبێ چاوەڕوان بین کە ڕۆژگارێک لە تەمرینی دێموکراسی و حوکمڕانی تێپەڕ بێ ئینجا بچینە سەر فیدرالیزاسیۆنی وڵات. ئەساسەن، لە فیدرالیزمدا لەبەر ئەوە کە لە سەرەوەڕا تا خوارێ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان دابەش دەکرێن، دەکرێ بڵێین فیدرالیزم قوتابخانەی حوکمڕانییە .

با بگەڕێینەوە سەر قسەکەی سەرەتا، واتە ئەوە کە تەنیا فیدرالییە سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە لە ئاکامی پێکەوە لکانی چەند دەوڵەتدا پێک هاتوون. بە هیچ جۆر حاشا لەوە ناکرێ کە لەنێو نموونە بەرچاوەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزم بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە لە ڕێگای ئاسۆسیاسیۆنەوە پێک هاتوون. بۆ نموونە ئەمریکا بەرهەمی یەکگرتنی کۆلۆنییەکانی پێشووی بریتانیایە. وەیان هەرێمەکانی ئوتریش میراتگری ساختارە بەڕێوەبەرییەکانی سەدەی نۆزدەی ئیمپراتۆری هابسبۆرگن .

شتێکی لێرەدا پێمان خۆشە پێی لەسەر دابگرین ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی ئەو تێبینییە بە کەم بگرین، دەبێ بڵێین کە ئیستدلالەکە هێندێک موبالەغە و ڕاستی شاردنەوەشی تێدایە. لەڕاستیدا ناکرێ بەشێوەی موتڵەق بڵێین کە ئەو هەرێمانەی لە فیدرالییەکانی ئاسۆسیاسۆندا یەکیان گرتوە دەوڵەتی سەربەخۆ بوون. بۆ نموونە پاش ئەوەی ئەمریکاییەکان خۆیان لەژێر چەتری ئیستعماری ئینگلیس دێننە دەر، بەشێوەی کۆنفێدرالی یەک دەگرن، بەڵام لە ماوەیەکی کورتی دە دوازدە ساڵیدا واریدی سیستمی فیدرالی دەبن و لەڕاستیدا مەوجوودییەتی پێشووی وان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ زۆر جێگای باس و پرسیارە. لە پێوەندی لەگەڵ زۆربەی نموونەکانی دیکەش بەتایبەتی لە ئورووپادا دەتوانین عەینی شت بڵێین، واتە هەرێمەکان پێش ئەوەی واریدی فیدرالی ببن و لە ئاکامدا یەکگرتنێکی دڵخوازانەی سەرکەوتوو پێکەوە دابمەزرێنن، کەمتر وا هەبووە دەوڵەتی سەربەخۆ بووبن و ئەگەر لە بەڕێوەبردنی خۆشیاندا سەربەست بووبن بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر

کەوتبوونە ژێر چەتر و ژێر باڵی ئەم یا ئەو ئیمپراتۆری. لە ئاڵمان هەتا پێش سەدەی هەژدە زیاتر لە سەت شازادەنشینی هەبووە وەیان لە هیند هەتا سەردەمی نوێ سەدان میرنشینی بەشێوەی هاوکات لە گۆشە و کەناری ئەو وڵاتەدا حوکمیان کردوە کە تەبعەن هیچیشیان بە دەوڵەت (بە مانای نوێی وشە) لە قەڵەم نادرێن. هەمان ئەو واقعییەتە لە زۆربەی دەڤەرەکانی دیکەی دنیا لە مێژووی کۆن و نوێیاندا بەدی دەکرێ و لە ئاکامدا جیاوازی دانانی نێوان فیدرالیزمی ئاسۆسیاسیۆن و دیسۆسیاسیۆن تووشی نیسبییەت دەبێ .

لەلایەکی دیکەوە نموونەی ئەزموونی فیدرالییشمان هەیە کە لە ئاکامی دێسانترالیزەکردنی ساختاری وڵاتدا پێک هاتوون و سەریش کەوتوون وەک لە هیند و بەتایبەتی لە بێلژیک. هەر بەو پێیە دەتوانین لەسەر ئەوەش پێ دابگرین کە شکستی فیدرالیزمی سۆڤییەتی بەزەحمەت دەکرێ بەتەنیا بخرێتە ئەستۆی ئەوە کە فیدرالی‌یەکی ئاسۆسیاتیف نەبووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە سەرجەم ئەو فاکتۆرانەی حەزی پێکەوە ژیان لەنێو گەلاندا ساز دەکا یان زیادی دەکا (وەک دێموکراسی و بەرابەری) بێبەش بووە .

## و. لایەنی ئابووری

بە دژی فیدرالیزم جاری وایە دوو جۆر ئیستدلالی ئابووری دێت و دەچێ. هەربۆیە لایەنی ئابووریش دەکەینە دوو بەش: گەشەسەندنی ئابووری و هاوسانیی ئابووری.

### - فیدرالیزم و گەشەکردن

یەکێک لەو بیانووانەی لە فیدرالیزم دەگیرێن ئەوەیە کە گۆیا فیدرالی پێش بە گەشەکردنی ئابووری و ئیمکانی ئەوە کە دەوڵەتی مەرکەزی بەپێی یەک پلانی گشتی و سەراسەری بەرنامە ئابووری‌یەکانی وڵات بباتە پێش دەگرێ. ئەمە لە هەڵەیەکی رووت کە سیستمی سیاسیی وڵات و سیستمی ئابووریی وڵات زیاتر لەوە کە پێویستە پێکەوە دەبەستێتەوە و تەنانەت تێکەڵیشیان دەکا زیاتر نیە. چونکە لەلایەک لەنێو ئابووری‌یە شکۆفاکانی دنیادا زۆری وەک ئەمریکا، کانادا، سویس،

ئوستralیا، و تەنانەت وڵاتێکی بەحیساب جیهان سێهەمیی وەک مالیزی وەبەرچاو دەکەون کە فیدرالیین و فیدرالیزم پێشی بە گەشەکردنی ئابووری‌یان نەگرتووە.[43]

لەلایەکی دیکەوە خودی فیدرالیزم دەکرێ وەک سیستمێک چاو لێ بکرێ کە لەودا ئەگەر ناوچەکان زیاد لە رادە بە ناوەندەوە نەبەسترێنەوە، دەکرێ بە باشترین شێوە لە هەموو قابلییەتە رکەبەری‌یەکانی وڵات و لە سەرچاوە جۆربەجۆرە سروشتی و ئینسانی‌یەکانی دەوڵەمەندی و داهێنان کەڵک وەربگیرێ. زیاد لەوەش هەروەک گوترا نە دەبێ سیستمی حکوومەتیی وڵات و سیستمە ئابووری‌یەکەی تێکەڵ بکەین و نە پێشمان وابێ سیستمی فیدرالی سیستمێکی دیاریکراوی ئابووریش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. شک لەوە دا نیە کە دێموکراسیی ئابووری و بازاری ئازاد دەتوانن نەخشیان لە گەشەکردنی ئابووری وڵاتدا هەبێ، بەلام هەروەک گوترا گەشەسەندنی ئابووری وڵات بەرهەمی راستەوخۆی سیستمە بەرێوەبەری‌یەکەی نیە. ئەزموونی فیدرالیمان بووە کە ویستوویەتی سۆسیالیزم پیادە بکا، و هەشمان بووە کە سەرمایەداری بووە.

## – وێکچوونی باری ئابووری وەک پێشمەرجی فیدرالی؟

ئیستدلالێکی دیکەی ئابووری بەدژی فیدرالیزم ئەوەیە کە گۆیا ئەگەر ناوچەکانی وڵاتێک لەباری گەشەسەندنی ئابووری و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی‌یەوە زۆر لە یەکتری‌یەوە جیاواز بن ئەوە ئیدی دەبێتە هۆی ئەوەی فیدرالیزم بە مردوویی لە دایک بێ .

راستە کە فیدرالی‌یەک کە لەودا هەرێمەکانی وڵات هاوسانیی ئابووری‌یان هەبێ، زەمینەیەکی لەباری چوونەپێشی هەیە. بەڵام نەبوونی ئەو هاوسانی‌یە ناکرێ بەشێوەی موتڵەق بە فاکتۆری مەحکوومییەتی فیدرالی دابنرێ، چونکە بەپێچەوانەوە ئەوە فیدرالیزمە کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەو هاوسانی‌یە ئابووری‌یە. لە فیدرالیزمدا ئەسڵی هاوپێوەندیی ئابووری هەیە و بۆ نموونە لە ئاڵمان ئەوە فیدرالیزمە کە دەرەتانی سیستماتیک بەوە دەدا کە بەشی رۆژهەلات لە دەوڵەمەندیی بەشی رۆژئاوای یان لە بێلژیک بەشی باشوور لە داهاتی زیاتری بەشی باکوور سوود ببا.

(43) هەڵبەت حاشا لەوە ناکەین کە نموونەی فیدرالیشمان هەیە کە بەدەست هەژاری و کێشەی ئابووری‌یەوە بناڵێنێ وەک لە ئەمریکای لاتین.

## ی. هەڵوێستی نوخبەکان

لە هەر لەش و ساختارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نوخبەکان و زێهنیەت و کردەوەیان دەتوانن نەخشی بڕیاردەر بگێڕن. هێندێک جار سەرەڕای بەرابەری‌یەکی نیهادی و رواڵەتی کە لەنێوان گەلانی ولات یان هەرێمەکانی ولاتدا هەبووە، باڵادەستیی نوخبەکانی سەر بە گەلێک لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەتایبەتی ئابووری و فەرهەنگیدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە لە سیستمی نیهادییشدا بەکردەوە باڵادەستیی هەبێ و لە ئاکامدا ئەو باڵادەستیە بچێتە بەرگێکەوە کە فیدرالیزم لە ئامانجی راستەقینەی خۆی لا بدا.

وەزعییەتێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی ئەوە کە نوخبەکانی گەل و هەرێمەکان هەرکامەیان بە هۆی خۆی لە سەرجەم سیستمەکە نارازی بێ .

لەوەش خراپتر هێندێک جار جیاوازیی وەزعییەتەکان لەنێوان گەل و هەرێمەکاندا ئەوەندە زۆر بووە کە تەنانەت دەکرێ بڵێین کە گەلێک نوخبەی چالاک و کاریگەری بووە و گەلێکی دیکە نەیبووە. بۆ نموونە لە فێدراسیۆنی چێکۆسلۆڤاکیدا جیاوازی‌یەکی زۆر لەنێوان چێکەکان و سلۆڤاکەکاندا هەبوو. چێکەکان خەڵکێکی مۆدێرن و کراوەی شارنشین و پرۆتێستان بوون کە لەنێو واندا هەستی مەزهەبی زۆر بەهێز نەبوو و لە رابردووشدا لەژێر چەتری ژێرمانی‌یەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار کرابوون. لە حاڵێکدا سلۆڤاکەکان دواکەوتووتر، گوندنشین و کاتۆلیکی تۆخ بوون کە لەژێر دەسەڵاتی مەجاردا هەمیشە کەوتبوونە پەراوێزەوە. ئەو جیاوازی‌یە ببووە هۆی ئەوە کە نوخبەکانی هەرکام لەو دوو گەلە بەشێوەی خۆی چاو لە بەشی خۆی لە ماف و ئەرک لە دەسەلاتی فیدرالدا بکا. چێکەکان چاوچنۆکانە و سلۆڤاکەکانیش بێئەمەگانە.[44]

بێشک وەک زۆر فاکتۆری دیکە مەسەلەی نوخبەکانیش‌نابێ موتڵەق وەربگیرێ و بەتەنیا چاوی لێ بکرێ. لەو پێوەندی‌یەدا دەبێ بڵێین کە ئەو فاکتۆرەش وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە گۆڕاندا بێ. ئەو گۆڕانەش بە

---

[44] WOLCHIK, Sharon L., “The Politics of Ethnicity and the Breakup of the Czechslovak Federation”, in L. DROBIZHEVA (ed.), *Ethnic Conflict in the Post Soviet World,* M. E. Sharpe, Armonk1996, pp. 67-85.

فاکتۆرەکانی دیکە و بەگشتی بە فەلسەفەی سیستمەکەوە بەستراوەتەوە. هەتا فیدرالیزم زیاتر ئامرازە نیهادییە فێعلییەکانی وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان گەلان و هەرێمەکانی تێدا بێ، شانسی ئەوەش کە نوخبەکان هەڵوێستی بەرپرسیارانە و بنیاتنەر بگرنە بەر زیاترە.

## 2– فیدرالیزم لە کۆنتێکستی ئێران دا

هەڵسەنگاندنی زانستی و مەیدانیی فیدرالیزم لە پێوەندی لەگەڵ رەوشی تایبەتیی ئێراندا کارێکی سەخت و چەتوونە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەلسەنگاندنە تەنیا بە دووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک پرەنسیپ و تێبینیی گشتی (کە جاری وایە زۆرتر دە چنە خانەی ئامانج و ئارەزووەکانەوە) قەناعەت نەکا . لەراستیدا لەبەر ئەوەی باسەکانی مەسەلەی میللی و بەتایبەتی فیدرالیزم زۆر لەمێژ نیە بوون بە یەکێک لە باسە باوەکانی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی ئێران، زۆر بە کەمی نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ لەو بوارەدا لەدەست دایە کە نێوئاخنەکەی فاکت و دادە علمییەکانی هەڵێنجراو لە واقعییاتی مێژوویی و دیمۆگرافیی قەومیی ئێران بێ.[45] دیارە هۆیەکی راستەوخۆی ئەو بۆشاییەش بێشک دژایەتیی توندی هەردووک دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆنەپەرستی و هەروەها ناوەندە شۆڤێنیستییەکان لەگەڵ باس و لێکۆڵینەوەی نەبەستراوە و ئازاد لەسەر کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران بووە.

سەرەڕای دەست رانەگەیشتن بە ماتریالی خاو لەسەر مەسەلەی قەومی و فیدرالیزم لە کۆنتێکستی ئێراندا، هەوڵ دەدەین لێرەدا هێندێک بۆچوون فۆرموولە بکەین.

با لەپێشدا ئەنگیزە و زەمینەی فیدرالیزم لە ئێران بخەینە بەر باس. پاشان هێندێک نموونە لە سیاسەت و هەلوێستەکانی ئەکتەرە سیاسییەکانی ئێران لەو پێوەندییەدا دەسنیشان دەکەین .

---

(45) لەنێو ئەو تاق و لۆق لێکۆڵینەوە جیددی و عیلمییانەی لەم دواییانەدا لە نێوخۆی وڵات دا چاپ بوون دەکرێ ئیشارە بکەین بە "فدرالیسم در ایران"، ویژەنامەی مرکز تحقیقات مجمع دانشگاهیان آزربایجانی، شهریور 1382.

## ئەلف. پێویستی، گونجاوی و دەرەتانی فێدرالیزاسیۆنی ئێران

ئەنگیزەی بە فیدرالی کردنی ئێران دەکرێ چی بێ؟ ئەو سیستمە چەندە لەگەڵ وەزعییەتی عەینیی ئەو وڵاتە دێتەوە؟ و ئیمکانی دابەزاندنی لەوێ دەکرێ چەندە بێ؟

لێرەدا وێرای فۆرمووڵە کردنی هێندێک تێبینی بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە، هەر لەو کاتەدا هەوڵیش دەدەین کە ئیشارە بەو تیر و توانجانە بکەین کە موخالیفانی فیدرالیزم بۆ ئێران لەو سیستمەی دەگرن[46] و تێدەکۆشین بزانین داخوا ئەو رەخنانە چەندە بڕ دەکەن. رەنگە وڵامی زۆر لەو رەخنانە هەروەها لە بەشەکانی پێشووی باسەکەماندا و بەتایبەتی لە بڕگەی پێوەندیدار بە فاکتۆرەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزمدا وەگیر بکەوێ .

ئەو کەسایەتی یا لایەنەنای ئێلیتی سیاسیی ئێران چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات کە دژایەتی لەگەڵ فێدرالیزاسیۆنی ئێران دەکەن دەکرێ هەڵقوولاوی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی فرە جیاواز و نالێک بن و مەبەست و ئامانجی زۆر جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیشیان لەو پێوەندی‌یەدا هەبێ، بەڵام هەموویان لە یەک شتدا یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوە کە چاکی و خراپیی سیستمی فیدرالی لە موتڵەقدا هەرچی بێ، فیدرالیزم بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی سبەینێ نالوێ و لەگەڵ وەزعییەتە تایبەتی و "هیچ کەس لە هیچ کوێ نەدیتوو" مکەی ئەو وڵاتە یەک ناگرێتەوە، چونکە گۆیا ئێران لە هەموو ئەو مەوریدانە کە لەواندا قەوارەی سیاسیی وڵاتێک فیدرالیزە کراوە جیاوازە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەروەک پێشتر باسمان کرد فیدرالیزم کاکڵێکی رەق و دیاریکراوی نیە کە لە هەموو فیدرالی‌یەکانی دنیادا یەک شت بێ و هەلومەرجی ئەو وڵاتانەش کە فیدرالیزە کراون یەکجار زۆر لێک جیاوازە .

ئێمە لە سەرەتای باسەکەماندا ئەو مەبەست و ئامانجانەمان وەبیر هێنانەوە کە دەکرێ خەڵکی وڵاتێک بێنێتە سەر ئەوەی قەوارەی سیاسیی وڵاتەکەیان فیدرالیزە بکەن. زۆر ئاسان دەتوانین بڵێین کە لە زۆربەی نزیک بە تەواوی روانگەکانەوە ئێران شیاوترین وڵاتە بۆ ئەوەی فیدرالیزە بکرێ. هەموو هۆکارەکانیش بایەخی

---

[46] بۆ نموونە بڕوانە وتاری حبیب برزین، "فدرالیسم و مسائل قومی"، 12 ی دی 1382، وێب (ایران امروز).

تایبەت بە خۆیانیان هەیە و ئەگەر هێندێکیشیان زەقتر بن، ئەوە نابێ لە بایەخی ئەوانی دیکە کەم کاتەوە، بە جۆرێک کە پشت گوێ بخرێن .

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێین کە فیدرالیزم بۆ ئێران سیستمێکی شیاوە چونکە فیدرالیزم دەتوانێ بۆ هەر وڵاتێک سیستمێکی شیاو بێ. بەهۆی ئەو دەرەتانانەی لەبواری پلورالیزەکردنی سیاسەت، شەفاف و خەلاق کردنی حکومەت و کاریگەرکردن و برەوپێدانی بەڕێوەبەرایەتیدا پێکیان دێنێ، فیدرالیزم دەتوانێ بۆ هەر وڵاتێک سیستمێکی سوودبەخش بێ؛

پاشان ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە و هەروەک دەزانین ئەو سیستمە بۆ ئەو وڵاتانە زۆر لەبارە کە بەربڵاویی خاکەکەیان دەرەتانی بەڕێوەبردنێکی یەکدەست و سانترالیزە نادا. دەکرێ بڵێین کە لەنێو وڵاتانی بەرین و بە حەشیمەت گەورەدا تاق و لۆق وڵاتی وەک ئێران و چینمان هەیە کە فیدرالی نەبن، تازە بە لەبەرچاوگرتنی دیکتاتۆرییەک کە لە چین زاڵە، دەکرێ بڵێین ئیستسنای وەک چین هەر بۆ ژماردنیش نابێ؛[47]

سەرەنجام لە هەمووی گرینگتر لەنێو ئەنگیزەکانی فێدرالیزاسیۆنی ئێراندا ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە قەومی و فرە ئایینی و بەکورتی فرەچەشنییە. گەلانی ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن و عەرەب لەپاڵ گەلی فارس و کەمایەتییە میللییەکانی وەک ئەرمەنی و ئاسۆریدا و هەروەها ژمارەیەکی زۆر زمانی ناوچەیی(لۆڕی، گیلەکی، مازەنی، قەشقایی، ئەفشاری، ...هتد) و پێڕەوانی چەندین ئایین و مەزهەب(ئیسلام بە هەموو لق و پۆپە سەرەکی و لاوەکییەکانییەوە، مەسیحی، جوولەکە، بەهایی، یەزیدی، ... هتد)ی تێدا دەژین .

دیارە دەبێ بڵێین کە کەمتر وا هەیە مەسەلەی فرەمەزهەبی بوون لە سازکردنی بناخەی تیئۆری بۆ فێدرالیزاسیۆنی ئێراندا ناو بهێنرێ، هۆیەکەشی ئەو بۆچوونەیە کە لە فیدرالیزمدا فاکتەری مەزهەبی کەمتر دەخیلە، هەروەها بەهۆی لائیسیتەخوازی، وە یان ئەوە کە لە ئێران کلیڤاژە مەزهەبییەکان بە زۆر شێوە بەنێو کلیڤاژە قەومییەکاندا رەد دەبن (بۆ نموونە بوونی کوردی شیعە). بەڵام ئێمە لێرەدا بۆیە ناومان هێنا چونکە ئەوە کە فیدرالیزم و پێکهاتەی مەزهەبیی وڵات تەواو لێک بێگانە بن راست نیە. لە هێندێک وڵاتی دنیادا بەبێ ئەوەی جیایی دین لە

[47] تەنانەت لە چین بە پێی یاسای مانگی مای 1984 خودموختاری دراوە بە زۆر هەرێمی قەومی.

دەوڵـەت بچێتـە ژێـر پرسـیار، هـەوڵ دراوە مێکانیزمـە نیهـادیـیـەکـانی فیـدرالی پارێزگاری لە مافی کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکانیش لە نەزەر بگرن (بۆ نموونە لە بێلژیک کە بـە کـەمایـەتیی ئیدئۆلۆژی ناویـان دەبـەن!). تـەنانـەت نموونـەی وەک ئـەزمـوونی لوبنانمان هەیە کە لەوێ کلیڤاژی موسڵمانی شیعە – موسڵمانی سوننە – مـەسیحیی مارۆنی بەپێی میساقی میللیی 1947 و تـەنانـەت دوای رێککـەوتنی "تـاییف"یش لـە 1990 کراون بە بناخەی دابەشکردنی دەسەڵات.(48)

گرینگی‌یەکی دیکەی فاکتەری مەزهەبی بۆ هەڵسەنگاندنی واقعییەتی دێموگرافیی قەومی لە ئێرانە. ئێران وڵاتی کـەمایـەتی‌یـەکانـە. هـیچ گـەل یـا نـەتـەوەیـەک لـە ئێران نـاتوانێ ئیددیعا بکـا کـە بـە تـەنیـا زۆرایـەتیی موتڵـەقی هـەیـە. بـەڵام هـەروەک لـە رابردوودا دیتوومانە بەشێوەی رەسمی و نـارەسمی هـەوڵ دراوە بـە پـەنـابردن بـۆ پێناسـەی مـەزهـەبی (=شـیعە) زۆرایـەتـی‌یـەکی دێمـوگرافیی "ئیئتلافـی"ی زێهنـی و نەگوتراو (لەنێوان فارسەکان و تورکەکاندا)بچەسپێندرێ. ئامانجی وەها سیاسـەتێک زەقکردنـەوەی کلیڤـاژە مـەزهـەبی‌یـەکان بـە زیـانی کلیڤـاژە قـەومـی‌یـەکان، تـەریک کردنەوەی تەڤگەری ئەو گەلانەی لەبواری هەستی نـەتـەوەییدا وشـیارتر و چـالاکتر بوون و هەروەها چاندنی تۆوی تەفرەقە لەنێوان گەلانی بە ئایین جیاواز و تـەنانـەت لەنێوان رۆڵەکانی بە مەسلەک جیاوازی هەمان گەل دا بووە .

دروست و بەجێیە کە لە باسی فیدرالیدا فاکتەری مەزهەبی بەمەبەستی پێشبینی کردنـی سیسـتمی پارێزگـاری لـە مـافی پـەیرەوانـی هـەمـوو ئایینـەکـان و بـەتایبـەتی کەمایەتی‌یـەکانیـان لـە نـەزەر بگرین، یـان بۆ ئـەوە کە بڵێین لـە ئێراندا زۆرایـەتیی قەومی وجوودی نیە. بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە بهێڵین مـەزهـەب لـە دیزاینی فیدرالی‌یەکەماندا بڕیاردەر بێ. چونکە ئـەگـەر تـەنانـەت بـۆ سـاتێک بایـەخی حـەیـاتیـی لائیـسیتەش لـە قـەراغـێ دابنـێن، ئـەزمـوونی لوبنـان کـە بناخـەکـەی "کۆنفێسیۆنالیسم" (تەریقـەتگـەرایی) بـوو پێمـان دەڵێ کـە ئـەگـەر لـەلایـەک پێناسـەی نەتەوەیی لە مەیدانی گشتی و حکوومـەتیدا دەتوانێ سـەرکـەوتـوو بێ، عـەینـی ئـەو قسەیە لە پێوەندی لـەگـەڵ ئاییندا راست نیـە. جگـە لـەوەش لێمـان روونـە کـە ئێران لوبنـان نیـە و لـە ئێران ئـەگـەر راستـە کـە تـەبعیزی مـەزهـەبی لـەلایـەن دەوڵـەتـەوە

(48) BOUSTANY, Katia, « Minorités et organisation institutionnelle au Liban : architecture de l'Etat et dispositif juridique », in N. LEVRAT, préc. pp. 389-414.

هەبووە و هەیە، بەڵام کێشەیەکی مەزهەبی لەنێوان گەلانی وڵاتدا نیە و ئەوە مەزهەب نیە کە لە ئێران بڕبڕەی کێشەی پێکەوە ژیانە، بەڵکوو مەسەلەی نەتەوایەتی‌یە .

فیدرالیزم لە ئێران دەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی لە دیالێکتیکی نەزۆک و پڕکێشەی کەمایەتی-زۆرایەتی بێنێتەدەر و لەجیاتی دابەزاندنی سیستمێکی لەرزۆک و ناپایەداری پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکی دیاریکراو، سیستمی بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی وڵات لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی ئەو وڵاتەدا جێگیر بکا. چونکە هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەو باسەدا دیتمان ئەگەر بێت و دیزاینی فیدرالیزم بوعدی ئەسڵیی مەوجوودییەتی کەمەنەتەوەیەک لە وڵاتێک (کە بوعدی سیاسی‌یە) لە نەزەر بگرێ، نەک هەر کێشەی کەمایەتی چارەسەر دەکا، بەلکوو دەتوانێ بە رادەیەکی زۆر دیاردەی کەمایەتی بوونیش لەنێو بەرێ .

فیدرالیزم هەروەها باشترین ئامرازی وەڕێخستنی پرۆسەیەکی بەردەوام و نەهادینەی دێموکراتیزاسیۆنی ئێرانە. بە لەبەرچاوگرتنی تەرکیبی ئینسانیی ئێران فیدرالیزم دەتوانێ باشترین جۆری دێموکراسی کە لەگەڵ واقعییات، پێویستی‌یەکان و قابلییەتەکانی ئەو وڵاتە یەک بگرێتەوە وەدی بێنێ. سەبارەت بەوەش کە داخوا ئەو دێموکراسی‌یە بناخەکەی دەبێ چی بێ دەبێ بڵێین کە بەلەبەرچاوگرتنی هەستی خۆناسی و نەتەوەپەروەریی ئەمڕۆ و سبەینێی گەلانی ئێران دێموکراسی‌یەکی رووت و سادەی لیبرالیی بەستراوە بە قودسیەتی فەردی بە هیچ جۆر ناتوانێ رەزایەتی گەلانی ئێران دابین بکا و لە ئاکامدا دێموکراسی‌یەکەش ناتوانێ دێموکراسیی دڵخوازی وان و گونجاو لەگەل راستی‌یەکان و پێویستی‌یەکانی ئێران بێ .

ئەگەر ئێمە لێرەدا فیدرالیزم وەک ئامرازێکی دێموکرتیزاسیۆنی وڵات لە قەڵەم دەدەین، زۆر جار رێک ئارگومێنتی دێموکراسی (یان نەبوونی تا ئێستای دێموکڕاسی) لەلایەن موخالیفانی فیدرالیزم لە ئێراندا بۆ ئەوە بە کار دێ کە بڵێن هێشتا بۆ فیدرالیزم زوویە و بۆ ئەوەی فیدرالیزم ئاکامی نەخوازراو بەدووی خۆیدا نەکێشێ، پێویستە دەورانێک لە تەمرینی دێموکراسی تێپەڕ ببێ. هەروەک لە بەشی پێوەندیدار بە فاکتۆرەکانی سەرکەوتنی فیدرالیزمدا گوتمان ئەو ئارگومێنتە هەڵەیە، چونکە فیدرالیزم و دێموکراسی دەتوانن پشت و رووی هەمان میداڵ بن و بەشێوەی دوولایەنە خزمەت بە یەکتر بکەن .

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێرانیش، پێویستە بگوترێ کە دێموکراسی هەمیشە لە ئێراندا لە نەوەسان دا بووە (نەوەسانێکی تەنانەت خراپتر لەوەکە لە زۆر وڵاتی دیکتاتۆر لێدراوی ئەمریکای لاتین یا کوودێتا عادەتی ئەفریقادا دیتوومانە). ئێران بەدرێژایی سەدەی بیست تا ئەمڕۆ هەر نەبێ بە رواڵەت زۆر سیستمی سیاسی و حکوومەتی (پاشایەتی و کۆماری، ئۆتۆکراسی و تێئۆکراسی، پارلمانتاریسم و رێژیمی سەرۆکایەتی،... هتدی) بەتاقی کردوونەوە و زۆر "ئیدئال" و چەمکی رەنگاورەنگ (خەڵک سالاری، میللیگەرایی، ئیدئۆلۆژیی کومونیستی، ئیسلامی سیاسی،... هتد) فەزای سیاسیی وڵاتیان خەملاندوە. لە چەندین دەرەتانی چووک و گەورەی مێژووشدا (وەک لە سەردەمی مەشرووتە ڕا تا کوودێتای رەشەمەی 1299، سەردەمی ناسیۆنالیزاسیۆنی نەوت تا کوودێتای گەلاوێژی 1332، وە یان پاش رووخانی دیکتاتۆریی پاشایەتی) فورسەتی جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا هاتۆتە پێش و لەنێوان مەقتەعە جۆربەجۆرەکانیشدا هەوڵی بەکارهێنانی زۆر دەرفەت و رۆژنە بۆ کردنەوەی کەشی سیاسیی وڵات دراوە. بەڵام هەر جارە و بە چەندین هۆی وەک دەستێوەردانی ئیستعمار، ناڕێکخراویی نوخبە سیاسیيە پێشکەوتوو و دێموکراتەکان، ونبوونی بەشێک لەو نوخبانە لەنێو کلیڤاژە مەکتەبی و ئیدئولۆژیکەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چینایەتی، راکێشانی بە هەڵە یا بە ئەنقەستی سەرنجی سیاسیی خەلک بۆ لای هێندێک پرسی دەسکردی نێونەتەوەیی، سەرکوتی نامرۆڤانە و بێباک، و .... هتد، بەداخەوە هەموو جارێ سەرەنجام ویستی خەڵک زنجیر کراوەتەوە .

بۆ پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی سێناریۆیەکی لەو بابەتە رێگاچارە ئەوەیە کە دەسەڵات لە ئێراندا بە چەشنێک ورد و خاش بکرێ کە نیهادەکانی، رەنگدانەوەی واقعییەتی هێزە ساختاری‌یە دایمی‌یەکانی نێو کۆمەڵگا بن. بە لەبەرچاو گرتنی ئاست و سروشتی کلیڤاژ و پێوەندی‌یە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی وڵات، لە ئێران ئەو هێزە ساختاری‌یە دایمی‌یانە ئەم پارت و ئەو ئیدئۆلۆژی یا ئەم چین و ئەو توێژ نین، بەڵکوو لەپێشدا گەلانی ئەو وڵاتەن. ئەگەر گەلانی ئێران لە ناوچە جۆربەجۆرەکانیاندا و لە ئاستی ناوەندیدا ببنە چوارچێوەی نەهادیی کایەی دێموکراتیک، ئەودەم بارستایی ئەو هێزانەی لایەنگریی شێلگیر و پایەدار لە دێموکراسی دەکەن زۆر زیاتر دەبێ .

ئاکامی ئەو قسانە ئەوەیە کە ئەگەر لە ئێرانی سبەینێدا بەشێک لە هەرێمە فیدرالییەکانیش بناخەی ناوچەیی یا سروشتی ئیداری‌یان هەبێ، هەر لەو کاتەدا دەبێ رێگا بە گەلانی ولات (ئەوانە کە خوازیارن) بدرێ کە هەرێمی نەتەوەیی دابمەزرێنن. موخالیفانی فیدرالیزم یان تەنانەت بەشێک لەوانە کە فیدرالیزمیان وەک سیستمی داهاتوو بۆ ئێران قبووڵە هێندێک جار هۆشدار دەدەن کە ئەگەر ئێران فیدرالیزە بکەین یان فیدرالیزمی نەتەوەیی تێدا جێگیر بکەین، ئێران دەبێتە یووگۆسلاڤی. وێڕای وەبیر هێنانەوەی ئەو هەقیقەتەی لەبارەی یووگۆسلاڤیدا لە سەرەوە باسمان کرد، دەڵێین راست بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئێران فیدرالیزە نەکەین، یان ئەگەر فیدرالیزمەکە ویستی گەلان و مافی چارەنووسیان وەبەرچاو نەگرێ، ئێران دەبێتە یووگۆسلاڤی.

لەبارەی ئەوەشدا کە ئەو مافی چارەنووسە هەتا کوێ دەچێ دەبێ بڵێین گەلانی ئێران بەدرێژایی مێژووی نوێ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی‌دا قوربانیی سیاسەتێکی هەڵاواردن بوون کە شۆڤێنیسمی فارس بردوویەتە پێش، و هەرگیز بۆیان نەبووە کە بەشێوەی دیار و راستەوخۆ سەبارەت بە سیستمی سیاسیی ئێران و چۆنیەتیی بەشداریی سیاسی‌یان لە چوارچێوەی ئێراندا پرسیان پێ بکرێ وەیان رێز بۆ حەز و ویستیان دابنرێ. بەو حاڵەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندییە مێژووییانەی لەنێوان سەرجەم ئەو گەلانەدا هەیە و بە مەرجێک سیستمی داهاتووی ئێران بەجۆرێک دابرێژرێ کە مافی یەکسانی هەموو ئەو گەلانە وەدی بێنێ، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە لە راپرسی‌یەکی راستەقینەدا کە لەبارەی فیدرالیزمدا بکرێ ئەو گەلانە رەزایەتیان لەسەر دەبێ و هەر ئەو رەزایەتی‌یە هەوەڵی‌یەش دەبێتە هۆی پتەو بوونی بناخە شەرعی و دەستووری و رەوانی‌یەکانی بەقای سیاسیی ئێران. بەڵام ئەمە بەو مەرجە کە لەو پرۆسەی فیدرالیزاسیۆنەدا کە وەرێ دەخرێ هەموو گەلان وەک یەک تێیدا بەشدار بن، هیچ گەلێک یان ئیئتلافی هیچ گەلانێک نەبێتە هۆی لە پەراوێز خستنی گەل یا گەلانێکی دیکە، و دواتریش نوخبەکانی ولات بەجۆرێک بجووڵێنەوە کە باڵادەستیی ساختاریی گەل یا دوو گەل نەبێتە هۆی بەئەبەدی کردنی بەجێمان و لە پەراوێزدامانەوەی گەلەکانی دیکە.

هەتا چەند ساڵێک پێش ئێستا کە هەستی نەتەوەیی گەلانی ئێران (جگە لە کورد) بە رادەیەکی ئەوتۆ خۆی نەدەنواند، بۆچوونێک باو بوو کە لەبەر ئەوەی گۆیا لە

ئێران تەنیا مەسەلەی کورد هەیە و مەسەلەی نەتەوایەتی بەو جۆرە وجوودی نیە، فیدرالیزمیش یان دیسانترالیزاسیۆنی قەومی شیاوی ئەو ولاتە نیە. فێدرالیزاسیۆنی ولاتێک هەرگیز لەسەر ئەوە مەحتەل نیە کە لەو ولاتەدا کێشەی نەتەوایەتی هەبێ. لە رابردوودا گەلانی ئێران بە کردەوە نیشانیان داوە کە مەسەلەی نەتەوایەتی‌یان لەلا گرینگە. بەچەشنێک کە لە مێژووی نوێی ئێراندا زۆربەی ئەو کاتانەی خەبات بۆ دێموکراسی لە ئارادابووە، هەلگرانی ئالای ئەو خەباتە کەسانێک یان کۆمەلێک لایەن بوون کە هەلقوولاوی گەلانی جۆربەجۆری ولات بوون و ویستە دێموکراتیکەکانیان و داخوازە میللی‌یەکانیان ئاوێتەی یەکتر کردوە. لەو پێوەندی‌یەدا دەکرێ باسی نەخشی بڕیاردەری رۆلەکانی گەلی ئازەری لە شۆڕشی مەشرووتەدا و هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لە سەردەمی پاشایەتیدا و شەڕی کوردستان و خوراگریی خوزستان و تورکمەنسەحرا لە سەردەمی کۆنەپەرەستیدا بکەین. لەراستیدا ئەگەر حافیزەی بەکۆمەلی گەلانی ئێران و ئاگالێبوونیان لە راستی‌یە مێژوویی‌یەکان و لە رابردووی کێشەی نەتەوایەتی نەبا، هەستی خۆناسیی قەومیی وان ئەمڕۆ بەو رادەیە (کە دیارە هێشتا کافی نیە) خۆی دەرنەدەخست.

هەروەک دەزانین فیدرالیزم سیستمی دابەشکردنی دەسەلات لەسەر بناخەی ئیقلیمی و سەرزەمینی‌یە. پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە بۆ ئەوەی فیدرالیزم بەڕاستی بۆ گەلێک سوودبەخش بێ، دەبێ ئەو گەلە خاوەنی هەرێمی تایبەت بە خۆی بێ. هێندێک جار موخالیفانی فیدرالیزم بەگشتی و هی فیدرالیزمی نەتەوەیی بەتایبەتی دەیانەوێ بە پشت بەستن بە وەزعییەتی دێموگرافیی ئێران ئەو سیستمە رەت بکەنەوە و دەلێن لە ئێران "قەومەکان" بەشێوەی پەرش و بلاو و تێکەل پێکەل دەژین و دەرەتانی ئەوە نیە کە کەسایەتی قەومی یا میلیی گەلانی ئەو ولاتە بکرێتە چوارچێوە و بناخەی فیدرالیزمی داهاتوو. بۆ وێنە دەگوترێ کە نیوەی تورکەکانی ئێران لە دەرەوەی ئازەربایجان دەژین و تورکەکانی تاران لە تورکەکانی تەورێز زۆرترن؛ یان ئەوە کە ئەندامانی سەر بە فلانە گەل لە ناوچەی مێژوویی فلانە قەومیش هەن. شک لەوەدا نیە کە سەدان سال مێژووی هاوبەش و بەتایبەتی هێندێک بەرنامەی عەمدیی لێکدانی قەومەکان لە ئێران بۆتە هۆی تێکەل بوونی خەلکی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ولات. ئەگەر بەو پێیە بێ ئێمەش دەتوانین بلێین کە تاران گەورەترین شاری کوردنشینە. بەلام بۆ مەگەر لەو ولاتانە دا کە فیدرالیزە کراون مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکەیە؟ چما وەزعییەتی دێموگرافیی ئێران لە

وەزعییەتی کانادا خراپترە کە لەوێ زیاتر لە یەک ملیۆن فەرانسەیی زمان لە دەرەوەی هەرێمی کێبێک دەژین[49] و 17%ی دانیشتووانی خودی کێبێکیش ئینگلیسی زمانن. پەرش و بڵاویی قەومەکان خاڵی هاوبەشی نزیک بە تەواوی وڵاتانی فرەنەتەوەیە و تاقە یەک دەوڵەتی فیدرالیشمان لە دنیادا نیە کە خاوەنی کۆمەڵێک کەمایەتی لەسەر خاکی بەشێک لە هەرێمەکانی نەبێ .

لەلایەکی دیکەوە فیدرالیزم بۆخۆی سیستمێکە کە بۆ ئەوە ساز کراوە کە راست وڵامی کێشە و گیروگرفتی لەو جۆرە بداتەوە، چونکە هەم سیستمی دابینکردنی مافی کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی هەرێمەکانی تێدایە و هەم مێکانیزمی بەرێوەبردنی هاوبەشی دەڤەرە فرەقەومییەکان (وەک لە برووکسێل و بۆسنی). جیا لەوانەش ئەگەر فیدرالیزمی نەتەوەییمان وەک باشترین و رەواترین سیستمی بەڕێوەبردنی ئێران هەڵبژارد، هەروەک لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیکەی دنیادا دەیبینین، ئەوە بە هیچ جۆر پێشی ئەوەمان لێ ناگرێ کە سیستمەکەمان بەپێی وەزعییەتەکان لە چەندین تێکنیکی نەهادی کەڵک وەربگرێ و بۆ وێنە لەو جێیانەی بەهۆی پەرش و بڵاویی کەمایەتییەکان، یان بەهۆی ئەوەکە فڵانە کەمایەتی ئەگەر پەرش و بڵاویش نەبێ لەسەر خاکی مێژوویی گەلێکی دیکە دەژی، لەجیاتی دانی هەرێمی تایبەتی، خودموختاریی ئیقلیمی یان ئۆتۆنۆمی تاکەکەسییان (واتە پارێزگاری لە مافەکانیان لە چوارچێوەیە کدا کە بناخەی جوغرافیایی نەبێ) پێ بدرێ.

تێکنیکیکی دیکەی رەتکردنەوەی فیدرالیزم و بەتایبەتی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ ئێران بەلاڕێدا بردنی خوێندنەوەی مێژوویە کە جاری وایە دەگاتە ئاستی حاشاکردن لە واقعییەتی گەلانی ئێران بە یارمەتیی ئەفسانەی نەتەوەی ئێران. ئەو گوتارە نیازخراپ و ناراستگۆیە هەوڵ دەدا بەشێک لە گەلانی ئێران (ئارياييیەکان) بە موشتەقێک لە گەلی فارس و ئەوانی دیکە (ئاڵتاییيەکان و سامیيەکان) وەک بێگانە لە قەڵەم بدا. خستنە بەر باس و بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیدیعا شۆڤێنستییە رەگەزپەرەستییانە لە توانا و دەرەتانی ئەو باسەی ئێمە دا نیە. بەڵام لێرەدا پێمان خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو کۆمەڵە ئارگومێنتە بەدخوازانەیە ئەگەر

---

[49] نیو میلیۆن لە ئەیالەتی ئۆنتاریۆ، چارەگە میلیۆنێک لە ئەیالەتی برونسویک و چارەگە میلیۆنێکیش لەنێو حەوت هەرێمەکەی دیکە.

زۆربەی کات جەوهەرێکی بە حیساب قەومناسیيان هەیە، هێندێک جار سروشتێکی نیهادیش بە خۆیانەوە دە گرن و دەکرێنە پشتیوان بۆ حاشاکردن لە راستیيەکانی مێژووی حوکمرانی لە ئێراندا. هەروەک پێشتریش باسمان کرد گۆیا فیدرالیيەکی سەرکەوتوو تەنیا کاتێک دەلوێ کە میراتگری مێژوویەکی کۆنی حوکمرانیی ناوچەیی بێ. ئەوانەی لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا ئەو ئارگومێنتە بەکار دەبەن مێژووی ئێران وەک ئەوە جیلوە دەکەن کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ ئێران هەر ئەو ئێرانە بووە و بە سیستمێکی واحید و مەرکەزییش بەڕێوە چووە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە نابێ پێشینەی خۆبەڕێوە بەری بکەینە بناخەی شەرعییەت یا فاکتەری موتلەق بۆ فیدرالیزم. بەڵام ئەگەر تەنانەت واش دابنێین کە فیدرالیزم دەبێ ریشەی لە مێژووی وڵاتەکەدا بووبێ، دەبێ بڵێین کە تەنیا بە خۆ گێلکردن لە راستیيەکانی قەومییەت و بەلارێدابردنی مێژووی ئەو وڵاتە دەکرێ ئیددیعا بکرێ کە ئێران خاوەنی ئەزموونی هەرێمگەرایی و حوکمڕانیی سەربەستی هەرێمەکانی نیە. لەو بارەوە با مێژووناسانی راستبێژ و بێلایەن بێن وردەکاریيەکانی یەکێتیی ئەقوام لە پێش هاتنی ئاریایيیەکان بۆ ئێران؛ سیستمە ساترابیيەکانی پێش ئیسلام؛ سیستمی ویلایەتیی دەورانی ئیسلام؛ هەرێمە سەربەخۆکانی دەورانی هەخامنشی، ساسانی، سەلجووقی و سەفەوی، میرنشینە کوردیيەکانی تا دوێنێ، و .... هتد مان بۆ بگێڕنەوە. هەتا هەشتا ساڵ لەمەوبەریش (هەشتا ساڵ لە مێژووی نەتەوەکاندا ساتێکە!) واتە تا کۆتایی دەسەڵاتی قاجار و هاتنە سەر حوکمی پەهلەویيەکان (1304 ی هەتاوی) ئێران بە مەمالیکی مەحرووسە ناو دەبرا و چەشنێک لە رێژێونالیسمی بەرفرەوان لەو وڵاتەدا برەوی بووە. ئەو دێسانترالیزاسیۆنە راستە لە لایەنی بەشداری لە دەسەڵاتێکی هاوبەشی دەستووری و ناوەندیيەوە ناقیس بووە هەتا بە مەیلەو فیدرالیی لە قەڵەم بدەین، بەڵام بوونی سەربەستیيەکی زۆری هەرێمەکان بە ئێمە دەڵێ کە سوننەتی حوکمڕانیی ناوچەیی لە سەرتاسەری مێژووی کۆن و تازەی ئێراندا دەبینرێ .

دوایین فاکتەر کە هەر لەو کاتەدا وەک ئارگومێنت بۆ دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزاسیۆنی ئێرانیش بەکار دێ دەوروبەری ناوچەیی و نێونەتەوەییيە. ئێمە ئەمڕۆ لە زۆربەی رووەکانەوە لە کەشێکی گلۆبالی دا دەژین. ئەوانەی موخالیفی دروشمی فیدرالین زۆر جار باسی ئەوە دەکەن کە گلۆبالیزم و دەوڵەت هەردووکیان بەرهەمی مۆدێرنیتەن و یەکیان ناتوانێ ئەوی دیکە لاواز بکا، هەربۆیە

دەڵێن پشت بەستنی ناسیۆنالیستەکان بە رەوتی بەجیهانی بوون دوور لە واقعییەتە. گلۆبالیزم سیما و رووی زۆر جیاواز و تەنانەت دژبەیەکی هەیە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لەلایەک راستە کە گلۆبالیزم نەبۆتە هۆی لەنێو چوونی دەوڵەت، لەلایەکی دیکەوە شک لەوەدا نیە کە دەوڵەتی سەرەڕۆی نەتەوەیی بەو شکڵە کە ئێمەی کورد پێی ئاشناین لە سەردەمی بەجیهانیبووندا جێگای لێژە .

هەرچی ئێرانیشە، ئەم وڵاتە لە ناوچەیەکدا هەڵکەوتووە کە مەڵبەندی دەستێوەردان و رکەبەریی زلهێزەکانی دنیا بووە، هەر لەو کاتەشدا ناوچەیەکە کە کۆمەڵێک تەزاددی جۆربەجۆری سیاسی، مەزهەبی، و ستراتژی کاراکتێریزەی دەکەن. هەر بەو پێیەش بە چاک یا خراپ فاکتۆرە ناوچەیی و نێونەتەوەیییەکان هەمیشە تەوژمیان خستۆتە سەر ئاراستەی چارەنووسی سیاسیی وڵات. لە رابردوودا ئیستعمار لە ئێراندا هەمیشە لایەنگری هاتنەسەرکار و پتەوبوونی حکوومەتی ناوەندیی بەدەسەڵات و یەکدەست و سەرەڕۆ بووە (بۆ نموونە کۆمەگی ئینگلیس بە هاتنە سەر تەختی رەزاخان). ئەگەر زلهێزێکیش (وەک لە ئەزموونی دوو کۆماره دێموکراتەکەی رۆژئاوای ئێراندا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی) رووی خۆشی بە لایەنگرانی نەهێشتنەوەی دەسەلات لەناوەندا نیشان دابێ، بەهۆی سات و سەودا و فشارە نێودەولەتییەکان ئەو پشتیوانییە نە دوور رۆیشتوە و نە زۆریش خۆی گرتوە.

ئەمرۆ گۆڕانێکی زۆر بە هەلومەرجی ناوچە و بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هاتوە. ئەگەرچی دەبێ بەپارێزەوە چاو  لەو نەخشانە بکەین کە وا دیارە زلهێزی تاقانە ئەمڕۆ بۆ رۆژهەڵاتی نێوەراستیان دەکێشێ و نابێ زیاتر لە رادەی شیاوی خۆی بایەخیان بۆ دابنێین، بەڵام شک لەوەدا نیە کە قازانجی هێزە گەورەکان ئەمرۆ لە لەسەرکارمانەوەی دەسەلاتە مەرکەزییە سەرەرۆکاندا نیە. جگە لەوەش ئەگەر لەلایەک فیدرالیزم لە کەشێکی لەباری نێونەتەوەییدا سەرکەوتووترە و رەنگە سبەینێ لە ئێران بە لەسەرکانەمانی دیکتاتۆرییەکان لە ناوچەدا ئەو هەلە زیاتر بڕەخسێ، لەلایەکی دیکەوە خودی فیدرالیزمیش دەتوانێ ئەو کەشە سالمە نێودەوڵەتییە پێک بێنێ. بۆ وێنە یەکێک لە ترس یان دروستترە بڵێین بیانووەکانی دژایەتی لەگەڵ ستاتووی فیدرال بۆ کورد لە ئێراندا لەوەدایە کە ئەندامانی ئەو گەلە لە وڵاتانی دراوسێش دەژین و هاوپێوەندیی نێوان وان دەتوانێ ئەوان لە فیدرالییەوە بگوێزێتەوە بۆ سەربەخۆیی خوازی و ئەمنییەتی ئەرزیی وڵاتان بخاتە

مەترسی‌یەوە. بەڵام دەقیقەن ئەگەر سبەی رۆژ ئێلیتی حاکم بیەوێ کە مەسەلەی کورد لە قالبێکی داسەپاوی سیرفەن ئەمنییەتی بێتە دەر و تەنیا وەک کێشەی لە سنوور پەڕینەوەی چەند تاقمی چەکدار رەفتاری لەگەل نەکرێ، دەبێ رێگاچارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کورد یان مەسەلەی هەرکام لەو گەلانەی دیکەی ئێران کە هاوزمان و هاورەگەزیان لە وڵاتەکانی دیکەدا هەیە بدۆزرێتەوە کە پێوەندی‌یە فەرا مەرزی‌یەکانی ئەو گەلانە بچنە نێو تویخێکی نەهادی‌یەوە، ئەوەش تەنیا فیدرالیزم دەتوانێ بەشێوەی کاریگەر و پایەدار دەرەتانەکەی پێک بێنێ. چونکە هەروەک لە بەشی یەکەمدا دیتمان لە فیدرالیزمدا بەتایبەتی هەرێمە سنووری‌یەکان مافی دامەزراندنی پێوەندیی نێونەتەوەیی رەسمی‌یان هەیە.

## ج. دوێنێ و ئەمڕۆی سیاسەت و هەڵوێستەکان

هەروەک گوترا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بەشێوەی عەینی و زێهنی بەستەرێکی ئەستوور و رابردووویەکی کۆنی هەیە. کەچی لەلایەک رێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی سەردەمی نوێ هەمیشە سیاسەتی حاشالێکردن و شۆڤێنیزمیان گرتۆتە پێش و لەلایەکی دیکەشەوە هەتا ئەم دوایی‌یانەش ئەو مەسەلەیە بەو جۆرەی دەبێ لەلایەن نوخبە سیاسی‌یە سەرتاسەری‌یەکانی وڵاتەوە سەرنجی پێ نەدرابوو و نەتەوایەتی و بەتایبەتی فیدرالیزم نەببوونە یەکێک لە باس و خواسە مێحوەری‌یەکانی کلیڤاژە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران .

ئەگەر چاوێک بە مێژووی تازەی ئێراندا بخشێنین دەبینین کە حوکمڕانیی ناوەندی هەمیشە بۆ سڕینەوە یان هەر نەبێ کزکردن و لێکدانی پێناسە نەتەوەیی و قەومی‌یەکانی گەلانی جۆربەجۆری وڵات هەوڵی داوە. ئەو سیاسەتە بە لەدایک بوونی ئێرانی مۆدێرن (دوای هاتنە سەرکاری رەزاخان) بەرگێکی قالبکراو و سیستماتیکی تیئۆری و نەهادیش بە خۆیەوە دەگرێ. ئەگەر پێش ئەو دەورانەش سیاسەتی دوایین فەرمانرەواکانی قاجار دژایەتیی هەرێمە قەومی‌یەکان بوو، ئەوە پاش سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پەهلەوی‌یە کە ئەو سیاسەتە قووڵتر و هەمەلاگیرتر دەکرێتەوە. لەلایەک بەهۆی شێوەی برینی هەرێمەکان و هەروەها راگواستن و نیشتەجێ کردنی دانیشتووانی بەشێک لە دەڤەرەکانی وڵات (بۆ نموونە پاش پشتیوانیی کوردەکانی ماکۆ لە بزووتنەوەی ئارارات)، سیاسەتێکی وەک ئەوە کە ستالین لە شووڕەوی کردی دەگیردرێتە پێش، واتە هەوڵی لێل کردن و تێکەڵ

پێکەل کردنی کلیڤاژە قەومی‌یەکان بە مەبەستی لاوازکردنیان و تەفرەقە نانەوە. لەلایەکی دیکەوە، بەتایبەتی لە ساڵەکانی 1300 دا بۆ دارشتنی بناخە فیکری‌یەکانی نەتەوەیەکی ئێرانی کە پێناسەکەی ئاریایی بوون و باڵادەستیی فەرهەنگی گەلی فارسە هەوڵ دەدرێ. سیاسەتێک کە لە کردەوەدا بە نرخی هێرشێکی بەربڵاوی کولتووری بۆ سەر مەوجوودییەتی نەتەوەیی گەلانی دیکەی وڵات و بە رەگەدارکردن و چلگرتنی شۆڤێنیزمێکی خزم لەگەڵ فاشیزم لەنێو بەشێکی گەورەی نوخبەکانی بەشداری دەسەڵاتدا تەواو دەبێ.

بەداخەوە تەنانەت ئەو کاتانەش کە برێک لە دێموکراسی لە ئێراندا هەبووە، داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئەو وڵاتە و بەگشتی مەسەلەی پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوەی وان یان هەر بەتەواوی پشت گوێ خراون، یا بوعدی واقعیی خۆیان پێ نەبەخشراوە.[50] بۆ وێنە لە سەردەمی مەشرووتەدا (پاش 1906) پرۆژەی ئەنجوومەنە ئەیالەتی و ویلایەتی‌یەکان (ئەسڵی 19 و تەواوکەرەکانی 90 تا 93 ی دەستوور)، پێش هەموو شتێک بناخەی شکڵ گرتنی "نەتەوەی ئێران" دادەرێژێ، رووی ئەسڵیی مەسەلەی میللی کە لایەنی سیاسی‌یەتی بەرەسمی ناناسێ و بە لەنەزەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیاز و هەنگاوی ناکافیی فەرهەنگی و ئیداری قەناعەت دەکا. لە سەردەمی حکوومەتی مووسەددیقیشدا کە فەزایەکی کراوەی سیاسی بەسەر ئێراندا زاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە نەتەوەکانی وڵات بۆ نموونە بەتایبەتی کوردەکان پشتیوانیی بەکردەوەیان لە ئاڵاهەڵگرانی سەربەخۆیی میللی و دێموکراسی کرد، لە بەرامبەردا چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نەک هەر مەوزووعییەتی نەبوو (رەنگە لەبەر نەبوونی بزاڤێکی نەتەوەیی هەمەلاگیر)، بەڵکوو دێموکراسیخوازانی ئەو کاتی نێو دەسەڵات هەڵقووڵاوی بازنەیەکی سیاسی بوون کە پێناسەی هەرە دیاری تەقەددووسی"نەتەوەی ئێران" بووە. تایبەتمەندی‌یەک کە میراتگرانی ئەو رێبازە بەحیساب دێموکرسیخوازە ئێستاش هەر پێی وەفادارن .

مانگ و ساڵەکانی یەکەمی شۆرشی گەلانی ئێرانیش واقعییاتێکی نزیک لە ئێمەیە و لەوبارەوە کافی‌یە بڵێین کە ئەو رێژیمە نەک هەر حازر بە وەدیهێنانی واقعیی لانیکەمی مافی فەرهەنگی و هەڵنەواردنی قەومی نەبووە کە لە دەستووردا بەرەسمی ناسراوە (ئەسڵەکانی 15 و 19)، بەڵکوو بۆ سەرکوتی داخوازە

---

[50] بڕوانە تورج اتابکی، "ملیت، قومیت و خودمختاری در ایران معاصر"، هلند، سپتامبر 2000.

نەتەوایەتی‌یەکان لە سیاسەتی عەرزی سووتاو و قەڵاچۆی بەکۆمەڵیش بێباک بووە و ئامرازی زۆر رادیکاڵتر لەوەی بەکار هێناوە کە بۆ خنکاندنی هاواری دێموکراسی بەکاری بردووە. شتێکی کە هەروەها لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دەورانەدا دەبێ وەبیر بێتەوە ئەوەیە کە لەنێو نوخبە سەرتاسەری‌یەکاندا زۆر نەبوون ئەوانەی بە دڵفراوانی و واقعبینی و بەدوور لە دەمارگرژی و مەزنیخوازی لەگەڵ داخوازی‌یە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورددا مامەڵەیان کرد و تەنانەت زۆر لەو هێز و لایەن و کەسایەتی‌یانەی لە هەموو تەیفەکان کە دواتر بۆخۆشیان وەبەر شەپۆلی سەرکووتی ئاخوندی کەوتن، هەڵوێستەکانیان لەو بارەوە بەرهەمی فەلسەفەیەکی رووتی شۆڤێنیستی بوو.

بێشک ئەمڕۆ مامەڵەی بیروڕای گشتیی ئێران لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی و لە ئاکام دا لەگەڵ ئاسۆی فیدرالیزاسیۆنی ئێران دا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و هێندێک تابوو خەریکی تێکشکانن. ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە سەر هێندێک هۆکاری وەک گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی و لە مەینەتیدا مانەوەی خەڵکی ئێران و لە ئاکامدا هەرچی ریسواتر و لە کەلک بوونی دەزگای کۆماری ئیسلامی و هەروەها و بەتایبەتی پەرە ئەستاندنی هەرچی زیاتری هەستی نەتەوەیی رۆڵەکانی سەر بە گەلانی جۆراوجۆری ئێران. بەچەشنێک کە تەنانەت لە چوارچێوەی رێژیمیشدا (بەتایبەتی لەنێو بازنەی بەناو ریفۆرمخوازەکاندا) دێسانترالیزاسیۆنی ئێران وەک یەکێک لە چەمکەکانی ئیسلاح و وڵامدانەوە بە کێشەکانی وڵات هاتۆتە گۆڕێ (وەک بۆ نموونەی پرۆژەی مەترەحکراو لە وەزارەتی نێوخۆ بۆ بە دە ئەیالەتی کردنی ئێران). هەر لەو راستایەدا سەبارەت بە مەسەلەی کوردستانیش هێندێک پێشنیاری وەک سازکردنی ئوستانێک لە ناوەندی کوردستان وەیان هاندانی خەڵکی کورد بۆ گرتنە پێشی بەناو "ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی" دەنگیان داوەتەوە.[51]

ئاشکرایە کە باڵی پاوانخوازی کۆنەپەرەستی هەرگیز باوەڕی بە هیچ پرۆژەیەک نەبووە کە ئاکامەکەی دامەزراندنی ئامرازە کاریگەرەکانی دێموکراتیزاسیۆنی ئێران بێ و هەرمان و قازانجی خۆی لەوەدا نابینێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر "ریفۆرمخوازەکان"یش، سەرەڕفەنەزەر لە پارامێترە گشتی‌یەکانی شکستی ئیدە و

---

(51) بڕوانە حمید رضا جلایی پور، "ناسیونالیزم مدنی: طرحی برای دستیابی شهروندان کرد به حقوق خویش"، وێب (ئاسۆی کورد).

پرۆسەی ریفۆرم لە ئێرانی ئیسلامی، ئەگەر راستە کە دەرەتانێکی کەمی ئەم دواییانەی باس و خواس لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و فیدرالی بەشێکی بەرهەمی تێکۆشانی هێندێک لە ئەکتەرەکانی سەر بەو باڵە بووە، بەڵام بە هیچ جۆر ناتوانین بڵێین کە سەبارەت بە ئەگەری بەجێگەیاندنی بەکردەوەی ئەو پڕۆژەو پێشنیارانە جیددی بووبن و بە ئەولەوییەتیان زانیبێ. لە راستی دا هەوڵ و هەڵوێستی ریفۆرمخوازەکان لەو بوارەش دا هەر ئەوەندە بایەخە جەوهەرییەی هەیە کە سەرجەم تێکۆشانیان بۆ دێموکراتیزاسیۆنی وڵات بوویەتی.

سەبارەت بەو پرۆژە و پێشنیارانەش کە ئەمرۆ لە ئێران لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا دەخرێنە روو، پێش هەموو شتێک دەبێ بگووترێ کە رەنگە باشترین کەسەکان بۆ ئامۆژگاریی گەلی ئێمە ئەوانە نەبن کە دەستیان بە خوێنی رۆڵەکانی ئەو گەلە سوور بووە. پاشان کێشەی کورد لە ئێران کێشەی هەبوونی ئوستانێک بۆ موکریان نیە، کێشەی بەرەسمی ناسرانی میللەتێکە و هەتا مەسەلەکە لە تەواوەتی خۆیدا و لە بوعدە سیاسییەکەیدا دانی پێدا نەنرێ و هەر لەوکاتەشدا دێموکراسی لە ئاستی سەرانسەریدا دابین نەبێ، هیچ رێگاچارەیەک ناتوانێ وڵامدەر بێ. سەرەنجام سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی مەدەنیش ئەگەرچی ئەو باسە جێگای نیە با هەر نەبێ ئەوەندە بڵێین کە "ناسیۆنالیزمی مەدەنی" لەو سیغەیەیدا کە ئەمرۆ دمی لێ دەسووێ، ناسیۆنالیزمێکی دەستەوداوێنی ناسیۆنالیزمی هێژێمۆنی خوازی ئێلیتی حاکمە. تەنیا ناسیۆنالیزمێکی ئەمرۆ لە ناوچەی ئێمەدا بتوانێ لەگەڵ ناوی خۆی درۆ نەکا و بتوانێ مەوزووعییەتی مەیدانیی هەبێ ناسیۆنالیزمی قەومییە کە دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە کاناڵی مەدەنی بەکار نەهێنێ.

ئێستا با بزانین لە دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵ و هەڵوێستەکان سەبارەت بە فیدرالیزم بۆ ئێران لە چ بار و ئاستێکدان. ئەمرۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و فیدرالی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵاتدا جێی خۆی کردۆتەوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە فیدرالیزم جێگای پەسندی سەرجەم هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێ و بەداخەوە دەبێ بڵێین کە جارێ راستییەکە زۆرتر بەپێچەوانەیە.

هەروەک لە سەرەتای ئەو باسەدا ئیشارەمان پێ کرد لەبەر ئەوەی ئێمە پێش هەموو شتێک بۆ مافەکانی گەلی خۆمان خەبات دەکەین و لە مەیدانی سیاسەتیشدا تەنیا نین و بەتایبەتی لە روانگەی فیدرالییەوە هەموو پێکهاتەکانی وڵات دەبێ

قسەی لێ بکەن، پێویستە فیدرالیخوازی بخرێتە چوارچێوەی دیالۆگی نێوان سەرجەم ئەکتەرە سیاسی‌یەکانی وڵاتەوە. لە رێگای ناسینی هەڵوێستی راستەقینەی هێزە جۆر بە جۆرە کانەوەیە کە دەزانین فیدرالیزم و بەتایبەتی ئەو فیدرالیزمەی دەمانەوێ داوای بکەین چەندە ئیمکانی وەدیهاتن و چەسپانی هەیە و هەر لەو رێگایەشەوەیە کە دەتوانین کاناڵە مومکین و زەروورەکانی لۆبیگەری بە قازانجی فیدرالیزم لە ئێران دیاری بکەین.

ئەم هەوڵی ناسین و ساغکردنەوەیە بەداخەوە تا رادەیەک چەتوونە. لە راستیدا بەهۆی نەبوونی ئامرازە دێموکراتیکەکانی ئەندازە گرتنی خەڵکی بوونی ئەم هێز یا ئەو لایەن، هەروەها بەهۆی پەرش و بڵاوی و لێڵیی کلیڤاژە سیاسی‌یەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەزەحمەت دەتوانین بڵێین فلانە هێز یا لایەن لە سەحنەی سیاسیی ئەمرۆ و سبەینێی وڵاتدا فلانە ئەندازە بارستایی هەیە. لە ئاکامدا بە زەحمەتیش دەتوانین کە بەپێی لایەنگری یا دژایەتی کردنی ئەو هێز یا لایەنە لەگەڵ فیدرالیزم یا جۆرێکی تایبەتیی فیدرالیزم، شانسی وەدیهاتنی سیستمی دڵخوازیش هەڵسەنگێنین. ئەوە جیا لەوە کە بەداخەوە لە سێبەری رەشی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی ئەوە نیە کە بزانین داخوا خەڵکی ئێران بۆخۆی هەڵوێستی راستەقینەی لە ئاست فیدرالیدا چیە.

بەو حاڵەش با چاوێک بە هەڵوێستی هێندێک هێز و لایەندا بخشێنین بۆ ئەوەی ئیدەیەکمان لە کلیڤاژەکانی پێوەندیدار بە نەتەوایەتی و فیدرالی بێتە دەست.

لەراستیدا هەڵوێستی هەرکام لە لایەنە سیاسی‌یەکانی ئێران سەبارەت بە فیدرالیزم بە هەڵوێستیان لەمەڕ مەسەلەی میللی‌یەوە بەندە.[52] لە بەرەی مووافیقی

---

[52] زۆر سەرپێیی دەتوانین هەڵوێستی هێندێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سەبارەت بە مەسەلەی میللی بەم شێوەیە هەڵوەژێرین (تەرتیبی ناوی لایەنەکان هیچ مانایەکی نیە): 1ـ ئەحزابی چەپ: حیزبی کومونیستی ئێران (سەرەرای هێندێک پێشنیاری نیوەچڵ بۆ مەسەلەی کورد) هەڵوێستی لەسەر مەسەلەی میللی مەنفیە. حیزبی کومونیستی کارگەری سەرەرای دم سووان لە مافی جیابوونەوە بە شێوەی رادیکاڵ دژی نەتەوایەتیە. حیزبی توودەی ئێران و رێکخراوی فیدائیان (ئەقەلییەت) هەڵوێستیان مەنفیە. هێندێک لایەنی وەک حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێرانیش مەسەلەکە پشت گوێ دەخەن. لە بەرامبەردا کۆمەڵێک لایەنی میانەرەوی وەک رێکخراوی کرێکارانی شۆرشگێری ئێران ـ راە کارگر، رێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران، شوورای کاتیی سۆسیالیستە چەپەکانی ئێران،...هتد هەڵوێستیان لە ئاست مافی گەلانی ئێران دا موسبەتە. 2ـ سەڵتەنەت تەڵەب و

فیدرالیدا زۆرتر هێزە چەپە میانەڕەوەکان، هێندێک ناوەندی کۆماریخواز، کەسایەتی‌یە دێموکرات و فراوانبیرەکان و تەبعەن ئەحزاب و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تایبەت بە هەرکام لە گەلانی ئێران بەدی دەکرێن. لەنێو بەرەی موخالیفی فیدرالیشدا چەپی توندڕەو، راستگەرای میللیگەرا یا سەلتەنەتتەڵەب، بەشێک لە کۆماریخوازەکان و هەموو ئەو هێز و لایەن و کەسایەتی‌یانە هەڵکەوتوون کە قودسییەتی نەتەوەی ئێران پێناسەیانە. گرفتی ساغکردنەوەی هەڵوێستی سەرجەم ئەو تەیفانە ( چ مووافیق، چ مووخالیف) ناهەمگوونی و ورد و خاشییان و لە ئاکامدا لێڵی و موتەزاددیی هەڵوێستە سیاسی‌یەکانیانە. هەر ئەوەش وا دەکا کە جاری وایە لێر و لەوێ ئەم کەسایەتی یا ئەو لایەن هەڵوێستێکی جیاواز لەو خانە و بازنە سووننەتی‌یە دەگرێ کە تەعەللوقی پێوە هەیە .

لەلایەکی دیکەوە بەشێک لە هەڵوێست و پرۆژەکان موبهەم و تەفسیر هەڵگرن. کاتێک حیزبی دێموکرات یا تێکۆشەرێکی عەرەبی ئەهواز لایەنگری لە شێوەیەکی دیاریکراو لە فیدرالی دەکا شتەکە روونە. وەیان کاتێک نێهزەتی ئازادیی ئێران لە یەکەمین پرەنسیپی مەنشووری خۆیدا لەسەر "مافە بنەرەتی‌یەکانی نەتەوەی ئێران" پێ‌دادەگرێ، و کۆمۆنیستی کارگەری بێزی لە قەومییەت دەبێتەوە (!)، جێگای گوومان و پرسیار نامێنێتەوە. پرسەکە ئەو کاتە جێگای باس و تێڕامانە کە نوخبە

---

مەشرووتەخواز: رەزا پەهلەوی (بە ڕواڵەت بۆخۆی بە پێچەوانەی دەوروبەرەکەی ئیستیعدادی هەڵوێستی باشی تێدا هەیە). حیزبی مەشرووتەی ئێران : دژایەتی لەگەڵ ئەوە کە نەتەوایەتی بکرێتە بناخەی دارشتنی حکوومەت، بەڵام رەزایەت بە هێندێک ئیمتیازی فەرهەنگی ـ ئیداری. 3ـ میللی‌یەکان: لایەنەکانی وەک حیزبی میللەتی ئێران، بەرەی میللی ئێران، نێهزەتی ئازادیی ئێران،...هتد پانئێرانیستن و هەڵوێستیان لەسەر یەک مەنفی‌یە. 4ـ کۆماریخوازان: زۆربەیان (بۆ نموونە کۆماریخوازانی میللیی ئێران) مەسەلەی نەتەوایەتی پشت گوێ دەخەن و رێگا چارە لە ئامرازەکانی لیبرالیزمی دێموکراتیک دا دەبینن. 5ـ ئیسلامی‌یەکان: بۆنموونە موجاهیدین یا بەنی سەدر ئەگەر لە رابردوودا هەڵوێستێکیان لەسەر مەسەلەی کوردیش بووبێ شتەکە زۆرتر ئۆپۆرتۆنیستی و هەلومەرجی بووەو باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی نیە. 6ـ ئەحزابی گەلانی زوڵملێکراوی ئێران: کۆمیتەی هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی چەوساوەی ئێران، حیزبە کوردی‌یەکان، ئازەربایجان (کانوونی فەرهەنگیی ئازەربایجان، کۆنگرەی جیهانیی ئازەربایجان، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ئازەربایجانی باشوور)، بەلووچەکان (پارتی خەڵکی بەلووچستان، بزووتنەوەی میللی بەلووچستان، بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان)، عەرەبەکان (بەرەی دێموکراتیکی گەلی ئەهواز، حیزبی دێموکراتیکی هاوپێوەندیی ئەهواز)، تورکمەنەکان (رێکخراوی دیفاع لە مافەکانی گەلی ئەهواز)، یەکێتی عەشیرەتەکانی باشوور،...هتد.

سیاسی‌یەکان بەبێ موخالفەت لەگەڵ فیدرالیزم، دانیشی پێدا ناهێنن، بەڵکوو هەر لەو کاتەدا کە دژایە تی لەگەڵ بەکارهێنانی نەتەوایەتی لە مەیدانی گشتی و حکوومەتیدا دەکەن، مافی کەمایەتی و قەومەکان و پێویستیی دانی هێندێک ئیمتیازی فەرهەنگی و هەڵێنانەوەی هێندێک هەنگاوی دێسانترالیست دەسەلمێنن.

بۆ نموونە یەکێتیی کۆماریخوازانی ئێران، باسی "بەرابەریی تەواوی هەموو هاونیشتمانان بەبێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازی‌یە قەومی، زمانی..."یەکان و "...قەرەبووکردنەوەی زوڵمەکانی رابردوو لە ئاست کەمایەتی‌یەکان لە بوارەکانی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی تێکگەیشتنی نێوان قەومەکان..." و "سپاردنی کاروباری محەللی و ناوچەیی بە نیهادە هەڵبژێراوەکانی خەڵکی هەمان شوێن و ناوچە" دەکا. بەڵام پێش لەسەر ئەوە دادەگرێ کە "نەهێشتنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا [ نابێ بە قیمەتی] لەژێر پێنانی تەواوەتیی ئەرزی و قازانجە میللی‌یەکان..." ی وڵات وەدی بێ.[53]

نموونەی هەلوێست و پرۆژەشمان هەیە کە وێرای دانان بە فیدرالیزم ناگوترێ مەبەست چ فیدرالی‌یەکە. بۆ وێنە رێکخراوی فیدائیانی خەلکی ئێران (ئەکسەرییەت) لایەنگری لە دامەزراندنی "کۆمارێکی دێموکراتیک، سێکولار، و فێدرال" رادەگەیەنێ و وێرای "...پشتیوانی لە داخوازیی هەقخوازانەی میللییەتەکانی ئازەربایجانی، بەلووچ، تورکمەن، عەرەب و کورد ... چارەسەری دێموکراتیکی مەسەلەی میللی بە یەکێک لە مەرجە گرینگەکانی سەقامگیربوونی سیستمی کۆماری و دێموکراسی‌یەکی پایەدار" لە ئێراندا دەزانێ[54] بۆ زۆر کەسایەتی و لایەنی ئێرانی چارەسەری دێموکراتیک دەکرێ زۆر مانای هەبێ کە یەکێکیان ئەوەیە کە قەومییەت نەکرێتە پێناسەی یەکەمی حوکمرانی.

لە زۆر نموونەی هەڵوێستەکانیشدا هاوکات لەگەڵ ئەو دانپێدانانەدا هێندێک مەقوولەی دیکەی وەک سەروەریی میللی بە جۆرێک قووت دەکرێنەوە کە دەتوانن لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکە بکەونە دژایەتی‌یەوە و دەبنە سەرچاوەی شک لەوەدا کە ئایا ئیمان بە فیدرالی و نەتەوایەتی چەندە مەوجوودە و لە ئاکامدا لە دوارۆژدا نوخبەکان چەندە بە بەڵێن و ئیددیعاکانیان لەو پێوەندی‌یەدا وەفادار دەمێننەوە.

---

(53) راگەیاندراوی 25 ی بانەمەڕی 1382، بەندی 6.
(54) پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی نائاسایی، 2 تا 5 ی رەزبەری 1382، بەندی 1.

ئەمرۆ لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆندا هێندێک هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرە و تەجەمموعیش بەمەبەستی سازکردنی ئەلتێرناتیڤ بۆ ڕێژیم لە ئارادان. ئەو هەولانە لە بازنەی جۆربەجۆری وەک کۆماریخوازەکان، راستگەراکان، وەیان هاوپەیمانەتیی نێوان چەپی میانەرەو و لایەنە قەومی‌یەکاندا پەنگ دەخۆنەوە. بەهۆی ئەوە کە ئامانجی یەکەمی ئەو هەولانە ڕێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمی سیاسیی هاوبەش بەتایبەتی لە قۆناغی ئینتیقالیدایە، هەڵوێستیان سەبارەت بە فیدرالیزم و نەتەوایەتی یەکجار پڕبایەخە. بەو حاڵەش لەلایەک هیچ کام لەو هەولانە هێشتا بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون هەتا بتوانین ئیستنتاجی دروست لە بەرنامەکانیان بکەین. لەلایەکی دیکەوە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئیمکانی ئەوە نیە کە بڵێین فلانە تەجەمموع لە دیزاینی فۆرمی حکوومەتی داهاتووی ئێراندا بڕیاردەر دەبێ و لەو بارەوە ڕەنگە نیاز و خەونەکانی فاکتەری دەرەکی (بۆ نموونە ئەمریکا) سەبارەت بە سەرمایەگوزاری لەسەر کەسایەتی و لایەنێک لەگەڵ پێگەی خەڵکیی ئەو کەسایەتی یا هێزە زۆر لێک دوور بن .

لە هەمووشی کێشەسازتر ئەوەیە کە لێرەشدا بەداخەوە هەڵوێستەکان تەنانەت ئەگەر بە قازانجی فیدرالیزاسۆنی ئێرانیش راگەیاندرابن نە هێشتا بەرگێکی پایەدار و یەکجاری‌یان بەخۆوە گرتووە و نە ئەوەندەش روون و وردەکاری‌یانە پەسند کراون کە سروشتی فیدرالی‌یەکەی سبەینێی ئێران (ئەگەر ببێ) کێشە خووڵقێن نەبێ.

بۆ نموونە لە یەکێک لە پرۆژە پێشنیاری‌یەکانی بەڵگەنامەی "کۆماریخوازانی لائیک و دێموکرات – خەڵکسالار"دا "میللییەتەکان و قەومەکانی ئێران" بەرەسمی ناسراون و " باسی" بەرەسمی ناسینی مافەکانی قەومەکان و میللییەتەکانی نیشتەجێی ئێران بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و چارەنووسی خۆیان، رێزگرتن لە ویستی هاوبەشی وان لە دیاریکرنی شکڵی پێکەوە ژیانی بەئاشتی‌یان (خودموختاری، فیدرالیزم)...." کراوە.[55] بەهۆی بەربلاویی بێ‌هاوتای، تەجەمموعی باسکراو یەکێک لەوانەیە کە بۆ ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەکرا حیسابی جیددیی لەسەر کرابا، کەچی بەداخەوە هەم کێشە و لێکترازانێکی زۆر کەوتۆتە ریزەکانیانەوە و هەم سەبارەت بە سیغەی یەکجاریی هەڵوێست و پرۆژە لەسەر

---

(55) گەلاڵەی پێشنیاریی گرووپی کار لەسەر بەڵگەنامەی سیاسی.

کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران - هەر نەبێ تا کاتی نووسینی ئەم دێرانە- بە هیچ ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوون.

لێرەدا هەروەها دەکرێ ئیشارە بە رێککەوتنی "یەکێتیی کردەوەی بەردەوامی سیاسی بۆ دێموکراسی" بکەین کە لە بەندی 4 یدا "دابینکردنی مافە میللی‌یەکانی گەلانی ستەم لێکراوی ئێران لەسەر بناخەی بەرەسمی ناسینی مافی چارەی خۆ نووسینی گەلان هاوکات لەگەڵ داکۆکی لە یەکێتیی ئارەزوومەندانەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێراندا" وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو ئیئتلافە راگەیاندراوە. سەرفەنەزەر لە وەزنی ئەو هێزانەی ئەو رێککەوتنەیان ئیمزا کردووە، سەرنجراکێشە کە دەبینین ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لەوێدا نەخشێکی میحوەریی هەبووە، بەڵام هێشتا تەعبیرێکی روون و ورد لە دیزاینی داهاتووی حکوومڕانی لە ئێران لەو نیمچە بەرەیە نەهاتۆتەدەر.

بێشک هەڵوێست و سیاسەتەکان زۆر لەوە زۆرتر و رەنگاورەنگترن کە ئێمە لێرەدا نموونەمان لێ هێناوەوە. بەوحاڵەش دەتوانین ئاکامگیری‌یەکی سەرپێیی لەو بەشە لە باسەکەمان بکەین.

ئەگەر لەلایەک بەخۆشی‌یەوە ئەمڕۆ تابووی فیدرالیزاسیۆنی ئێران و بەرەسمی ناسینی مافی گەلانی ئەو وڵاتە رووەو تێکشکانە، لەلایەکی دیکەوە هەتا ئەو نوختەیەی سەرجەم نوخبەکانی پێکهێنەری ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی فیدرالیزم و دیتنێکی هاوبەش لەو فیدرالیزمە (دیتنێک کە لەگەڵ حەز و ویستی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بەتایبەتی گەلی کورددا بێتەوە) پەسند بکەن، رێگایەکی درێژ ماوە. بۆ گەیشتن بەو خاڵە دڵخوازەی کۆنسەنسووس (ئیجماع) هاوپێوەندیی نیهادینە کراوی گەلانی ئێران هەتا قایمتر بکرێ کەمە. ئەوەندەش کە دەگەرێتەوە سەر نوخبە سەرتاسەری‌یەکان، بێشک هەوڵدان بۆ ئیقناعی هەر هەموویان بەبێ لەنەزەرگرتنی کلیشاژەکانیان بەسوود و بەرهەم دەبێ. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لەو پێوەندی‌یەدا بۆ هەر هەنگاوێک پێویستە بالانس و بیلانی دەسکەوتە سیاسی‌یەکان لەلایەک و هەزینە سیاسی‌یەکان لەلایەکی دیکەوە وەبەرچاو بگیرێ.

### 3- فیدرالیزم بۆ کورد

هەروەک لە سەرەتای ئەو باسەدا ئیشارەمان پێ کرد مەبەست لەو دەستەواژەیە داخوازیی فیدرالیزم لەلایەن گەلی کوردەوەیە.[56] بۆ ئەوەی هێندێک لایەنی فیدرالیخوازیی کوردمان لێرەدا باس کردبێ، پێشدا چاوێک لەو مەسەلەیە لەسەر ئاستی بزووتنەوەی کورد بەگشتی دەکەین و پاشان دێینە سەر فیدرالیزم وەک ستراتیژیی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .

### ئەلف. بزووتنەوەی کورد و فیدرالیزم

بزووتنەوەی کورد هەڵگری باری هەموو ئەو ئاکامانە بووە کە دابەشکردنی کوردستان بەدووی خۆی دا کێشاونی. خەباتی کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان چ لە نێوخۆی هەرکام لە پارچەکاندا و چ لە نێوان پارچە جۆربەجۆرەکاندا بەدرێژایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیست و تا ئەمڕۆش هێندێک پارادۆکس (تەزاد)ی زاتیی (وەک پێوەندیی بزووتنەوەی کورد لە پارچەیەک لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا) تێدا بووە کە زۆر کێشەی بۆ مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا لێ کەوتۆتەوە و لاوازی کردوە. سەرنجراکێشە کە بزانین هەرگیز دوو پارچەی کوردستان بەشێوەی هاوکات تامی ئازادییان نەچەشتووە و هەمیشە سەرکەوتنی کوردی پارچەیەک هاوکات بووە لەگەڵ داکشان یا تەنانەت شکستی بزاڤی کوردی پارچەکانی دیکە .

پارادۆکسێکی بۆ ئێمە لێرەدا گرینگە جیاوازییەکە کە لە دروشم و ستراتژیی هێزە سیاسییە کوردییەکاندا بەدی کراوە و هێشتا بەدی دەکرێ. ئەو جیاوازییە سروشت و شێوەی جۆربەجۆری بووە و فرە چەمک و پرس (وەک بۆ نموونە ئەولەویەتی خەباتی نەتەوایەتی یا چینایەتی؟، هەڵوێست لە بەرامبەر مێحوەرە نێونەتەوەییەکانی وەک سۆڤییەت و "ئیمپریالیزم" و سۆسیال دێموکراسیدا،

---

[56] ئەو روونکردنەوەیە زۆر لە زیادی نیە ئەگەر بزانین کە لەنێو لایەنگرانی ستراتیژیی سەربەخۆیی دا هێندێک کەس لەو باوەڕدان کە ئەگەر ڕۆژێک کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، دەبێ ئەو دەوڵەتە فیدرالیزە بکرێ و بناخەی ئەو فیدرالیزمەش پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان یان زاراوەکان بێ.

شێوەکانی خەبات، ... هتد) نەخشیان لە دروستبوونیدا هەبووە. بەڵام گەورەترین تەزاد بریتی بووە لە ئیستکاکی نێوان سەربەخۆیی خوازی و پان-کوردستانیسمی موتڵەق لەلایەک و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد لە چوارچێوەی هەرکام لە وڵاتانی کوردنشین و خۆ بە بەشێک لەو وڵاتانە زانین لەلایەکی دیکەوە.

بەدرێژایی سەدە ی نۆزدە و هەتا پێش شەڕی دووهەمی جیهانی ئەگەر راستە کە هوشیاریی نەتەوەیی کوردی نەچووبووە قالبێکی مۆدێرنەوە، بەڵام ئامانجی سەربەخۆیی مۆرکی سەرجەم بزووتنەوەکانی راکردن لە ناوەند بووە. دوای ئەوکاتە باری نوێی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان، نفووزی هەر نەبێ فیکریی سۆڤییەت لە ناوچەی ئێمەدا، ئەزموونی تاڵی رووخانی کۆماری کوردستان و زۆر فاکتەری دیکە دەست وە دەستی یەک دەدەن هەتا ستراتیژیی بەشی زۆری بزووتنەوەی کورد داواکردنی مافی نەتەوەیی لە شکڵی ئۆتۆنۆمیدا و رەعایەتی تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتانی کوردنشین بێ. ئەوە تەنیا لە دوایین چارەکی سەدەی بیستەمدایە کە بە پەرەگرتنی بێوێنەی تەڤگەری کورد لە تورکیە سەربەخۆیی خوازیی بەکردەوە بۆ چەند ساڵێک دێتەوە نێو بزووتنەوەی کورد.

دەکرێ بڵێین دوایین دەهەی سەدەی بیست دەهەی هەموو تەزاد و پارادۆکسە عەینی و زێهنی‌یەکانی بزووتنەوەی کوردە. چونکە هەموو ئەو فاکتۆرانەی بزووتنەوەی کوردیان لەت لەت کردوە وەک پێوەندیی نێوان خودی کوردەکان، نەخشی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، مامەڵەی زلهێزەکان (لێرەدا ئەمریکا)، جیاوازیی ستراتیژی، و... هتد هەر هەمووی ئەمانە بە قووەتێکی پێشتر نەدیتراو، لە ماوەیەکی کەمدا و بەشێوەیەکی یەکدابەدوو رۆڵی خۆیان دەبینن و لەحاڵێکدا مەسەلەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا زیاتر لە هەرکاتێک دەناسرێ، دۆخی ئەو مەسەلەیە لە ئاڵۆزترین شکڵیدا خۆ دەنوێنێ.

بەڵام لەگەڵ نشووستی هێنانی بەشێکی گرینگ لە ستراتیژیەکانی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە، و هەروەها پێرسپێکتیڤی گۆڕانی هەلومەرجی ناوچە بەتایبەتی یەکلا بوونەوەی قەیرانی عیراق، هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی هاودەنگ و بێهاوتای هەستی نەتەوەیی سەرتاسەری، پرۆسەی تەتبیعی پێوەندی‌یە نێوخۆیی‌یەکان و لێک نزیک بوونەوەی زیاتری سیاسەت و ستراتیژی‌یەکانی هێزە کوردی‌یەکانیش دەست پێ‌دەکا.

یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو رەوتە ئەوە دەبێ کە فیدرالیزم بەشێوەیەکی گشتی و هەمەلاگیر دەبێتە خواستی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، هاودەنگی‌یەک کە لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا نموونەی نەبووە. دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا ستراتیژیی سەربەخۆیی مەوزووعییەتی خۆی وەک دروشمی بەشێک لە هێزە کوردی‌یەکان بەتەواوی لەدەست دابێ. لەلایەک تەنانەت هێزە ئەسڵی‌یەکانی بزووتنەوەی کورد هەروەک لە رابردووشدا رایانگەیاندووە ئێستاش دەڵێن کە سەربەخۆیی مافی رەوای گەلەکەمانە بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی واقعییاتی رۆژ و قازانج و دەرەتانە گشتی‌یەکان نامانەوێ تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتانی کوردنشین ببەینە ژێر پرسیار. لەلایەکی دیکەوە گوتاری بەشێکی بەرچاو لەو هێزە سیاسی‌یانەی نەخشێکی کەمتریان لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا هەیە ئەوەیە کە دەڵێن ئێمە فیدرالیزم بە لانی کەمی مافی کورد دەزانین، بەلام حازرین لەو قۆناغەدا پشتوانیی لێ بکەین.

کەوابوو لەسەر یەک دەتوانین بڵێین کە لە قۆناغی ئێستادا کۆنسەنسووس(ئیجماع)ێکی فرەوانی کوردی سەبارەت بە فیدرالیزمی نەتەوەیی زاڵە. بەو حاڵەش بەداخەوە وەزعییەتی فیدرالیخوازیی کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان زۆر لێک جیاوازە. ئەوەش لە راستیدا بەوە بەستراوەتەوە کە مەسەلەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا چەندە چۆتە پێش.

بۆ نموونە لە حاڵێکدا کوردەکانی باشووری کوردستان بۆ کەیفییەتی فیدرالیزم و نێوەرۆکی دەوڵەمەند و دەستەبەری قایمی ستاتووی یەکجاریی خۆیان خەبات دەکەن، بەداخەوە لە ئێران هەروەک دیتمان کوردەکان هێشتا دەبێ لەگەڵ "تابووەکان" شەڕ بکەن. ئەمە جیا لەوە کە هەلومەرجە جیاوازە ژێئۆستراتیژی‌یەکان و رێژەی پێکهاتەی قەومیی هەرکام لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە ئەوەندە لێک جیاوازن کە نە پێرسپێکتیڤ (چەشم انداز)ی ئازادی و دێموکراتیزاسیۆن و نە شانسی بەشداریی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیی داهاتووی هەرکام لەو وڵاتانەدا وەک یەک نیە.

لە پێوەندی لەگەڵ فیدرالیخوازیی کورد لە عیراقدا، سەرەڕای هەموو سەرکەوتنەکانی کورد لەو وڵاتەدا، ئەگەر لە درێژخایەندا چاو لە مەسەلەکە بکەین دەبینین کە هێندێک رەهەندی حقووقی هەن کە لە ستراتیژیی سیاسیی کورددا پشت گوێ خراون یا هەر نەبێ نرخی خۆیان بۆ دانەنراوە. سەرفەنەزەر لە کێشەی

حەیاتیی کەرکووک، لەنێو بۆشایی و کەموکوڕی‌یەکانی ستاتووی کورددا نەبوونی گەرەنتی‌یەکی یاسایی نێونەتەوەیی کە بووبا بە بناخەی بەنێونەتەوەیی کرانی یەکجاریی مەسەلەی کورد لە ئاستی حقووقیدا و کزی یان لێڵیی مێکانیزمە دەستەبەری‌یە دەستووری‌یەکان شیاوی ئاماژە پێکردنن.

جگە لەوەش کوردەکان لە عیراق زۆر چاک دەیان توانی لە جیاتی ئەوەی بڵێن "هەرێمی کوردستان" ناوی "کۆماری کوردستان"یان زیندوو کردبایەوە. ئەمە جیا لەوە کە شارژێکی سەمبوولیکی گەورەی تێدایە، لە درێژخایەندا نەریتی حقووقیی دێموکراتیزاسیۆنی نێو کورد و جێگیربوونی ستاتووی کورد لە عیراق و ناوچەشدا پتەو دەکا. راستە کە شێوەی ناوهێنانی ئەیالەتەکانی سیستمی فیدرالی مەسەلەیەکی هاوبەشی پێوەندیدار بە هەموو پێکهاتە فیدرالی‌یەکانەوەیە و پێویستە لە دەستووری فیدرالدا بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام لەلایەک نەک هەر هەرێمێکی فیدرال بەڵکوو هەرێمی خودموختاریشمان هەن (وەک لە رووسیە) کە ناوی کۆماریان لەسەرە، لەلایەکی دیکەشەوە نموونەی وەک سویسمان هەیە کە لەوێ لەحاڵێکدا بە هەموو هەرێمەکان دەڵێن کانتۆن کە مانای هەرێم و بگرە کەمتر لە هەرێمیش دەدا، کەچی هەرێمی ژنێڤ کاتێک ناوی خۆی دێنێ بەخۆی دەڵێ کۆماری ژنێڤ.

لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی سەر رێگای ستراتیژیی کورد بۆ گەیشتن بە فیدرالی‌یەکی دڵخواز روونە کە فیدرالیخوازی وەک دروشمێکی سەرتاسەریی بزووتنەوەی کورد دەتوانێ زۆر ئاکامی باشی بەدواوە بێ. چونکە ئەوەڵەن بێشک ئەگەر هەموو یا زۆربەی رۆڵەکانی میللەتێک ستراتیژی‌یەکی یەکگرتوویان هەبێ (جا فیدرالی بێ یا هەرچی)، ئەوە هەم یارمەتی بە سەرکەوتنی زیاتری سەرجەم مەسەلەکەیان دەکا و هەم دەتوانێ پێوەندی‌یە نێوخۆیی‌یەکانیان باشتر بکا. شتێک کە لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکاندا هەر ئەمڕۆ یەکەمین بەرهەمەکانی دەبینین.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو ستراتیژی‌یە هاوبەشە دەرفەتی ئەوە بە کوردەکان دەدا (ئەگەر حازر بن پێکەوە کەڵکی لێ وەرگرن) کە بۆ سازکردنی پارا دیپلۆماسی‌یەکی (دیپلۆماسیی موازی) هاوبەشی نێونەتەوەیی کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتانی کوردنشین لەگەڵ بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد ئاشت بکاتەوە هەوڵ بدەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵۆگۆڕانەی دەکرێ سبەی رۆژ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە بواری هەمگەرایی و دێموکراتیزاسیۆنیشدا روو بدەن، فیدرالیزم دەتوانێ مەوقعییەتێکی باشی حقووقی بداتە کوردەکان .

## ب. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فیدرالیزم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێ له دەسپێکی خەتی فیدرالیخوازیدایە. بەو حاڵەش هێندێک پرس هەن کە پێویستە هەر لە ئێستاوە ساغ بکرێنەوە. دوو پرسیار که هێنانه گۆڕ یا هێنانەوە گۆڕیان لێرەدا بە پێویست دەزانین بریتیین لەوە کە ئەو حیزبە بۆچی فیدرالیزمی دەوێ؟ و چلۆن فیدرالیزمی دەوێ؟ ئەو دوو پرسە لە راستیدا دوو پرسی لێکهاڵاو و پێکەوە گرێدراون. چونکە یەکێک لە یەکەمین هەنگاوەکانی تێکۆشانی فیدرالیخوازی بریتی‌یە لە پەسندکردنی داکترینێکی روون کە بکرێتە ئامرازی لۆبیگەری بۆ فیدرالیخوازی. ئەو داکترینە دەبێ کۆمەڵێک بنەمای قایمی تیئۆریک و فاکتوێلی هەبێ کە هەم دروشمی نوێ پاساو بدەن و هەم نێوەرۆکی فیدرالیی دڵخواز بناسێنن.

بەدرێژایی نزیک بە شەست ساڵ خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان گەلی کورد لە ئێراندا، فۆرمی هەڵبژێراو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ قالب بەخشین بەو مافانە خودموختاری بووە. ستراتیژیی خودموختاری هەر لە یەکەمین مەرامنامەی حیزبی دێموکراتدا کە ماوەیەکی کەم پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاو بۆتەوە، هاتوە.[57]

کەشی بەهێزی نەتەوەیی زاڵ بەسەر ئەزموونی کۆماری کوردستاندا و بەشێک لە دیاردە و رووداوەکانی ئەوکاتە بوونە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ بۆچوون و لێکدانەوەی جۆر بە جۆر لەسەر جیاوازیی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی "ژێ-کاف" ی پێش خۆی و بەتایبەتی سەبارەت بە ئامانجە نیهایی‌یەکانی کۆمار بخرێنە روو کە لە هێندێکیاندا جاری وایە ئارەزووی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووش بەدی دەکرێ. واقعییەتی سیاسیی مەسەلەکە هەرچی بێ، لە باری حقووقی‌یەوە ستاتووی "کۆماری مەهاباد" تەنیا لە چوارچێوەی خودموختاری‌دا پێناسە دەکرێ و رێبەرانی کۆماریش قەوارەی ئەوسای کوردیان لە قالبی خودموختاریدا وەسف کردوە.[58]

---

[57] بۆ تێکستەکەی بڕوانە عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی سێهەم 2000، لاپەڕە 37.

[58] بڕوانە وتوویژی پێشەوا، رۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە 1، 11 ی ژانویەی 1946، لاپەڕە 4.

دیارە ئەمە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە بەهۆی هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەوکات و نەبوونی دوفاکتۆی دەسەڵاتێکی ناوەندی، چ لە ئاستی نیهادیدا و چ لەبواری هەڵسوکەوتە سیاسی‌یەکاندا، کۆماری کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی هەبووە کە لە چوارچێوەی خودموختاری‌یەکی ئاساییی چوونە دەر .

بەڵام ئیستدلالە تیئۆری‌یەکانی پێوەندیدار بە هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە زۆر دواتر لە رووخانی کۆماری کوردستان و لە راستیدا لە سەردەمی خۆسازدانەوەی رێبەرانی ئەو حیزبە لە هەندەران شکڵ دەگرن. ئەو ئیستدلالانە پێوەندی‌یان بەو واقعییاتەوە هەیە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست را بەولاوە مەسەلەی کوردیان کاراکتێریزە کردووە.[59] بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتێک کە بە زۆر قۆناغ و هەلومەرجی جیاوازدا رۆیشتووە، بەرز کردنەوەی دروشمی خودموختاری و هێشتنەوەی ئەو دروشمە، بە پشت بەستن بەو واقعییاتە وەک دروشمی مومکین لە قۆناغێکی دیاریکراوی خەباتدا نیشان دراوە و لەسەر بناخەی راستی‌یە عەینی‌یەکانی ئەو خەباتە پاساو دراوە. ئەو حیزبە زۆر زوو رایگەیاندووە کە فیدرالیزم بۆ داهاتووی ساسیی ئێران بە لەبارترین سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری دەزانێ، بەڵام بە لێکدانەوەی هەلومەرجی خەباتی خۆی و دەرەتان و توانای ئەو خەباتە و بەتایبەتی رادەی هاتنە مەیدانی گەلانی دیکەی ئێران خودموختاریی بە دروشمی گونجاو و مەعقوولی وەخت زانیوە.[60]

بەرزکردنەوەی دروشمێک یا گرتنی هەر هەڵوێستێکی سیاسی دەتوانێ بەرهەمی لێکدانەوەی بارودۆخ بێ و لەو حاڵەتەدا دروشم و هەڵوێستەکە دەتوانن لایەنێکی دژکردەوەیی‌یان تێدا بێ. بەڵام هەر ئەو دروشم یا هەڵوێستە دەکرێ لایەنێکی زاتیشی‌یان هەبێ کە لەو حاڵەتەدا شتەکان قالبێکی قایمتر و جەوهەریتر بە خۆوە

---

[59] عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، بەغدا 1973، بەشی سێهەم (مەسەلەی کورد)، 359–386.

[60] عبدالله حسن زادە، "بۆچی خودموختاری؟"، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 169، ژانویەی 1991، لاپەڕە 14-17. (وتارەکە بەبێ ئیمزای نووسەر بڵاو بۆتەوە).

ئەو وتەیەی سەرەوەمان بەو مانایە نیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاکڵی زاتیی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کوردی پشت گوێ خستبێ. بە چەشنێک کە تەنانەت لە کاتی باسکردنی بنەما هەلومەرجی‌یەکانی ستراتیژیشدا، عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەڵێ کە درێژبوونەوەی خەبات دەتوانێ بمانهێنێتە سەر بەرەوژوور بردنی ویستەکانمان. بڕوانە کریس کووچێرا، خەباتخوازیی کورد، پاریس 1999، لاپەڕە 33-34.

دەگرن. مەسەلەی گۆڕینی دروشم لەلایەن حیزبێکی سیاسی‌یەوە کە بۆ مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلەکەی خەبات دەکا کۆمەڵێک پارامێتری فرەچەشن دەخاتە گرەوی خۆیەوە کە هەڵسەنگاندنی هەلومەرج دەتوانێ لایەنێکی ئەو پارامێترانە بێ.[61] شک لەوەدا نیە کە هەڵسەنگاندنی دروستی هەلومەرجی خەبات یارمەتی بە بردنە پێشی ستراتیژی‌یەکی گونجاو دەکا. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە خواستە سیاسی‌یەکانی گەلێک کە داوای مافی چارەنووس دەکا سروشتێکی خۆڕسک (قائم بە زات) یان هەیە.

بە واتایەکی دیکە ئەگەر هەرگیز واقعبینی بۆ ڕۆڵەکانی گەلێکی خەباتگێڕ لەزیادی نیە، هەر لەو کاتەدا ئەوان نابێ بنەما و نێوەرۆکی داخوازی‌یەکانیان تەنیا بەپێی فاکتەرە لاوەکی‌یەکانی پێوەندیدار بە هەلومەرجەوە دیاری بکەن. هەلومەرج هەمیشە سروشتێکی کاتی و بگۆڕی هەیە، لەحاڵێکدا داخوازەکان (بەتایبەتی ئەگەر قسە لە مافی چارەنووسی گەلێک بێ)، سروشتێکی جەوهەری و سەربەخۆیان هەیە. مەبەست لێرەدا ئەوە نیە کە بۆ دیاریکردنی ستراتیژی ئەو دوو بناخەیە (بناخەی پێوەندیدار بە هەلومەرج و بناخەی زاتی) تەواو لێک بترازێنرێن یان یەکێکیان لەبەر ئەوەی دیکە پشت گوێ بخرێ. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر قەرار بێ ڕۆڵەکانی گەلێک بناخەیەک بۆ ویستە نەتەوایەتی‌یەکانیان بخەنە روو و کاری بۆ بکەن، ئەو بناخەیە پێش هەموو شتێک دەبێ بناخەیەکی دایمی و زاتی بێ.

پاساودانی دروشم و هەڵوێستەکان زۆرتر بەشێوەی زاتی، جیا لەوە کە شەرعییەتێکی پتەوتر بە ویستەکان دەبەخشێ، باشیی ئەوەشی هەیە کە بەم جۆرە ستراتیژی‌یە سیاسی‌یەکان بەپێی بەرنامەیەکی مونسەجیم لە درێژخایەندا دەبردرێنە پێش، هەڵگەڕانەوەی خراپی هەلومەرج نابێتە هۆی پاشگەزبوونەوە لە ویستەکانی پێشوو، تێکۆشەران ریسکی ئەوە ناکەن کە تۆمەتی هەلخوازی‌یان لێ بدرێ و لە ئاکامدا لە بنیاتنان و پاراستنی هاوپەیمانەتی‌یەکاندا، لەبەر ئەوەی سادقانە و دووربینانە حەز و روانگەکانیان خستۆتە روو، سەرکەوتووتر دەبن.

ئێستا ئەگەر ئەو قسانە لەسەر مەسەلەی دروشم گۆڕین لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پیادە بکەین بەچی دەگەین ؟ پێش هەموو شتێک با لەسەر

---

[61] ئاسۆی حەسەن زادە، "ئاسۆی ئاڵوگۆڕ لە دروشمی نەتەوایەتیدا"، وێب (دیمانە)، 6 ی ژووئەنی 2004.

ئەوە پێ دابگرین کە پەسند کرانی فیدرالیزم لەلایەن ئەو حیزبەوە بڕیارێکی بەجێ و مایەی خۆشحاڵییە. بەڵام بناخەی ئەو فیدرالیخوازی‌یەی حیزبی دێموکرات چیە یان وا باشە چی بێ؟

راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێزدە پاش وەبیرهێنانەوەی ئەو راستی‌یە کە ئەو حیزبە " نە قەت خودموختاری(ی) بە تاکە شێوەو گونجاوترین رێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە ئێراندا زانیوەو نە بەرامبەر بە ناسینو لەبەربوونی فیدراڵیزم بێگانە بووە"، لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە "ئەوەی تا ئێستاو لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی هەڵگرتنی دروشمێک یان گۆڕینی دروشمێکی هەڵگیراو، زیاتر کەشو هەوای سیاسیی نێونەتەوەیی‌و چۆنییەتیی سەیرکردنی مافی گەلان لەلایەن خودی گەلانی ئێرانەوەو باوبوونی رێگاچارەی ئەو جۆرە مەسەلانە لە بیروڕای گشتیی جیهانی‌دا"یە.

بەپشت بەستن بەو برگەیە لە راپۆرت و هەروەها ئەو ئیستدلالانەی لەپاش کۆنگرەوە لەلایەن حیزبەوە خراونەتە روو، بەو ئاکامە دەگەین کە دانانی دروشمی فیدرالی لە شوێن خودموختاری بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانانە بووە کە لە پارامێترە دەرەکی‌یەکانی خەباتی ئەو حیزبەدا هاتوونە پێش (هەلومەرجی تازەی نێونەتەوەیی و ناوچەیی، چوونە پێشی مەسەلەی نەتەوایەتی، ... هتد). کەوابوو ئەگەر هەتا دوێنێ ئەو حیزبە لەسەر بناخەی هەلومەرج داوای خودموختاریی دەکرد، ئەمڕۆش هەر لەسەر ئەو بناخەیەیە کە فیدرالیزمی لە جێ داناوە .

سەبارەت بەوە کە ئایا هەلومەرجی نوێ بەڕاستی ئەوەندە گۆڕاوە کە حیزبێکی پێشڕەو بێنێتە سەر گۆڕینی یەکێک لە گرنگترین پێناسەکانی خۆی کە دروشمی ستراتیژی‌یە، دەکرێ بیروبۆچوونی جۆربەجۆر هەبێ. بێشک لە دەهەی رابردوودا و بەتایبەتی لە مەودای نێوان کۆنگرەی دوازدە و کۆنگرەی سێزدەی حیزبدا، چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، چ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و چ بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێراندا، زۆر شتی نوێ هاتوونە کایەوە و گۆڕانکاریی مەلمووس رووی داوە. بەو حاڵەش، نابێ پێمان وابێ کە هەلومەرجێکی نێونەتەوەیی و ناوچەیی کە هیچ دوور نیە کاتی بێ یان هەرەشە و بەڵێنی‌یەکانی زلهێزێک دەتوانن بکرێنە بناخەی موتڵەقی دارشتنی ستراتیژی‌یەکی تازە. بێگومان و بەداخەوە خەباتی نەتەوایەتیی گەلانی دیکەی ئێرانیش هێشتا ماویەتی بگاتە ئاستی دڵخواز و پێویست .

بەلەبەرچاوگرتنی هەرچی ئێستا گووتمان و هەروەها بایەخێک کە بناخەی زاتیی سیاسەت و هەڵوێستەکان هەیەتی، دەبێ بڵێین لە راگەیاندنێکی بەربڵاو و بەردەوامدا کە حیزبی دێموکرات سەبارەت بە فیدرالیخوازی دەبێ وەڕێی بخا، پێوستە زۆرتر بنەمای زاتی زەق بکرێتەوە. بنەمای زاتی ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە تەنیا لەبەر ئەوەی بارودۆخ گۆڕاوە، دیفاع لە فیدرالی نەکەین، بەڵکوو زاتەن دیفاعی لێ بکەین: ئێمە فیدرالیزممان دەبێ بوێ لەبەر ئەوەی فیدرالیزم وەدیهێنەری ئەو مافانەیە کە گەلەکەمان دەتوانێ داوایان بکا، چونکە فیدرالیزم سیستمی گونجاوی حوکمڕانی لە ئێرانە و چونکە فیدرالیزم دەتوانێ ئامرازەکانی دێموکراتیزاسیۆن و گەشەکردن لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە بداتە دەست .

ویستی فیدرالیزم ویستێکی مەعقوولی سیاسی و حقووقیی پێشکەوتوویە کە بۆ گەلی کورد کە مافی یەکگرتنەوە بە خۆی رەوا دەبینێ، مەسەلەی سەربەخۆیی حەواڵەی نەسلەکانی داهاتوو یا ئەو پێرسپێکتیڤە دەکا کە رەنگە لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا کۆنفێدراسیۆنێکی گەلان یا هەر سیستمێکی دیکەی ئینتێگراسیۆن دابمەزرێ. لەلایەکی دیکەوە پارتێکی پێشڕەو (ئەگەر لە تاراوگەش بێ) دەتوانێ پشتیوانیی بەکردەوە لە هەر چەشنە دەسکەوتێکی راستەقینە بکا کە رەنگە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بۆ گەلەکەی برەخسێ (تەنانەت ئەگەر دەسکەوتەکان زۆر کەمتر لە دروشمە ستراتیژی‌یەکەش بن). کەوابوو هێنانە پێشی ئەو بناخە زاتی‌یەی پاساودانی دروشم لایەنێکی پێوەندیدار بە هەلومەرجیش لە خۆیدا جێ دەکاتەوە و مەترسیی ئەوەی لێ ناکرێ کە وتاری سیاسیی حیزب نامونسەجیم بکا، چونکە پێش هەموو شتێک قسە لە دیاریکردنی چارەنووس و مافە سیاسی و نەتەوایەتی‌یەکانی گەلێکە و پارتێکی پێشڕەو لایەنگری هەر هەنگاوێکە کە میللەتەکەی لە وەدیهاتنی ئامانجە جەوهەری‌یەکانی هەرچی نزیکتر بکاتەوە .

ئێستا با بە کورتی هەڵوێستەیەکیش لەسەر چلۆنایەتیی فیدرالیزمی داواکراو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بکەین.

دەستەواژەی "مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد" لەنێو فۆرموولی دروشمی فیدرالیی ئەو حیزبەدا بەشێوەی ناراستەوخۆ نەتەوەیی بوونی هەرێمی کوردستان دەسنیشان دەکا. ئەو مەسەلەیە هەروەها لە دەقی بەرنامەی تازەی حیزبدا ئیشارەی پێ کراوە، چونکە بۆ نموونە بەپێی بەندی 8 " هەرێمی کوردستان هەموو خاکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە". لەو بارەوە پێویستە بڵێین کە، هەروەک لە بەشی

یەکەمی ئەو باسەدا جەختمان لەسەر کرد، بۆ گەلێک کە لەو وڵاتەیدا لێی دەژی لە حاڵەتی کەمایەتیدایە، داوای ئەوە کە ببێتە خاوەنی هەرێمی نەتەوەیی خۆی بە تەنیا کافی نیە. چونکە وەک دیتمان تەنانەت ئەگەر گەلێک هەرێمێکی وەهاشی هەبێ، رەنگدانەوەی هاوکێشە دێمۆگرافی‌یەکان لە ئاستی ناوەندی و سەرتاسەریدا دەتوانێ ببێتە هۆی تەریک خستنەوە یان مەغدوور کردنی هەرێمی ئەو گەلە. هەربۆیە زۆر گرینگە کە کوردی ئێران هەر لە ئێستاوە لە فکری ئەوەدابێ کە بە دیفاع کردن لە چ چوارچێوەیەکی حقووقی دەتوانێ هاوکات داوای ستاتوویەکی پێشکەوتووی هەرێمی و کۆمەڵێک مێکانیزمی نیهادیی دەستەبەرکردن و شازکردن بکا کە کەمایەتی بوونی کورد لە ئێراندا قەرەبوو بکەنەوە.(بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم باسە).

بە لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکی پوخت و پێشکەوتووی ویستی خودموختاری بەو جۆرە کە حیزبی دێموکرات فۆرموولەی کردبوو، وردەکارە نیهادی و بەرنامەیی‌یەکانی پێوەندیدار بە فیدرالیزم لە پرۆگرامی تازەی ئەو حیزبەدا گۆڕانی زۆر بنەڕەتی‌یان بەسەردا نەهاتووە. بەڵام خودموختاری شتێکە و فیدرالیزم شتێکی دیکە، و ناتوانین بڵێین کە ئەو پرۆگرامە وڵامدەری پێویستی‌یەکانی ساغکردنەوەی فیدرالیی داواکراو بێ.[62] حیزبی دێموکرات، جیا لەوە کە دەبێ لە سیاسەت و راگەیاندن و هاوپەیمانەتی‌یەکانیدا بردنە پێشی مەسەلەی نەتەوایەتی و فیدرالیزم بکاتە ئەولەوییەتی کار و تێکۆشانی، هەر لەو کاتەدا پێویستە هەر لە ئێستاوە هەوڵێکی جیددی و کارناسانە و بەکۆمەڵ و بەربڵاو لە ئاستی تەحقیقی و ئاکادێمیکدا بۆ کاری زیاتر لەسەر فیدرالیزم و نەتەوایەتی بەگشتی و لەپێوەندی لەگەڵ واقعییاتی ئێران و کوردستاندا بەتایبەتی وەڕێ بخا .

بۆوێنە یەکێک لەو مەسەلە چارەنووسسازانەی دەتوانن سبەینێ بۆ ئێمە زۆر دژوار و پڕکێشە بن، چوارچێوەی جوغرافیایی هەرێمی کوردستان لە ئێرانە. بەندی 8 ی لەسەرەوە باسکراوی بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئیشارەی بە هێندێک پێوانەی گشتی بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی ئێران کردوە و لەو بارەوە دەڵێ :"چوارچێوەی جوغرافیایی هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی هۆیەکانی جوغرافیاییو ئابووریو ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر کام لە ناوچە کوردنشینەکان دیاری دەکرێ."

---

[62] پرۆگرامی هەموو پارتە کوردی‌یەکان کەمایەسیی لەم چەشنەی هەیە.

زۆر دەڤەری کوردستانی ئێران هەن (بەتایبەتی ئەوانە کە لەگەڵ ناوچە قەومییەکانی دیکەی ئێران دراوسێن) کە خەڵکی سەر بە قەومەکانی دیکەشیان لێ دەژین (بۆ نموونە نەغەدە). لەلایەکی دیکەوە لە کەس شاراوە نیە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان حکوومەتی مەرکەزی سیاسەتێکی هاوشێوەی "تەعریب" (بەلام زۆر بێ قرەتر) ی لە هێندێک مەڵبەندی گرینگ و ستراتژی (وەک لە ورمێ و کرماشان) گرتۆتەبەر.

لەو بارەوە و بەگشتی لەپێوەندی لەگەڵ ساغکردنەوەی سنووره نێوخۆییەکانی کوردستانی ئێراندا دەبێ بگووترێ کە بەلەبەرچاوگرتنی هەڵکەوت و ئاستی گەشەکردنی کوردستان، ڕەنگە قازانجی ئێمە کەمتر لە چەسپان بە هۆکارە جوغرافیایی و ئابووریەکان بێ و بناخەی ئەسڵیی ئەو ساغکردنەوەیە دەبێ لەپێشدا ڕاستیە مێژووییەکان و پاشان ویستی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بێ. ویستی دانیشتووانیش تەنیا کاتێک دەبێ بکرێتە محەک کە مێژووی دێموگرافیی قەومیی دەڤەرەکان ڕاست کرابێتەوە و ئاکامەکانی سیاسەتی لێکدانی قەومی یان هێندێک هەنگاوی رەگەزپەرەستانە لە بواری سیاسەتی ئیسکان و مڵکداریێتیی ئەموالی غەیری مەنقوول و دابەشکردنی پۆستە حکوومییەکان و هی دیکەدا سڕابنەوە.

## ئەنجام

فەیلەسووفی هولەندی، سپینۆزا (1632-1677) دەڵێ:"ئێمە کاتێک شتێکمان دەوێ لەبەر ئەوە نیە کە ئەو شتەمان پێ باشە، بەڵکوو شتێکمان پێ باشە چونکە ئەو شتەمان دەوێ".[63] ئەوانەش کە دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزم دەکەن زۆربەی جار لەبەر ئەوەیان نیە کە فیدرالیزمیان زاتەن پێ خراپ بێ، بەڵکوو ئیددیعا دەکەن کە فیدرالیزم خراپە چونکە فیدرالیزمیان ناوێ .

بەڵام ئێمە، وەک رۆڵەکانی میللەتێک کە بۆ ئازادیی خۆی خوێنی داوە و خەبات دەکا و لە هەمان کاتیشدا حازرە واریدی پرۆسە سیاسی‌یە بنیاتنەر و هەمەلاگیرەکان (چ لە ئاستی نێوخۆیی وڵاتەکەیدا و چ لە دەرەوەی سنوورەکاندا) بێ، دەتوانین تەنیا لەبەر ئەوە فیدرالیزممان پێ باش نەبێ کە دەمانەوێ. بەڵکوو بە وردی بە خۆمان و بە هاوپەیمان یان دژەبەرە سیاسی‌یەکانمان بسەلمێنین کە فیدرالیزم ئەوەندەی پۆتانسیەل و ئینعیتاف تێدا هەیە کە سەرجەم نوخبەکانی وڵات دەرەتان و ئامرازە پێویستەکانی خۆیانی لێ هەڵێنجن .

ئەوانەش کە ئامۆژگاریی ئێمە دەکەن کە نابێ لە داخوازی‌یە سیاسی‌یەکانماندا لانی زۆر داوا بکەین، با بزانن کە لانی زۆری داواکاریی سیاسی (کە مافی رەوای گەلەکەمانە) فیدرالیزم نیە.

---

[63] SPINOZA, Baruch de, *Ethique*, Livre III, Gallimard, Paris 1987, p. 425.

*...کەوابوو لەسەر یەک دەتوانین بڵێین کە لە قۆناغی ئێستادا کۆنسەنسووسێکی فرەوانی کوردی سەبارەت بە فیدرالیزمی نەتەوەیی زاڵە. بەو حاڵەش بەداخەوە وەزعییەتی فیدرالیخوازیی کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان زۆر لێک جیاوازە. ئەوەش لە راستیدا بەوە بەستراوەتەوە کە مەسەلەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا چەندە چۆتە پێش. بۆ نموونە لە حاڵێکدا کوردەکانی باشووری کوردستان بۆ کەیفییەتی فیدرالیزم و نێوەرۆکی دەوڵەمەند و دەستەبەری قایمی ستاتووی یەکجاریی خۆیان خەبات دەکەن، بەداخەوە لە ئێران هەروەک دیتمان کوردەکان هێشتا دەبێ لەگەڵ "تابووەکان" شەڕ بکەن. ئەمە جیا لەوە کە هەلومەرجە جیاوازە ژیئۆستراتیژییەکان و رێژەی پێکهاتەی قەومیی هەرکام لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە ئەوەندە لێک جیاوازن کە نە پێرسپێکتیڤی ئازادی و دێموکراتیزاسیۆن و نە شانسی بەشداریی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیی داهاتووی هەرکام لەو وڵاتانەدا وەک یەک نیە. لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی سەر رێگای ستراتیژیی کورد بۆ گەیشتن بە فیدرالییەکی دڵخواز، روونە کە فیدرالیخوازی وەک دروشێمکی سەرتاسەریی بزووتنەوەی کورد دەتوانێ زۆر ئاکامی باشی بەدواوە بێ. چونکە ئەوەڵەن بێشک ئەگەر هەموو یا زۆربەی رۆڵەکانی میللەتێک ستراتیژییەکی یەکگرتوویان هەبێ (جا فیدرالی بێ یا هەرچی)، ئەوە هەم یارمەتی بە سەرکەوتنی زیاتری سەرجەم مەسەلەکەیان دەکا و هەم دەتوانێ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان باشتر بکا. شتێک کە لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکاندا هەر ئەمڕۆ یەکەمین بەرهەمەکانی دەبینین. لەلایەکی دیکەوە، ئەو ستراتیژییە هاوبەشە دەرفەتی ئەوە بە کوردەکان دەدا (ئەگەر حازر بن پێکەوە کەڵکی لێ وەرگرن) کە بۆ سازکردنی پارادیپڵۆماسییەکی هاوبەشی نێونەتەوەیی کە لە قۆناغی ئەمڕۆدا تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتانی کوردنشین لەگەڵ بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد ئاشت بکاتەوە هەوڵ بدەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆرانەی دەکرێ سبەی رۆژ لە رۆژهەڵاتی نێوەراست لە بواری هەمگەرایی و دێموکراتیزاسیۆنیشدا روو بدەن، فیدرالیزم دەتوانێ مەوقعییەتێکی باشی حقووقی بداتە کوردەکان.*